
گولان
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی
ساڵی سی و یەکەم (١٤١٩)- (١)ی تەمموزی ٢٤
کابینەی نۆیەم
ئیرادە و خۆڕاگری

# هێنانەوەی ڕوفاتی پیرۆزی بارزانییەکان لە باشووری عێراق

١٢٠




هەر چەندە بانگهێشتنامەی ئەمەریکام بۆ هاتبوو، بەڵام لەو ماوەیەدا هەندێ بابەتی گرنگ هەبوون کە دەبووایە بەر لە سەردانەکەم جێبەجێ بکرێن, یەکێک لەوانە، هێنانەوەی ڕوفاتی پیرۆزی بارزانییەکان بوو لە باشووری عێراق. لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی محەمەد ئیحسان و ستافی هاورێی بکەم کە لە دۆزینەوە و دەرهێنان و هێنانەوەی ڕوفاتەکان زۆر هیلاک و ماندوو بوون. هەروەها سوپاسی پاراستن دەکەین کە هەوڵێکی زۆریان دا لە پێناو دۆزینەوەی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە شوێن و چۆنیەتیی ئەنفالکردن و ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە دەستنیشان کردن و دۆزینەوەی شوێنی ڕوفاتی ئەنفالکراوەکان. هەروەها سوپاسی دانیشتووانی پارێزگای موسەننا بەگشتی و بەتایبەتی خەڵکی بوسەیە[1] دەکەم بۆ هاوکاری و یارمەتییەکانیان، بەتایبەتیش تەوفیق (ئەبو عەلی) بەڕێوەبەری ناحیەی بوسەیە.

لە پرۆسەی گەڕان بە دوای ڕوفاتەکاندا، ڕوفاتی پێنج سەد و سێ کەس دۆزرانەوە و، ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ بە فرۆکەیەکی تایبەت گەیەندرانە فرۆکەخانەی هەولێر و، لەوێ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری جەماوەری کوردستان پێشوازیمان لە ڕوفاتە پیرۆزەکانیان کرد. بەڕاستی ڕۆژێکی خەمناک و پڕئازار بوو. ئەو خەڵکە بێتاوان بوون و زۆر بێویژدانانە ژیانیان لێ سەندرابوو و، لە بیابانەکانی باشووری عێراق بێکەس و بێپەنا بە دەستی ڕژێمی ستەمکاری بەعس شەهید ببوون. دەزگا پەیوەندیدارەکان ڕێوڕەسمێکی شیاویان بۆ ڕێک خستبوو، ڕوفاتی هەر شەهیدێک لە تابووتێک نرابوو و بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان پێچرابوون. تابووتی پیرۆزیان لە گۆڕەپانێکی فرۆکەخانە ریز کران، دواتر قوتابییانی سەرەتایی، گوڵیان لەسەر یەک بە یەکی تابووتەکان دانا.

مام جەلال و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆک و سکرتێری حزب و لایەنە کوردستانییەکان و جەماوەرێکی زۆر و نوێنەری ئەمەریکا و بەریتانیا لە ڕێوڕەسمی پێشوازیدا بوون و چەند وتارێکیش پێشکەش کران. ڕۆژی دواتر، ڕوفاتی پیرۆزی شەهیدە مەزڵوومەکان لە گۆڕستانێکی تایبەت لە دەڤەری بارزان بە خاک سپێردران. بەڕاستی ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی حەشر وا بوو. کەسوکاری شەهیدەکانیش هاتبوون. زۆر سەرسام بووم بە ڕەوشتی بەرزی خانەوادەی ئەنفالکراوەکان. لەو ڕۆژەدا کەس نە لە خۆی دەدا، نە فیغان و هاواریان دەکرد. زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ فرمێسکیان هەڵدەوەراند. ئەو ڕۆژە یەکێک بوو لە ڕۆژە خەمناکەکانی ژیانم. برینەکان سەر لە نوێ کولانەوە و، بیرەوەرییە تاڵەکان هاتنەوە یاد. لەو ڕێوڕەسمە خەمناکەدا وتارێکم پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

---

(١) ناحیەی بوسەیە کەوتووەتە بیابانەکانی باشووری عێراق و نزیك سنووری سعوودیا و ٢٤٠ کیلۆمەتر لە شاری موسەنناوە دوورە.

# چاپکراوی نوێ




(کۆمەڵێك بابەت لە بوارەکانی زانستی سیاسەت) لە نوسین و ئامادەکردنی (موحەمەد ڕەحمان ئەحمەد) و (ڕێکار و مەلا حەسەن) لە دووتوێی(١٩٢) لاپەڕەی قەبارە مامناوەندی چاپکراوە. ئەم کتێبە هەر وەك نوسەران لە بری پێشەکییەکەیدا ئاماژەی پێ دەکەن، زادەی هەوڵێکی دوو قۆڵییە، بۆ خوێندن و خۆ ئامادەکردن و تاقیکردنەوەی توانستی خوێندنی باڵا(دکتۆرا) لە بواری زانستە سیاسییەکاندا.

ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە سەربارەی ئەوەی هە ردوو قۆناغی بەکالۆریۆس و ماستەریان پێکەوە خوێندووە، بەڵام ئەم هەوڵە هاوبەشە ئەزموونێکی نوێی کاری دووانەیی بوو، سەرجەم ئەو بابەتانەی کە داواکراو و بڕیار لەسەر دراون بۆ تاقیکردنەوەی توانستی خوێندنی باڵا- دکتۆرا لە زانکۆی سوڵاحەدین- کۆلێژی زانستە سیاسییەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) بە زمانێکی سادە و کوردییەکی ڕەوان تۆمار کراوە.

لەم کتێبەدا فۆکس خراوەتە سەر چەندین بابەتی گرنگی فیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەیوەندیی نێودەوڵەتی، لەوانە: کتێبی(ناسنامە)ی فرانسیس فۆکۆیاما کە نووسەران بە تێروتەسەلی ڕۆشنایییان خستووتە سەر چەندین لایەن لەوانە سیاسەتی شکۆمەندی، لە شکۆمەندییەوە بۆ دیموکراسی، چیرۆکەکان و بنەماکانی بەنەتەوەبوون، ناسیۆنالیزم و ئایین، لە ناسنامەوە بۆ فرە ناسنامە.

کتێبی(سیستەمی سیاسی لە کۆمەڵگە گۆڕاوەکاندا)ی سامیوڵ هانتیگتۆن، کە پێنج بابەت لەخۆ دەگرێت، مۆدیلەکانی نوێبوونەوەی سیاسی، گۆڕانکاریی سیاسی لە سیستەمە نەریتییەکان، بە مۆدێرن بوون لە ڕێگای شۆڕشەوە، چاکسازی و گۆڕانی سیاسی، وەرچەرخان لە حوکمی سەربازییەوە بۆ حوکمی مەدەنی.

سێیەم کتێب(تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان) ی تیم دان و میایا گۆرکێ و ستیڤ سمیس، چەندین بوار لەخۆ دەگرێت، کتێبی چوارەم بریتییە لە کتێبی(سیستەمە سیاسی و دەستووری بەراوردکاری)ی حەسان محەمەد شەفیق ئەلعانی، کە پەل دەهاوێت بۆ سیستەمە سیاسییەکان و پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، شێوازەکانی هەڵبژاردن لە سیستەمە سیاسییەکان، ئایدیۆلۆژیا و دەستوورە نوێیەکان، گەشەسەندنی دامەزراوە سیاسییەکان لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، دوا کتێبیش(هەزری سیاسیی مۆدێرن و هاوچەرخی ڕۆژئاوا)ی عەبدولڕەزاق حسێن و عامر حسێن و عەلی عەباس، چەندین بابەت لەخۆدەگرێت لیبرالیزمی نوێ، قوتابخانەی فرانکفۆرت، مارکسیزمی نوێ، کۆتایی مێژوو-دوایین مرۆڤ، پێکدادانی شارستانییەکان - ی سامیوڵ هانگتیتۆن.

دەست خۆشی لە ئامادەکار و نوسەرانی ئەم کتێبە(کۆمەڵێك بابەت لە بوارەکانی زانستی سیاسەت) دەکەین بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

## چاپکراوی نوێ






ژمارە(٣) ی گۆڤاری (کوردستان بالعربي) لە دامەزراوەی (کوردستان کرۆنیکڵ) بە بەرگێکی قەشەنگ و ناوەڕۆکێکی ناوازە و لە دووتوێی (١٢٧) لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگدا بە زمانی عەرەبی کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە.

ئەم گۆڤارە دەستەی نووسەرانی بڵاوکەرەوەی بریتین لە بەڕێزان بۆتان تەحسین و مەریوان هەورامی، سەرنووسەرەکەیشی بەڕێز جان دۆست، سەرەتا بە بابەتێکی گرنگ دەستی پێکردووە، ئەویش لە بواری دیبلۆماسییەتدا، کردنەوەی کونسوڵخانەی وڵاتی قەتەر لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، کە بە ئامادەبوونی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و باڵیۆزی قەتەر و گەورە بەرپرسانی هەر دوو لا بەڕێوەچوو، کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت وێڕای دەستخۆشی لەم هەنگاوە جەختی لە بەشداریکردنی کۆمپانیا و بزنسکارانی قەتەر کردەوە لە هەرێمی کوردستان بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندیی بازرگانی و پیشەسازی نێوان هەرێم و وڵاتی قەتەر. هەروەها ئاماژەی بە پەیوەندییەکانی کورد- عەرەب بە گشتی کردەوە، بە تایبەتی کە ئەم پەیوەندییانە بۆ سەردەمی سەرکردە و ڕابەری کورد مستەفا بارزانی دەگەڕێتەوە کە ئەو کاتە، سەرەڕای ئەو هەموو ستەم و چەوساندنەوەی دەرحەق بە کورد و کوردستان دەکرا، بەڵام پەروشی بەتینکردنی برایەتیی کورد و عەرەب بووە.

یەکێک لەو بابەتانەی کە پەیوەندیی بە ژینگە و سەوزایی کوردستانەوە هەیە بریتییە لە چاندنی (١٠٠) ملیۆن دار بەڕوو لە هەولێر تا ساڵی ٢٠٢٣، ئەم هەنگاوەی ژینگە لە کارنامەی ڕێزدار مسرور بارزانیدا لە ساڵی ٢٠١٩ هات کە لە پەرلەمانی کوردستاندا پێشکەشی کرد، هەروەها بەشداریی بەڕێزیان لە ئەڵقەی گفتوگۆی کاریگەریی وشکەساڵی و گۆڕانگاریی کەشوهەوا بۆ سەر ڕەوشی سیاسی و ئابووری دیمۆگرافی کە لە مانگی ئایاری ئەم ساڵدا سازکرا.

هەر لەم ژمارەیەی گۆڤاری (کوردستان بالعربي)دا بابەتگەلی دیکە بڵاوکراونەتەوە، لەوانە: دەزگای خێرخوازیی بارزانی کە جەژنی خۆشەویسان دەکات بە دوو جەژن، زاخۆ بووکی کوردستان و منارەی پێشکەوتن و بووژانەوە، شانەدەر سەرنجی جیهان بۆ خۆی ڕادەکێشێت، بابانۆیل ڕەسەنی کوردی و کڵاوەکەی جەواهیری چارەسەری ژانەسەر دەکات، سێ ڕۆژ لە کوردستان، فیستیڤاڵی هونەر و ڕۆشنبیری لە بەرلین، هەروەها بابەتێکی زۆری ڕۆشنبیری و مێژوویی و هونەری و کۆمەڵایەتی هەر لەم گۆڤارەدا بەرچاو دەکەون. دەستخۆشی لە دامەزراوەی (کوردستان کرۆنیکڵ) و ستافی نووسین دەکەین، بە هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن.

چاپکراوی نوێ






ژمارە ١٥ی گۆڤاری (Kurdistan Chronicle- کوردستان کرونیکڵ) بە زمانی ئینگلیزی لە لایەن دامەزراوەی (کوردستان کرۆنیکڵ) بە بەرگێکی قەشەنگ و ناوەڕۆکێکی ناوازە و لە دووتوێی (١٢٤) لاپەرەی ڕەنگاورەنگدا کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە. دەستەی نووسەرانی بڵاوکەرەوەی ئەم گۆڤارە بریتین لە بەڕێزان بۆتان تەحسین و نەسرەدین هەورامی، سەرنووسەری گۆڤارەکەش بەڕێز نەهرۆ زاگرۆسە، لەم ژمارەیەدا چەندین بابەتی گرنگ و بایەخدار و پەیوەندیدار بە پرسەکانی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر و جیهاندا لە خۆدەگرێت، لەو بابەتانەش کە بڵاوکراونەتەوە: بەرەوپێشبردنی دیپلۆماسی لە ڕێی کەلتوورەوە، هەروەها ئایندەی پەیوەندییەکانی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای ئەوەی کە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی شاندێکی باڵا سەردانی ئەو وڵاتەی کرد، زیاتر جەخت لە پێشخستنی ئەم پەیوەندییانە کرایەوە، هەر لەم ژمارەیەدا بابەتێکی دیکە دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران ئەویش سەردانە مێژووییەکەی سەرۆکی تورکیایە بۆ هەرێمی کوردستان، هەر لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دیکەی گۆڤارەکە بابەتێك دەخوێنینەوە ئەویش بە هەمان شێوە پەیوەندییە تایبەتییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆریای باشوور، هاوکات پەیوەندیی نێوان هیندستان و هەرێمی کوردستانیش پشکێکی لە لاپەڕەکانی ئەم ژمارەیەدا هەیە، بەتایبەتی کاتێك باسی پێدانی چەندین دەرفەتی خوێندن لە هیندستان دەکات بە قوتابییەکانی هەرێمی کوردستان، لەم ژمارەیەی گۆڤاری (Kurdistan Chronicle- کوردستان کرونیکڵ) سەربارەی ئەو ناونیشانەی ئاماژەمان پێ کردن، چەندین بابەتی دیکەی جۆراوجۆر، وەك پرسی وزەی پاك، هەروەها بابەتی فیدراڵیزم و گەشەکردن لە عێراقدا بڵاوکراونەتەوە. دەستخۆشی لە دامەزراوەی (کوردستان کرۆنیکڵ) و ستافی نووسینی ئەم گۆڤارە دەکەین بۆ ئەم ماندووبوونەیان و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نوسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالّح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی سالّح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

***Web: www.gulanmedia.com***


## دکتۆر محەمەد شوکری :



**فرەچەشنکردنی ئابووری و جۆراوجۆرکردنی کەرتەکانی، بەتایبەت کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە وەبەرهێنانی کوردستاندا**

## سەروەر کەمال هاواری :



**گەورەترین دەستکەوت بۆ جووتیاران و بووژانەوەی کشتوکاڵ ساخکردنەوەی بەروبوومیان بوو**

## گۆهدار شێخۆ :



**ئەوەی لە ماوەی (٢٠ بۆ٥٠) ساڵی ڕابردوو بۆ زاخۆ نەکراوە، لە کابینەی نۆیەمدا لە ماوەی دوو ساڵدا لە ڕووی ئاوەدانییەوە بۆی ئەنجام دراوە**

## هەڵگورد شێخ نەجیب :



**کاروانی ئاوەدانی و ئارامی لە کابینەی نۆیەمدا سۆران دەبووژێنێتەوە و دەیکاتە دەڤەرێکی گەشتیاری و کشتوکاڵی و پیشەسازیی گرنگ لە ناوچەکەدا**

ئازاد توفیق :



**(٨٠٪)ی ئەو کار و پرۆژانەی داوامان کردوون لە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، بەرەو جێبەجێکردن و پراکتیزەکردن چوون**

ئاله گەنجە :

**لە ڕووی وەرزشەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبم بۆ ئەوە بگەمە ئامانجەکەم**





سەروین ئیسماعیل:

**بەهۆی کارەکەم توانیومە لەسەر پێی خۆم بوەستم بژێوی ژیانی خۆم و چەند ئافرەتی دیکەیشی پێ پەیدا دەکەین**

**ژیریی دەستکرد شوێنی مرۆڤ ناگرێتەوە**



**خۆراکی ڕووەکی ئەگەری شێرپەنجە کەم دەکاتەوە**



سیریل فەتاح:

**بە هۆی کێشەی داراییەوە تا ئێستا نەمتوانیوە تەواوی بەهرەکانی خۆم نیشان بدەم**





**پسپۆڕان تاوتوێی داهاتووی دەرچووانی زانکۆ وپەیمانگەکان دەکەن**

ئازاد توفیق پارێزگاری هەڵەبجە بۆ گوڵان:

# (٪٨٠)ی ئەو کار و پڕۆژانەی داوامان کردوون لە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، بەرەو جێبەجێکردن و پراکتیزەکردن چوون



## پارێزگای هەڵەبجە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ئەولەوییەتی پێدراوە

## لە ڕووی کشتوکاڵ و گەشتیارییەوە کاری باش لە پارێزگای هەڵەبجە ئەنجام دراوە

## بە تێچوونی ٣٠ ملیۆن دۆلار بەردی بناغەی سایلۆیەک لە هەڵەبجە دانرا

## هەناری هەڵەبجە و گوێزی هەورامان و زەیتی زەیتوون بوونەتە براندێکی جیهانی

## تەواوبوونی ڕێگای هەڵەبجە – سەیدسادق و کارکردن لە پردی تووەقووت و سازان گۆڕانکارییەکی گرنگی لە ڕێگاوبانەکانی پارێزگاکە لێ دەکەوێتەوە

پارێزگای هەڵەبجە لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کار و پڕۆژەی جۆراوجۆری بۆ ئەنجام دراوە، لە دوا سەردانیدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی بۆ ئەم پارێزگایە و کۆبوونەوەیان لەگەڵ پارێزگار و بەرپرسانی هەڵەبجە چەند داواکارییەکیان خستە بەردەم سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕاستەوخۆ ڕەزامەندی لەسەری درا. گۆڤاری گوڵان لە دیدارێکیدا لەگەڵ ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجە چەند پرسیاری سەبارەت بە کار و پڕۆژەکانی هەڵەبجە ئاراستەی پارێزگار کرد.

**کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو هەموو کابینەکانی دیکە جێپەنجەی لە ئەنجامدانی کار و پڕۆژە و خزمەتگوزارییەکان بۆ شار و شارۆچکە و سەرتاسەری هەرێمی کوردستان دیارە**

**بڕیارە جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی یەکشەممە کە دەکاتە (٢٠٢٤/٦/٣٠) سەردانی پارێزگای هەڵەبجە بکات و بەردی بناغەی سایلۆیەکە دابنێت کە گۆژمەی سایلۆیەکە زیاتر لە (٣٠) ملیۆن دۆلارە**

**ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەین بۆ فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتی و دامەزراوەکانی پارێزگای هەڵەبجە (٥٠٠)کوڕ و کچی هەڵەبجە دابمەزرێنین بۆ کەمکردنەوەی ئەو بۆشاییە میلاکییانەی هەیە**

**پارێزگای هەڵەبجە نوێیە بۆیە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەند وەرگیراوە و ئەولەوییەتی پێ دراوە**

*** دوای تێپەڕبوونی نزیکەی پێنج ساڵ بەسەر تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری هەڵەبجە، دەکرێت بزانین گرنگترینی ئەو پڕۆژە و کارانە چین کە لە ماوەی تەمەنی دەستبەکاربوونت لەم پارێزگایە ئەنجام دراون؟**

- دیارە وەکو پارێزگاری هەڵەبجە لە (٢٠١٨/١٠/٨) دەستبەکاربووم و تا ئێستا (٢٠٢٤/٦/٢٥) کە قسە بۆ گوڵانی بەڕێزتان دەکەم، کە دەکاتە ماوەی پێنج ساڵی تەواو، بێگومان کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو هەموو کابینەکانی دیکە جێپەنجەی لە ئەنجامدانی کار و پڕۆژە و خزمەتگوزارییەکان بۆ شار و شارۆچکە و سەرتاسەری هەرێمی کوردستان دیارە، بەپێی واقیعەکە هەر چەندە چەندین قەیرانیشی ڕووبەڕوو بووەتەوە. لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا یەکەم قەیران کە کاریگەریی گەورە و دیاری لەسەر هەموو هەرێمە هەبووە، ئەو کێشە و گرفتانە بووە کە لەگەڵ عێراقدا تووشمان بووە، بەتایبەتی کێشەی مووچە و بودجە کە هاوکات بوو لەگەڵ کێشەی کۆڕۆنا و لاوازیی جووڵەیی بازرگانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و مەرزەکان، هەموو ئەمانە کاریگەریی خۆیان هەبووە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەحەددایەکی زۆر باشی ئەو واقیعە سەپێندراوەی کردووە کە بەسەریدا هاتووە، بەتایبەتی بە هیممەتی بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و ئەنجومەنی وەزیران هەتاکو بەو یاسایانەی لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوونە تاوەکو دەسەڵاتی تەنفیزی و تەشریعی بە یەکەوە هەماهەنگ بن، تاوەکو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدرێت. ئەوانە هەموو جێگای تەقدیرن. لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا لە پارێزگای هەڵەبجە تونراوە سێ پڕۆژەی ستراتیژی جێبەجێ بکرێن، یەکەمیان: ڕێگای دووسایدی نێوان هەڵەبجە و سەید سادق کە نزیکەی (١٨٠) ملیۆن دۆلاری پێویست بوو، کە ڕێگایەکی خۆڵ و تەواونەکراو بوو، کە (٦٠٪)ی جێبەجێ کرابوو، ئێمە لە ماوەی یەک ساڵدا توانیمان تەواوی بکەین و بیکەینە (١٠٠٪)، بە تەواوبوونی ئەو ڕێگایەش ئێستا نێوان هەڵەبجە بۆ سلێمانی تەنیا (٤٠ بۆ ٤٥) خوولەکە و ئەم پڕۆژەی ڕێگایە کاریگەرییەکی زۆر ئیجابی لە هاتوچۆکردن بۆ شارەزوور و هەڵەبجە و هەورامان دروست کردووە. دووەم پڕۆژەمان: لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە پردێك هەیە پێی دەگوترێت (توەقووت) کە ئەمە ڕێگاوبانێکی گەورەی لەسەرە کە لە هەڵەبجەوە بە (٧)کیلۆمەتر دەگەیتە گوندی (میرەدێ) و لەوێشەوە (٢٠)کیلۆمەترە بۆ دەربەندیخان، واتە لە هەڵەبجەوە بە (٤٧) کلیۆمەتر دەگەیتە دەربەندیخان و لەوێشەوە بە گەرمیانەوە دەتوانیت بڕۆیت بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق، ئەم ڕێگایە بە تەواوبوونی پردی توەقووت دەبێتە ڕێگایەکی گرنگ و ستراتیژی بۆ جووڵە و هاتوچۆی بازرگانی بەتایبەتی لە نێوان هەڵەبجە و سلێمانی و عێراق، ئەم پڕۆژەیە (٣٣)ملیار دیناری ویستووە کە لە بواری جێبەجێکردنە و لە ماوەی دوو ساڵدا تەواو دەبێت. سێیەم پڕۆژە: پردێك لە سنوورەکە هەیە کە پێی دەگوترێت پردی سازان ئەمە وەکو بازاڕچەیەکە کە بکرێتەوە ئەو پڕۆژەیە بە هەوڵێکی زۆرمان لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان و شورای ئێرانی و پارێزگاری کرماشان و بە دوو سەردانی ئێمە بۆ ئێران و بە سێ سەردانی پارێزگاری کرماشان بۆ لای ئێمە یاداشتێکی لێکتێگەیشتن نووسرا، لە ئەنجامدا گەیشتینە ئەوەی کە ئەو پردە وەکو پڕۆژەیەکی پێویست و گرنگ جێبەجێ بکرێت، ئەمەش یەکێکە لەو هەوڵ و هیممەتانەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە پاڵ ئەو سێ پڕۆژە ستراتیژییانە ئێستا ئێمە خەریکی دروستکردنی دوو هۆڵین بۆ یادی ١٦ی مانگی سێ کە یاد و بۆنە تراژیدیا و جەرگبڕییەکەی گەلی کورد و نەتەوەکەمانە و لە بۆنە و یاد و مەراسیمە نەتەوەییەکان و نیشتمانییەکانیش سوودی لێوەردەگرین. هەروەها پڕۆژەی دروستکردنی سایلۆیەکمان هەیە کە بڕیارە جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی یەکشەممە کە دەکاتە (٢٠٢٤/٦/٣٠) سەردانی پارێزگای هەڵەبجە بکات و بەردی بناغەی سایلۆیەکە

دابنێت کە گۆژمەی سایلۆیەکە زیاتر لە (٣٠) ملیۆن دۆلارە و ئەمە سوودێکی زۆری بۆ ناوچەکە هەیە، چونکە پارێزگای هەڵەبجە خاوەن ڕووبەرێکی زۆری داچاندنی گەنمە، بەمەش جووتیاران ئاسانکاری و هاندانێکی باشیان بۆ دەستەبەر دەبێت، بەتایبەتی لە وەرگرتن و ساغکردنەوەی بەرهەمی گەنمەکەیان، هەروەها باڵەخانەیەکی گەورە دروست دەکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەڵەبجە، هاوکات چەندین پڕۆژەی دیکە لە سێکتەری جیا جیا کاری لەسەر دەکرێت و لە بەرنامەماندایە، سەرباری قیرتاوکردنی چەندین کوچە و کۆڵان و گەڕەکەکان و کردنەوە و دروستکردنی چوار شوێن بۆ وەزارەتی بازرگانی بە گۆژمەیەکی تایبەت و دروستکردنی باڵەخانەیەك بۆ بەڕێوەبەرایەتیی وەبەرهێنانی هەڵەبجە و ژینگە و چەندین دامەزراوەی دیکە دروست بکرێت. لەلایەکی دیکەوە ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەین بۆ فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتی و دامەزراوەکانی پارێزگای هەڵەبجە (٥٠٠)کوڕ و کچی هەڵەبجە دابمەزرێنین بۆ کەمکردنەوەی ئەو بۆشاییە میلاکییانەی هەیە، ئەو کوڕو کچانەی شارەکەمان خاوەنی بڕوانامەی ماستەر و بەکالۆریوس و پەیمانەگە و شەشی ئامادەیین، ئەمەش پڕۆژەیەکی زۆر گرنگە بۆ شارەکەمان کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسە ئازیزانەمان بتوانن مومارەسەی بڕوانامەکانی خۆیان بکەن.

*** ئایا چۆن توانیوتانە بەسەر ئالنگارییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پڕۆژە و کارەکانتان سەر بکەون؟**

- دەتوانین بۆ چەند هۆکارێکی بگەڕێنینەوە، لەوانە یەکەم: پارێزگای هەڵەبجە نوێیە بۆیە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەند وەرگیراوە و ئەولەوییەتی پێ دراوە، هەر بۆیە لە دەرەوەی ئەو پێنج سەد کەسەی دادەمەزرێت نزیکەی پێنج سەد کەسی دیکەش بە موتەفەریقە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵ و شەهیدان و دەزگای وەبەرهێنان و شارەوانی و کاروباری کۆمەڵایەتی و ژینگە و تەندروستی دامەزرێنراون و ئەمە حکومەتی هەرێم کردوویەتی، چونکە هەڵەبجە پارێزگایەکی تازەیە. دووەم : وەکو لە هەموو لا دیار و ڕوونە کە هەڵەبجە یەکەم پشتی بە کەرتی کشتوکاڵی بەستووە و پێی بەناوبانگە و دووەم بە گەشتوگوزاری کە ئەم دوو کەرتەش پێویستیان بە ئاو هەیە، بەتایبەتی کشتوکاڵ و لە ماوەی ڕابردوو دوو ساڵ لەسەر یەکتر وشکەساڵی بوو، کاریگەریی کۆڕۆناش لەسەر هەر دوو کەرت هەبووە، بەڵام بە هیممەتی بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکان و کارمەندانی و خەڵکی پارێزگای هەڵەبجە دەست لەناو دەست توانیومانە بەرەنگاری کێشە و گرفتەکان ببینەوە و سەرکەوتوو بین. ئێمە ناڵێین دارەکەی موسامان پێیە و دەتوانین ڕووباری نیل شەق بکەین، بەڵام توانراوە کاری باش بۆ ناوچەکە لەم ڕووی کشتوکاڵ و گەشتیاری بکەین و گرفتەکان کەم بکەینەوە، یان بەسەریدا زاڵ بین، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ڕێگای فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکانەوە پاڵپشتی و هاوکاریی باش و بەپێی ئیمکانیاتیان کردووین، ئەمەش هاندەرێکی دیکەیە بۆیە توانیومانە تا ئاستێکی باش بەسەر ئالنگارییەکانی بەردەم کارەکانمان سەرکەوتوو بین.

*** لەبواری گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری بۆ بەدیهێنانی فرەچەشنیی ئابووری چیتان کردووە؟**

- لە کەرتی کشتوکاڵ لە پارێزگای هەڵەبجە براندێکمان هەیە «هەنارە» کە ساڵانە بە هەزاران تەن بەرهەم دەهێنرێت. براندێکی دیکە هەیە کە گوێزە لە دەڤەری هەورەمانەوە بەرهەم دەهێنرێت، ئەم بەرهەم و براندانە دەبێت لە چوارچێوەی پلانێك کاری لەسەر بکرێت و، بە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی هەڵەبجە بە پلەی یەکەم، یان بە پارێزگاری هەڵەبجە ناکرێت، دەبێت گرنگیی زیاتر بە کەرتی کشتوکاڵ بەگشتی و براندەکان بەتایبەتی بدەین. دەبێت وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی تایبەتیان بۆ هەبێت و بۆ ناردنە دەرەوەی براندەکان و گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵ پەیوەندی نێودەوڵەتی بۆ دروست بکات و بازاڕ و مارکیتێنگی بۆ بکات. واتە ئەوە حکومەتی هەرێمە دەتوانێت بڵێت لە پلان و بەرنامەماندایە ئەو ساڵ ئەوەندە تەن براندەکان

**ئێمە ناڵێین دارەکەی موسامان پێیە و دەتوانین ڕووباری نیل شەق بکەین، بەڵام توانراوە کاری باش بۆ ناوچەکە لە ڕووی کشتوکاڵ و گەشتیاری بکەین و گرفتەکان کەم بکەینەوە، یان بەسەریدا زاڵ بین**

**لە کەرتی کشتوکاڵ لە پارێزگای هەڵەبجە براندێکمان هەیە «هەنارە» کە ساڵانە بە هەزاران تەن بەرهەم دەهێنرێت**

**لە هەڵەبجە کارگەیەکی بەرهەمهێنانی زەیتی زەیتوون هەیە و، لە سەردانێکیشم بۆ ئەڵمانیا بەرهەمی زەیتی زیتوونی هەڵەبجەم لە دووکان و بازاڕەکانی ئەڵمانیا بینیوە**

**لە هەڵەبجە کۆمەڵگەیەکی گشتیی خۆراکمان هەیە. ئەم بازاڕ و کۆمەڵگەیە کاریگەریی زۆر و باشی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ هەیە**



**شوێنە گەشتیارییەکان بەو شێوەیەن کە سەردانیکار و گەشتیار دەتوانن تێیدا بحەوێنەوە و بمێننەوە**

بۆ دەرەوە ڕەوانە بکەین. دەتوانم بڵێم حکومەتی هەرێم لە ڕێگای وەزارەتی کشتوکاڵەوە کەمتەرخەم نەبووە بەرانبەر کار و پڕۆژەکانی پارێزگای هەڵەبجە، بەڵکو پلان و پشتگیری و کاری باش و گرنگیان بۆ هاندانی جووتیار و بەرەوپێشەوەبردنی کەرتی کشتوکاڵ ئەنجام داوە. لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە زەمینەسازی بۆ زیادکردن و باشترکردنی بەرهەمە کستوکاڵییەکان هەیە، هەر لە بەرهەمی جۆ و گەنم و هەنار و گوێز و میوەکانی دیکە، هەمووی گونجاون و جووتیاری بەتوانا و بەرهمهێنەری باشمان هەیە. ئێستا لە هەڵەبجە کارگەیەکی بەرهەمهێنانی زەیتی زەیتوون هەیە و، لە سەردانێکیشم بۆ ئەڵمانیا بەرهەمی زەیتی زیتوونی هەڵەبجەم لە دووکان و بازاڕەکانی ئەڵمانیا بینیوە. بۆ بەرەوپێشبردنیشی دەبێت حکومەتی هەرێم بە پلەی یەکەم لە ڕێگای وەزارەتی کشتوکاڵەوە پلان و بەرنامەی بۆ دابنێت. هەروەها لە هەڵەبجە کۆمەڵگەیەکی گشتیی خۆراکمان هەیە. ئەم بازاڕ و کۆمەڵگەیە کاریگەریی زۆر و باشی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ هەیە. هاوکات پڕۆژەیەکی بەرهەمهێنانی هێلکەی خواردنمان هەیە کە بە هەزاران تەبەقە بەرهەم دەهێنێت و بەشی ناوخۆ دەکات و زیادیشی دەبێت و ڕەوانەی شار و شوێنەکانی دیکەی وەکو سلێمانی و هەولێر دەکرێت. لە کەرتی گەشتیاری کار و پڕۆژەی باش ئەنجام دراون و شوێنە گەشتیارییەکان بەو شێوەیەن کە سەردانیکار و گەشتیار دەتوانن تێیدا بحەوێنەوە و بمێننەوە. هەر بۆیە لەو چەند ڕۆژەی



جەژنی قوربان بەپێی ئەو داتا و زانیارییانەی بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزار دەستی کەوتووە، نزیکەی (٤٠) هەزار کەس لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق و لە هەولێر و سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستان وەکو گەشتیار و سەردانیکار هاتوونەتە سنووری پارێزگای هەڵەبجە، چونکە لە سنووری هەڵەبجە چەند جۆر گەشتیاری هەیە، لەوانە گەشتیاری بۆ کەشوهەوایەکی فێنك و سازگار و هەمانە دێن بۆ خورماڵ کە ئاوێکی هەیە کبریتی تێدایە بۆ چارەسەری نەخۆشی و گەشتیاری لە هەڵەبجە هەیە بۆ دیتنی مۆنێمێنتی هەڵەبجە و کاریگەری ئەو کارەساتە جینۆسایدە، هەروەها گەشتیاری ئایینی هەیە بۆ دیتنی حوجرە و خانەقا و مەدرەسە ئایینییەکانی تەوێڵە و بیارە.

*** لە دوا سەردانی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ پارێزگای هەڵەبجە چەندین بەڵێنیان پێدان. تا چەند ئەو پرۆژە و کارانەی بەڵێنتان پێ دراوە کەوتووەتە بواری پراکتیکییەوە؟**

- لە سەردانەکەی بەڕێزیان بۆ شاری هەڵەبجە ئێمە نۆ خاڵمان خستە بەردەمی بەڕێزان سەرۆکی حکومەت و جێگیری سەرۆکی حکومەت و وەزیری ئاوەدانکردنەوە و کشتوکاڵ و وەزیری ناوخۆ و سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان. هەندێك لەو خاڵانەی کە پرۆژەن کە هەندێکیان زۆر پێویستن بۆ ناوچەکە و دەبێت دەمودەست جێبەجێ بکرێن. هەموو پرۆژەکانیش پێویستی بەوەیە بودجەیان بۆ دیاری بکرێت و لە پاشان بخرێنە بواری

**لەو چەند ڕۆژەی جەژنی قوربان نزیکەی (٤٠) هەزار کەس لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق و شارەکانی کوردستان وەکو گەشتیار و سەردانیکار هاتوونەتە سنووری پارێزگای هەڵەبجە**



**هەموو تاکی کورد ڕێگای ناکەوێتە کۆمیتە و لق و مەکۆی حزب، بەڵام هەموومان پێویستمان بە قوتابخانە و هەموو دامەزراوەکانی حکومەت هەیە**

جێبەجێکردنەوە کە یەکێك لە خاڵەکان داوامان کرد، کە ٥٠٠ کەسمان بۆ دامەزرێنن، ئەمەش کۆمەڵێك کار و مامەڵەی پێویستە، هەر لە سیڤیی داواکار بۆ دامەزراندنی تاوەکو دەگاتە خاڵبەندی و هەموو ئەمانەش ماوەیەکی پێویستە ئینجا تەواو دەبێت. بابەتێکی دیکەی گرنگ بە قەزابوونی خورماڵ بوو، بۆ ئەم قەزایە هەندێ کار و پرۆژە داوای تەمویلی دارایی کراوە، هەموو ئەو کار و بڕیارو پڕۆژانە کاتی دەوێت تاوەکو کارەکانیان تەواو دەبێت، لە پاشان ڕێڕەو و چوارچێوەی خۆیان وەردەگرن و دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە. بۆیە دەکرێت بڵێین لەو کار و پڕۆژانەی کە داوامان کردووە و بەڵێنیان پێ داوین (٨٠٪) زیاتری بەرەو جێبەجێکردن و پراکتیزەکردن چووە.

*** بابەتی حوكمڕانی و جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان و باشترکردنی دۆخی هاووڵاتیان بابەتێکی ئاسان نییە و پێویستی بە پاڵپشتیی هەمووان هەیە، بەتایبەتی حزبە سیاسییەکان لەو بارەیەوە ڕاتان چییە؟**

- کورد لە شۆڕش سەدان ئەزموونی هەیە. ئەگەر کورد ئێستا لێی بقەومێت، ئەوە مەفرەزە دروست دەکاتەوە و دەچێتە شاخ و خۆی پڕ چەك دەکات بەرانبەر دوژمن و داگیرکەر دەوستێت، بەڵام بەڕێوەبردنی قوتابخانەیەکی شەش پۆلی سەرەتایی عەقڵییەتێکی باشی ئیدارە و هاوکاری و پێداویستیی لۆجستیکی دەوێت، بۆ ئەو کارانەش تەنیا حکومەت نییە، ئەوە پاڵپشتیی ئۆپۆزیسیۆنیشی پێویستە، چونکە قوتابخانە قازانجی بۆ هەموو لایەکە. واتە هەموو تاکی کورد ڕێگای




ناکەوێتە کۆمیتە و لق و مەکۆی حزب، بەڵام هەموومان پێویستمان بە قوتابخانە و هەموو دامەزراوەکانی حکومەت هەیە. هەموومان وەکو تاك کار و مامەڵە و ڕێگامان پێیان دەکەوێت و پێویستیمان پێیان هەیە. بۆ نموونە هەموومان ئیشمان لە شارەوانی هەیە و ئەو دامەزراوە گرنگ و پێویستە هی هەموو کوردە و هی هیچ حزب و لایەنێك نییە، تەندروستی بۆ هەموو گەلی کوردە، هەر بۆیە ئۆپۆزیسیۆن بۆ چاککردنی کێشە و گرفت و کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتە، نەك بۆ دوژمنایەتی و ڕووخاندن، هەر بۆیە هەموو تاکێك و حزب و لایەنێکی سیاسی پێویستە بگەنە ئەو هەنگاو باوەڕ و هۆشیارییەوە کە حکومەت هی هەموو لایەکە و ئۆپۆزیسیۆن بۆ ڕووخاندنی حکومەت نییە، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفت و چاککردنی کەموکوڕییەکانی دەسەڵات و حکومەتەکەیە.

**ئۆپۆزیسیۆن بۆ چاککردنی کێشە و گرفت و کەموکووڕییەکانی دەسەڵاتە، نەک بۆ دوژمنایەتی و ڕووخاندن**

*** پلان و بەرنامەی ئایندەی حکومەت لەم پارێزگایە چییە؟**

- ئەگەر تا دەگاتە (٢٠٢٤/٩/٢٥) ئەو نۆ خاڵەی بڕیاری لەسەر دراوە بەپێی ماوە و دەستکەوتنی بودجەوە جێبەجێ بکرێن، ئەوە دەتوانین بڵێین ئێمە لە (٢٠٢٤/١٠/١) ئاوەدانی لە بواری کشتوکاڵ و گەشتیاری و بەرەوپێشەوەیی ئابووری و...تاد لە پارێزگاکەمان دەبینین. تەئکید دەکەمەوە پلان و داواکاریی ئێمە جێبەجێکردنی ئەو نۆ خاڵەیە کە لە ٢/٢ی ئەمساڵ (٢٠٢٤) پێشکەش بە سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و شاندە باڵاکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان کرد، کە سەردانی پارێزگای هەڵەبجەیان کرد.

## گۆهدار شێخۆ
سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ بۆ گوڵان:

# ئەوەی لە ماوەی (٢٠ بۆ٥٠) ساڵی ڕابردوو بۆ زاخۆ نەکراوە، لە کابینەی نۆیەمدا لە ماوەی دوو ساڵدا لە ڕووی ئاوەدانییەوە بۆی ئەنجام دراوە



# به بڕیار و پاڵپشتی و چاودێریی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان زاخۆ بووەتە ئەو شارە نموونەیە ئاودان و هاوچەرخەی کە دەیبینین

**بۆ ئەوەی بزانین لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان، چ کار و پرۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژی بۆ ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ ئەنجام دراوە، چۆن توانراوە تێپەڕن بە سەر ئەو بەربەست و تەحەددییانەی هاتووتە پێش ئەنجامدانی کار و پرۆژەکان لە زاخۆ و پلانی داهاتوویان بۆ ئەو ئیدارە سەربەخۆیە چییە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ گۆهدار شێخۆ سەرپەرشتیاری ئیدارەیی سەربەخۆی زاخۆ ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** دوای تێپەڕبوونی نزیکەی پێنج ساڵ بە سەر تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەرگرتنی پۆستی سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ، دەکرێت بزانین گرنگترینی ئەو پرۆژە و کارانە چین کە لە ماوەی تەمەنی کابینەی نۆیەم و دەستبەکاربوونتان لە زاخۆ ئەنجام دراون؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار مسرور بارزانی خۆی لە خۆیدا کابینەیەکی پڕ بوو لە خزمەتگوزاری بۆ هەموو کوردستان، لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆش شۆڕشی ئاوەدانکردنەوە دەستی پێکرد، کە پێداگریی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو پرۆژە و خزمەتگوزارییانە بوو، کە بە ژیانی خەڵکەوە گرێ دراون، بەتایبەتی وەکو (ئاو و کارەبا و ڕێگاوبان و تەندروستی و پەروەردە)، لە لایەکی دیکەوە بڕیاردانی بە ئیدارەبوونی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ وای کرد، خێراکردنی کار و ڕاپەڕاندنی مامەڵەی هاووڵاتیان هەموو ئاسانکارییەکی بۆ بکرێت، ئەمەش خاڵێکی گرنگ و وەچەرخان بوو لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆدا. لە یەکەم سەردانی جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە کابینەی نۆیەمدا بۆ زاخۆ بوو، بە گوژمەی(٥٠) ملیار دیناری بۆ چەند پرۆژەی وەکو کارەبا و شەقام و ئاوڕێژ و ئاو تەرخان کرد، هەروەها دوای ئەوەی کە زاخۆ بوو بە ئیدارەی سەربەخۆ کە ئێستا ماوەی دوو ساڵ و نیوە بە بڕی زیاتر لە (٢٠٠) ملیار دینار پرۆژەی جۆراوجۆر لە زاخۆ جێبەجێ کراون، ئەو پرۆژانەش هەمووی ئەو پرۆژانە بوون کە لە خزمەتی هاووڵاتیاندایە لەو کار و پرۆژانەش لێرەدا نموونەیەك دەخەینەڕوو کە شاری زاخۆ کۆڵانەکانی بە ڕێژەی (٦٥٪) قیرتاو نەکرابوو، واتە تەنیا (٣٥٪)ی شارەکە قیرتاو بوو، بەڵام لەدوای دەستبەکاربوونمان لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ ئەوە ئێستا شاری زاخۆ زیاتر لە(٨٠٪)ی قیرتاوە و کەمتر لە (١٩٪)ی ماوە قیرتاو بکرێت، ئەمە شۆڕشێك بوو لە بواری ئاوەدانکردنەوە و قیرتاوکردنی شەقام و کۆچە و کۆڵانەکانی شارەکەدا، ئەو

**لە یەکەم سەردانی جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە کابینەی نۆیەمدا بۆ زاخۆ بوو، بە گوژمەی(٥٠) ملیار دیناری بۆ چەند پرۆژەی وەکو کارەبا و شەقام و ئاوڕێژ و ئاو تەرخان کرد**

**ماوەی دوو ساڵ و نیوە بە بڕی زیاتر لە (٢٠٠) ملیار دینار پڕۆژەی جۆراوجۆر لە زاخۆ جێبەجێ کراون**

**بڕیارواییە (٦٠) قوتابخانەیە نۆژەن بکرێنەوە و (١٢) قوتابخانەی تازەش دروست بکرێت**

بەشە کەمەشی ماوە کە قیرتاو نەکراوە، لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەبێت بەردەوامی بەو کار و پڕۆژەیە بدرێت و هەموو شاری زاخۆ کوچە و کۆڵانەکانی قیرتاویان بۆ بکرێت. لەو کارو پڕۆژانەش زیاتر تا ئێستا لەو گوژمەیەدا توانراوە ژمارەیەکی زۆر قوتابخانە کە ژمارەیان (٦٠) قوتابخانەیە نۆژەن بکرێنەوە و (١٢) قوتابخانەی تازەش دروست بکرێت. لە کەرتی تەندروستیدا سێ بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانەی قەزای باتیڤا و نەخۆشخانەی منداڵان لە زاخۆ دروست کراون، لەگەڵ دابینکردنی پێداویستیی پزیشکی کە زیاتر لە (١٠) ملیار دینار بۆ کەلوپەل و ئامێرە پزیشکییەکانی هەموو سنووری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ تەرخان کراوە، هاوکات لە بواری گەشتوگوزار وەکو هەموو لایەکمان دەزانین، شۆڕشێك لەو کەرتە دەستی پێ کراوە لە ناوەندی شاری زاخۆ و لە دەرەوەی شارەکەش، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە گونجاو و هەڵکەوتەی گەشتیارییان هەیە لە سنووری قەزای زاخۆ و باتیڤا. ئەو کار و پڕۆژانە لە کەرتی گەشتیاری بۆ دوو مەبەستی سەرەکییە، یەکێکیان بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنج و هاووڵاتییانی سنوورەکەیە، دووەم هۆکار و پاڵنەر بۆ بەدەستکەوتنی سەرچاوەیەکی دیکەی ئابوورییە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو کار و پڕۆژانەی کەرتی گەشتیارییش پشتبەستن بوو بەو خاڵ و گرنگیدانە کە لە کارنامەی کابینەی نۆیەمدا ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی کابینەکە خستیەڕوو و جەختی زۆریشی لەسەر کردووەتەوە. خاڵێکی دیکە کە هەر لە کارنامەی کابینەی نۆیەمدا گرنگی پێ دراوە، کەرتی کشتوکاڵییە کە لەم بوارەشدا چەندین پڕۆژە لە ژێر جێبەجێکردندان و لەو بوارەدا چەندین کۆمپانیای بیانی وەکو کۆمپانیایەکی ئیماراتی لەو کەرتەدا ئێستا لە سنووری زاخۆ پڕۆژەی لە ژێر جێبەجێکردندایە، لە ئەمساڵدا ئەو کۆمپانیا ئیماراتییە توانیویەتی بەرهەمی باش بەرهەم بێنێت، ئومێد هەیە لە داهاتووی نزیکدا بەرهەمەکانیان بۆ دەرەوەی کوردستانیش ڕەوانە بکەن. لەلایەکی دیکەوە زاخۆ ناوچەیەکی سنووری و ستراتیژییە، بۆیە لە بواری بازرگانییش گرنگیی زۆری پێدراوە، ئەمەش وای کردووە بەرەوپێشەوەچوونێکی گەورە و جووڵەیەکی زۆری بازرگانی لە سنووری زاخۆ هەبێت. هەروەها لە بواری پیشەسازییەوە پڕۆژەی گەورە و ستراتیژی کاری تێدا دەکرێت، بۆ ئەو مەبەستە سەرۆکی حکومەتی کوردستان ڕەزامەندی دەربڕی بۆ تەرخانکردنی (٨٠٠) دۆنم زەوی بۆ ناوچەی پیشەسازی لە زاخۆ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پڕۆژەیەکی گەورە و ستراتیژییە و دەتوانێت خزمەتی دەڤەرەکە و هەموو هەرێمی کوردستان بکات، لە ڕێگای ئەو پڕۆژە پیشەسازییە گەورەیەوە سەدان گەنجی خۆمان تێیدا هەلی کاریان دەست دەکەوێت، بە شێوەیەکی گشتی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ لەم کابینەیەدا بەتایبەتی لە ماوەی ئەو دوو ساڵ و نیوەیی وەکو ئیداری سەربەخۆ کارو پڕۆژەی بۆ کراوە، بووەتە جێگای تێڕامانی هەموو خەڵك و هاووڵاتیانی سنوورەکە و هەموو کوردستان و میدیا و میدیاکاران، کە لە هەموو کەرت و کارەکاندا پێشکەوتنی زۆر و جوانی بە خۆیەوە دیتووە. هەموو ئەو ئاوەدانی و پێشکەوتن و کار و پڕۆژەکانی سنووری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ لەسەر ڕاسپاردە و لەژێر چاودێریی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، تاوەکو زیاتر گرنگی بە ناوچەکە بدرێت و تا ئەوپەڕی باشی و پێویست گرنگی بە هاووڵاتیان و ژیان و گوزەرانیان بدرێت. هەروەها لەسەر پڕۆژەکانی ئایندەش بۆ ئەو شار و سنوورە لەلایەن سەرۆکی حکومەتی کوردستان بڕیار و پلانی تۆکمە و پڕ لە ئاوەدانی دانراون. بڕیارە ئەمساڵ بودجەیان بۆ دابنرێت، بەتایبەتی جێبەجێکردنی شەقامی (٦٠)مەتریی زاخۆ و دروستکردنی بەنداوی زاخۆ و پڕۆژەی ئاوڕێژیی زاخۆ کە هەر سێ پڕۆژەکە ستراتیژین و لە لایەن جەنابی سەرۆکی حکومەتەوە ڕەزامەندییان لەسەر دراوە و، گوژمەی پڕۆژەی شەقامی(٦٠) مەتری و ئاوڕێژەکە لە نێوان (١٢٠ بۆ ١٥٠) ملیار دینارە و پڕۆژەی بەنداوی گەورەی زاخۆش لە ئێستادا دیزاینی بۆ کراوە و ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، بۆ تەرخانکردنی بودجەکەی. لەلایەکی دیکەوە بە هۆی ئەو گرنگیدانەی لەلایەن

جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستانەوە بە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ، ئەوە ئەمرۆ دەبینین زاخۆ چووەتە قۆناغ و ئاستێك و بووەتە نموونەی پێشکەوتن و ئاوەدانی لە هەرێمی کوردستان کە هەموو خەڵکی کوردستان شانازی پێوە دەکەن.

*** چۆن توانیوتانە بەسەر ئالنگاری و تەحەددییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پرۆژە و کارەکانتان سەر بکەون؟**

- ئێمە لێرە سیاسەتێکمان پەیڕەو کردووە، ئەویش نەهێشتنی ڕۆتین و خێراکردنی کار و مامەڵەی هاووڵاتیانە و خێراکردنی جێبەجێکردنی کار و پرۆژەکانە، بۆیە لێرەدا پێویستە سوپاس و پێزانین بگەیەنینە هەموو فەرمانبەرانی فەرمانگە و ئیدارەی زاخۆ و ئەو کۆمپانییانەش کە کار و پرۆژەکانیان جێبەجێ دەکرد، چونکە ئەو پەڕی دڵسۆزی و هەوڵ و کۆششی بەردەوامیان هەبوو، شەو و ڕۆژیان خستە سەر یەك بۆ ڕاپەڕاندنی کار و پرۆژەکان. هاوکات هەموو لایەکمان لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ وەکو تیمێك دەست لەناو دەست کارمان کردووە، چونکە ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی ڕاگەیاندین کە دەبێت بە دروستی و بەبێ کەموکووڕی و لەکاتی خۆیدا کارەکان ڕاپەڕێنن و درێغی تێدا نەکرێت، هەر بۆیە لەم دوو ساڵ و نیوەدا من دەتوانم بڵێم دەبێت وەکو موعجیزەیەك تەماشای بکەین، لەبەر ئەوەی کارەکان بە شێوەیەکی وا بووە، کە چاوەڕوانکراو نەبوون، چونکە بەو کارو پرۆژەو هیممەتانەی لە هەموو لایەکەوە کراون، شارەکە بەتایبەتی و سنوورەکەش بەگشتی لە هەموو ڕوویەکەوە گۆڕانکاریی زۆر و جوان و باشی ئاوەدانی بە خۆیەوە بینیوە، لە زیاتر بوونی ڕێژەی سەوزایی و پارك و باخچە و دروستکردنی شەقام و قوتابخانە و.. تاد. ئێمە ئەمرۆ شانازی بەوە دەکەین کە خاوەن نەخۆشخانەیەکی زۆر سەردەمییانە و هاوچەرخین لە هەموو ڕوویەکەوە هاووڵاتیان لەوپەڕی ئاسوودەیی و بە متمانەوە بۆ چارسەرکردنیان سەردانی دەکەن. ئەوەی زیاتر وای کرد کێشە و گرفت و تەحەددییەکان نەتوانێت ڕێگریمان بکات، سیاسەتی جەنابی سەرۆکی حکومەت بوو، کە دەبێت هەموومان وەکو یەك تیم کار بکەین بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە و ڕاپەڕاندنی کار و مامەڵەی هاووڵاتیان و نەهێشتنی ڕۆتین و خێراکردنی کارەکان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵات لە هەموو بوار و بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتی و فەرمانگەکان. هەموو ئەمانە و پاڵپشتی و چاودێریی ڕاستەوخۆ و بەردەوامی ڕێزدار مسرور بارزانی گەورەترین هۆکار و فاکتەری سەرخستنی کار و پرۆژەکانی زاخۆ بووە. هاوکات ئەوەی لە بەرژەوەندیی خەڵك و هاووڵاتیانی شار و سنوورەکە بوو، خرایە ئەولەوییەتی کار و پرۆژەکانەوە، چونکە ئەو پاڵپشتییە وای کرد، هێز و توانا و شەونخوونییەکی وا دروست بێت، کە ئەو زاخۆیەی لێ بێتەدی کە ئێستا دەبینرێت. هەوڵ دەدەین لەسەر ئەو سیاسەت و نەخشەڕێگایە بەردەوام بین و نموونەیی زاخۆ لە ئیدارە سەربەخۆکانی دیکەی کوردستان و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش جێبەجێ بکرێت. دەبێت ئەوە لەبیر نەکەین بوونی ئیرادەیەکی بەهێز و پاڵپشتیی ڕێزدار مسرور بارزانی وەکو براگەورەیەك و دانیشتنەکانی لەگەڵ هەموو حکومەت بۆ پاڵپشتیکردنی ئێمە، بووەتە هۆکاری نەهێشتنی تەحەددییەکان و هەموو کات بە ئێمەی وتووە هەر کارێك لە خزمەتی هاووڵاتیان بێت، بەبێ دوودڵی ئەنجامی بدەن و مەترسن. هەر ئەمە و پاڵپشتییە ڕاستەوخۆ و بەردەوامییەکانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتن کە بووەتە هۆکاری هاتنەدی زاخۆیەکی ئاوا پێشکەوتوو و پڕ لە ئاوەدانی جوان و سەردەمییانە. بەڕاستی ئەوەی لە ماوەی (٢٠ بۆ ٥٠) ساڵی ڕابردوو بۆ زاخۆ نەکراوە، لە کابینەی نۆیەمدا لە ماوەی دوو ساڵدا لە ڕووی ئاوەدانییەوە بۆی ئەنجام دراوە

*** لە بواری گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری بۆ بەدیهێنانی فرەچەشنیی ئابووری لە زاخۆی دەلال چیتان کردووە؟**

- خاڵی گرنگ لە کارنامەی کابینەی نۆیەم لەسەر خاکی خۆمان لە هەرێمی کوردستان کە زۆریش گونجاوە ئەوە بووە کە گرنگی بە کەرتی کشتوکاڵ و گەشتیاری و پیشەسازی بدەین، بۆ هەمەچەشنکردنی ئابووریی کوردستان و، تەنیا پشت بە نەوت

**زیاتر لە (١٠) ملیار دینار بۆ کەلوپەل و ئامێرە پزیشکییەکانی هەموو سنووری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ تەرخان کراوە**

**سەرۆکی حکومەتی کوردستان ڕەزامەندی دەربڕی بۆ تەرخانکردنی (٨٠٠) دۆنم زەوی بۆ ناوچەی پیشەسازی لە زاخۆ**

**پاڵپشتی و چاودێریی ڕاستەوخۆ و بەردەوامی ڕێزدار مسرور بارزانی گەورەترین هۆکار و فاکتەری سەرخستنی کار و پرۆژەکانی زاخۆ بووە**




**بە هەوڵ و پشتیوانیی سەرۆکی حکومەتی کوردستان ئەوە ماوەی دوو ساڵە هەنارەکانی زاخۆ لەگەڵ هەڵەبجە ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێن**

و داهاتە ناسەقامگیرەکەی نەبەستین. هەر بۆیە گرنگیی زۆر بە کەرتی کشتوکاڵ دراوە و بە هەوڵ و پشتیوانیی سەرۆکی حکومەتی کوردستان ئەوە ماوەی دوو ساڵە هەنارەکانی زاخۆ لەگەڵ هەڵەبجە ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێن، لەمبارەوە گرنگیی زۆر و باشمان بە جووتیارەکانی سنوورەکەمان داوە، تاوەکو پەرە بە بەرهەمی هەنار بدەن و ساڵ لە دوای ساڵیش بەرهەمی هەنار زیادی کردووە، جووتیارەکانمان دەڵێن: پێش ئەوەی هەنارەکان لە درەختەکان بکەینەوە، فرۆشراون، ئەمەش خاڵێکی زۆر دڵخۆشکەرە بۆ ئێمە و بۆ هەڵگرتنی ئەو بەرهەمەش شوێنی ساردکەرەوە دروست کراوە، لەلایەکی دیکەوە کۆمپانیایەکی ئیماراتی لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەت ڕووبەری هەزار دۆنم خاکی پێدرا بۆ چاندنی پاقلە، ئەمساڵ بەرهەمی باشیان هەبوو، کە بەشی ناوخۆی دابین کرد و ڕەوانەی دەرەوەشیان کردووە، ئەمەش یەکێکە لە دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەم لە کەرتی کشتوکاڵدا، هەروەها کارگەی بە بازاڕکردنی گەنم لە زاخۆ دروست کراوە و لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا دەکرێتەوە و کار و پڕۆژەی زۆر بۆ زیادکردنی بەرهەمی پەتاتە و کونجی و چەندین بەرهەمی دیکەی کشتوکاڵ لەلایەنە حکومەت و جووتیار و بزنێسمان و وەبەرهێنەرانە هەیە. لەتەك پڕۆژەی کشتوکاڵیش هەنگاوی باش و گەورە لە کەرتی پشەسازی نراوە و بە دەیان کارگەی پیشەسازی لە زاخۆ هەن. هەروەها لە دوای ڕەزامەندیی سەرۆکی حکومەت ناوچەی پیشەسازی لە زاخۆ ئێستا پڕۆپۆزەڵ و دیزاینی بۆ دانراوە، هەموو ئەو کارگانە وادەکات، بەرهەمی ناوخۆ زیاد بکرێت و زۆرتر گرنگییان پێ بدرێت و هەلی کاریش بۆ سنوورەکە دروست دەکەن، لە بواری گەشتیاریشدا گرنگیەکی زۆر و بەردەوامی پێ دراوە. ئەو کار و پڕۆژانەی گەشتیاری کاریگەرییەکی وایان لێکەوتووەتەوە کە ناوچەکە ببووژێتەوە. بۆ نموونە هەر لە ڕۆژانی جەژنی




قوربان زیاتر لە (٥٥) هەزار گەشتیار سەردانی زاخۆ و سنوورەکەیان کردووە. ئەم ژمارە زۆرەی گەشتیارە بەڵگەی ئەوەیە کە لە هەموو پێداویستییەکانی گەشتیاری هەر لە هۆتێل و مۆتێل و چێشتخانە و ڕێگاوبان و.. تاد، کار و پرۆژەی باش و پێویست جێبەجێ کراون. ئەو کارو پرۆژانەی لەو سێکتەرانە کاری باشی تێدا کراوە، جگە لەوەی حکومەت و جەنابی سەرۆکی حکومەت بە شەخسی پاڵپشت و چاودێریی کار و پرۆژەکانیان کردووە، هاوکات سیاسەتێکی دیار و کاریگەری جەنابی سەرۆکی حکومەت ئەوە بووە کە ئاسانکاری و هاوکاریی بزنیسمان و وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و دەرەکی بکرێت لە جێبەجێکردنی کار و پرۆژەکاندا، ئێمە وا فێرکراوین دەبێت مەمنوونی هەر دەوڵەمەند و وەبەرهێنەرێك بین و ئاسانکاری و پاڵپشتیی تەواویان بکەین، لە هەر کار و پرۆژەیەك کە ئەنجامیان داوە، یان دەیانەوێت لەمەودوا جێبەجێی بکەن.

*** بابەتی حوکمڕانی و جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان و باشترکردنی دۆخی هاووڵاتیان بابەتێکی ئاسان نییە و پێویستی بە پاڵپشتیی هەمووان هەیە، ئایا تا چەند حزبە سیاسییەکان لەو بوارەدا ڕۆڵیان هەیە؟**

- هەموو ئەو قەیرانانەی وەکو هەموو دنیا بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتبوو، وەکو بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت و ئەو کێشانەی لەگەڵ بەغدا کە تا ئێستاش هەر ماون، بەتایبەتی بڕینی مووچە و بودجە لەلایەن حکومەتی بەغداوە، هەموویان کاریگەریی زۆر خراپیان لەسەر هەرێمی کوردستان هەبووە، بەڵام بە هاوکاریی خەڵکی کوردستان و بە خۆڕاگری هاووڵاتیان و ئیرادەی بەهێز و خۆڕاگریی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان وای کردووە، حکومەتەکەی خۆمان لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت و خزمەت بە خەڵکی خۆمان بکەین. بۆیە لەو بوارەدا پێویست بوو لەسەر هەموو هاووڵاتیان و حزب و لایەنە سیاسییە

**کۆمپانیایەکی ئیماراتی لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەت ڕووبەری هەزار دۆنم خاکی پێدرا بۆ چاندنی پاقڵە، ئەمساڵ بەرهەمی باشیان هەبوو، کە بەشی ناوخۆی دابین کرد و ڕەوانەی دەرەوەشیان کردوو**




**هەر لە ڕۆژانی جەژنی قوربان زیاتر لە (٥٥) هەزار گەشتیار سەردانی زاخۆ و سنوورەکەیان کردووە**

کوردستانییەکان لایەنگر و پاڵپشتیی حکومەتی خۆیان بکەن، چونکە حکومەتی کوردستان حکومەتی هەموو خەڵکی کوردستانە و بەرهەمی خوێنی شەهیدانە، جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان زۆر بە دڵسۆزییەوە هەموو توانا و ئیمکانیاتی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی ژیانی خەڵکی کوردستان خۆشتر بکرێت و سیستەمێك لەو وڵاتە دروست بکات، کە زیاتر خزمەت بە خەڵك بکرێت. ئێمە دەبێت خەڵکی خۆمان فێری کار بکەین و ئیشیان بۆ بدۆزینەوە. هەر بۆیە ئەمڕۆ لە سایەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەدان پڕۆژەی ستراتیژی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ کراون، لەوانە پڕۆژەی بە بازاڕکردنی گەنم کە پڕۆژەیەکی ئاسان نەبوو، کە لە سایەی ئەو پڕۆژەیەوە لە کاتێکدا لە دنیا بارودۆخێکی خراپ و سەخت دروست بێت، ئەوە دەتوانین لە ڕێگای ئەو پڕۆژە ستراتیژییەوە نانی خەڵك لە بەرهەمی ناوخۆ دابین بکەین و ژیانی هاووڵاتیانمان بپارێزین. پڕۆژە ستراتیژییەکانی حکومەتی هەرێم کاریگەریی باش و دیاریان هەبووە، هەندێك لەو پڕۆژانە ئەگەر لە ئێستاشدا کاریگەرییان زۆر دیار نەبێت، ئەوە لە ئایندەدا کاریگەرییان بۆمان دەردەکەوێت. ئەم پڕۆژانە لە زۆر سێکتەردا ئەنجام دراون، بۆ زیاتر خزمەتکردن و خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو تاکێکی هەرێم و هەموو لایەن و حزبە سیاسییەکانی کوردستان شانازی بە حکومەتی کوردستان بکەن و پاڵپشتیی تەواوی بکەن و کێشە و گرفتی بۆ دروست نەکەین، هەر کەموکوڕییەك لە هەر شوێنێك هەبێت، ئەوە دەبێت هەموو لایەك بۆ چارەسەرکردنی هاوکار بین.

*** پلان و بەرنامەی ئایندەی حکومەتی هەرێم بۆ ئیدارە سەربەخۆی زاخۆ چییە؟**

- بەرهەمی ئەو پڕۆژانەی بۆ ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ چوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، پاش دوو ساڵی دیکە بۆی هەیە دەربکەوێت، بەتایبەتی لە پڕۆژەی پیشەسازی و کارگەکان و بە بازاڕکردنی گەنم، ئامانجی سەرەکیی ئێمەش لە هەموو



جۆره پرۆژەكان پێش هەموو كارێك دۆزینەوە و دابینكردنی هەلی كارە بۆ گەنجەكانمان و بۆ خەڵكی كوردستان، كار و پلانی دووەمیشمان زیاتر كاركردنە بۆ باشتركردنی خۆشگوزەرانیی خەڵكی خۆمان و زیاتر كار و پلانمان بۆ ئەو كار و پرۆژە و كەرتانەیە كە زۆرتر پەیوەندییان بە باشكردنی داهات و گوزەرانی خەڵكی دەڤەرەكە لە بوارەكانی ئاو و كارەبا و تەندروستی و پەروەردە و ڕێگاوبان و قیرتاوكردنی كوچە و كۆڵانی ناو شار و قەزا و ناحییەكانی سنوورەكەیە، هەر ئەمەشە وای كردووە زاخۆی ئەمڕۆ لەگەڵ (٣٠-٥٠) ساڵ پێش ئێستا زۆر جیاواز بێت، هەر لە ئاوەدانی و گەشەكردنێكی زۆر و هاوچەرخ كە لە ماوەی دوو ساڵدا بەخۆیەوە دیتووە كە بووەتە جێگای سەرنجی خەڵكی هەرێمی كوردستان و عێراقیش. لە ڕووی ڕێگاوبانیشەوە كە ئیبراهیم خەلیل تاكە دەروازی نێودەوڵەتییە لەو سنوورەدا بۆ هەرێمی كوردستان و تەواوی عێراق، بۆیە گرنگییەكی زۆر بە ڕێگا سەرەكی و لقەكانیشی دراوە لە ڕێگای پرۆژەكانەوە توانراوە تا ئێستا باشترین ڕێگاوبان بە شێوەیەكی زۆر پێشكەوتووی سیستەمی هاتوچۆی جیهانی لە نێوان زاخۆ و هەولێر و تا دەگاتە سلێمانیش دروست بكرێت، كە دەتوانین بڵێین كێشەكانی ڕێگاوبان لە (٨٠٪)ی چارەسەر كراون، ئەوەی ماوە پلانی بۆ دانراوە لە ساڵانی داهاتوو كاریان لەسەر دەكرێت. هاوكات گرنگیی زۆرمان بە ڕێگاوبانی گوندەكان و شوێنە گەشتیارییەكانی سنووری ئیدارەی زاخۆ داوە بە قیرتاوكردن و چاككردنی ڕێگاوبانەكانیان و ئەو گوندانەی سنوورەكە كە لە سەردەمی ڕژێمی سەدامیش ڕێگایان بۆ نەچووە، ئەوە لە كابینەی نۆیەمدا لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆكی حكومەتی كوردستان ڕێگاوبانەكانمان بۆ دروست كردن و بەردەوامیش لە كاركردن و چاككردنی ڕێگاوبانی ئەو شوێن و گوندانەین كە ڕێگاكانیان تێكچووە، یان پێویستی بە تازەكردنەوە و چاككردن هەیە، هەروەها پلانی باش و تۆكمەمان هەیە لە بواری ڕێگاوبانەوە بۆ هەموو گوند و شوێنە گەشتیارییەكانی سنوورەكە.

**سیاسەتێكی دیار و كاریگەری جەنابی سەرۆكی حكومەت ئەوە بووە كە ئاسانكاری و هاوكاریی بزنێسمان و وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و دەرەكی بكرێت لە جێبەجێكردنی كار و پرۆژەكاندا**

**هەڵگورد شێخ نەجیب**
**سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بۆ گوڵان:**

# کاروانی ئاوەدانی و ئارامی لە کابینەی نۆیەمدا سۆران دەبووژێنێتەوە و دەیکاتە دەڤەرێکی گەشتیاری و کشتوکاڵی و پیشەسازیی گرنگ لە ناوچەکەدا

**سۆران لە ماوەی ساڵێکدا گۆڕانکاریی گەورە و فراوانی بە خۆیەوە بینیوە. کەرتەکانی گەشتیاری و کشتوکاڵ و پیشەسازی تێیدا ڕوویان لە بووژانەوە کردووە. بۆ قسەکردن لەسەر گرنگترین پرۆژەکان و ئەو جووڵە بازرگانی و گەشتیارییە لە دەڤەرەکە هەیە، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیاری ئاراستەی هەڵگورد شێخ نەجیب سەرپەرشتیاریی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کرد.**

*** بوونی سۆران بە ئیدارەی سەربەخۆ لە کابینەی نۆیەمدا دیارییەکی گرنگی سەرۆك بارزانی بوو بۆ ئەو ناوچەیە، لەلایەن حکومەتیشەوە بایەخی زۆر بە ئیدارەی سۆران دراوە. ئایا لەو کاتەوە کە سۆران بووەتە ئیدارەی سەربەخۆ، گرنگترینی ئەو پرۆژانە چین کە جێبەجێ کراون؟**

- لەبیرمە پێش ساڵێك لەمەوبەر لە دیدارێکی گۆڤارەکەتاندا باسی کاروانی ئاوەدانی و پرۆژەکانم کرد و ئاماژەم بەوەدا لە ماوەی ساڵێکدا بەرهەمی ئەو پرۆژە و کار و گۆڕانکارییانە دەردەکەوێت کە لە دەڤەری سۆران جێبەجێ دەکرێن. لە ٢٨ی تەمووزی ٢٠٢١ ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان موژدەی دیاری سەرۆك بارزانی بە دەڤەرەکە ڕاگەیاند و بڕیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانی ڕاگەیاند. ئەم بڕیارە بە هەموو پێوەرەکان بڕیارێکە بۆ خزمەتی زیاتری خەڵکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری سۆران و سەرجەم قەزا و ناحیە و گوندەکانی ئەم دەڤەرە، تەنانەت لە ڕووی کەمکردنەوەی قورسایی لە سەر دامودەزگاکانی پارێزگای هەولێریش سوودی هەبوو. لە ٢٠٢١/٨/٧ بەندە وەکو سەرپەرشتیاری ئیدارەی سۆران ڕاسپێردرام، ئەو دەمە کۆمەڵێك گرفت و ئاستەنگی گەورە لە بەردەم کاروانی ئاوەدانی و ئارامی



و ڕاستکردنەوەی کەموکورتی و زێدەڕۆیی و ڕۆتین هەبوو. بەڵام ئیرادە و پاڵپشتیی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وای کرد، زۆرترین پرۆژە بە کوالێتیی بەرز و لەژێر چاودێری و بەدواداچوونی چڕ و ورد بخەینە پێش هاتنی وەرزی زستان و بیخەینە بواری جێبەجێکردنەوە، لەمەشدا دادپەروەریمان لە نێوان قەزا و ناحیە و گوندەکان پەیڕەو کرد. ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ دامەزراندنی حەوت بەڕێوەبەرایەتیی گشتی و چەندین بەڕێوەبەرایەتیی گرنگ و هەستیار و لە کۆتایی ئەم هەفتەیەشدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارەبای سۆرانی دەرکرد. تەنانەت هەر لە دەستپێکی کارەکانی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بەڕێز سەرۆک وەزیران، وەزیرە بەڕێزەکان و ئەنجومەنی وەزیرانی ڕاسپارد کار و پرۆژە لەم دەڤەرە بکەن و بودجەیەکیش بۆ سۆران تەرخان کرا، وەبەرهێنان بووژایەوە و چەندین پرۆژەی کارەبا و شارەوانی و ئاو و ئاوەڕۆ و ڕێگاوبان ئەنجام دران و دیاردەی



له كۆتایی ئەم هەفتەیەشدا سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بڕیاری دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كارەبای سۆرانی دەركرد

دیاردەی چەكداریی و تاوان و زیدەڕۆیی تا ئاستێكی باش و بەرز بنبڕ كراون

چەكداریی و تاوان و زیدەڕۆیی تا ئاستێكی باش و بەرز بنبڕ كراون، گرنگییەكی زۆر بە كەرتەكانی پەروەردە و تەندروستی و وەرزش و هونەر و لاوانیش دراوە و گەشتیارێكی زۆر ڕوویان لە ناوچەكەمان كردووە و كار و كاسبی تا ڕاددەیەكی باش بووژاوەتەوە. خۆ ئەگەر بەراوردی سۆران بكرێت بە ناوچەكانی دیكە، بە ئاشكرا ئەو گۆڕانكاری و فراوانبوونە دەبینرێت. ڕاسپاردە و ڕێنمایی و بەدواداچوونەكانی خودی سەرۆك وەزیرانە وای كردووە شەو و ڕۆژ لە خزمەتی هاووڵاتیاندا بین. ڕۆتینمان كەم كردووەتەوە، بە پاڵپشتیی خەڵكە دڵسۆزەكەی سۆران ئاوەدان بووەتەوە و هەلی كار بۆ گەنجان دابین كراوە، بەتایبەتی لە هەر سێ بواری ئاوەدانی و كشتوكاڵ و گەشتیاریدا. ئەوەتا مانگانە بەردی بناغە و پرۆژەی گەورە و ستراتیژی دادەنرێت و دەكرێتەوە، لەمەش گرنگتر چاودێری و بەدواداچوونێكی جددی دەكرێت بۆ جێبەجێكردنی پرۆژەكان لە كات و بەرواری خۆیدا، بۆ نموونە سۆران یەك هێڵی كۆنی كارەبای پاڵەپەستۆی بەرزی هەبوو، لە ئێستادا بووەتە دوو هێڵ و چەندین وێستگەی گەورە و بچووك و مۆبایل و هێڵی دیكەی كارەبای بۆ دانرا و لەكاتی خۆیدا تەواو كران. تەنیا لە چۆمان لە هەفتەی ڕابردوودا بەردی بناغەی ١٦ پرۆژەمان دانا. دانانی بەردی بناغەی دوو سایتی سپیلك- خەلیفان لەلایەن سەرۆكی حكومەت و بەسەركردنەوەی چەند شوێنێكی دیكە و پرۆژە نموونەی دیكەی هەنگاوەكانی حكومەتن لەم دەڤەرە. لەبواری نیشتەجێبوونەوە لەو ٢٠ هەزار یەكەی نیشتەجێبوونەی بۆ كرێنشینان لەلایەن سەرۆكی حكومەتەوە جێبەجێ دەكرێت، ٢٧٠٠ یەكەی نیشتەجێبوون بەر پشكی سۆران كەوتووە و بە تەواوبوونی ئەم پرۆژەیە توێژێكی كەمدەرامەت و كرێچی لێی سوودمەند دەبن و كاریگەریی لەسەر كەمبوونەوەی كێشەی نیشتەجێبوونیش دەبێت. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشكەساڵی و كەم ئاوی بەم نزیكانە دیزاین و پرۆپۆزەڵی دروستكردنی چەندین بەنداو دەكەوێتە بواری جێبەجێكردنەوە. لە كەرتی تەندروستیدا نەخۆشخانەی سیدەكان دەستی بەكاركردن كردووە و ئەم كەرتەمان بە شێوەی سیستەمی ئەلەكترۆنی ڕێكخستەوە و لە بوارەكانی پەروەردە و ڕۆشنبیری و هونەری



و لاوانیشدا بەردەوام کار و چالاکیی جۆراوجۆر بەڕێوەدەچێت. لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو پڕۆژانەی بڕی یەك ملیار دیناریان بۆ تەرخان کراوە، بە فەرمی ڕایدەگەیەنین، پڕۆژەکانمان هەموو سێکتەرەکان لەخۆ دەگرێت وەك (ئاو، کارەبا، ڕێگاوبان، تەندروستی و پەروەردەو...).بەمەش ئیدارەی سۆران پێشڕەو دەبێت لە دابەشکردنی بودجە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان لە گوند و شار و شارۆچکەکانی سنووری ئیدارەی سۆران.

*** بێگومان کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان هەیە، بەڵام ئایا تا چ ڕاددەیەك لێپرسینەوە هەیە؟**

- خۆمان شەرمەزاری هاووڵاتیان ناکەین و لە هیچ بەڵێندەرێك چاوپۆشی ناکەین، لە ئەگەری هەر کەمتەرخەمییەك لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان، هەر بەڵێندەرێکیش تا پڕۆژەکەی بە تەواوی و بێ کێشە جێبەجێ نەکات، پڕۆژەی دیکەی پێ نادرێت، ڕۆژانەش سەردانی پڕۆژەکان دەکەین و توانیومانە تا ئێستا لە ٥٠٪ی پڕۆژەکان بخەینە بواری جێبەجێکردنەوە.

*** دەروازەی حاجی ئۆمەران کە دەروازەیەکی گرنگی نێودەوڵەتییە لەنێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران بایەخێکی گرنگی بۆ کاروکاسبی و بازرگانی لەو دەڤەرە هەیە، بەڵام هەست دەکرێت لە ڕووی ڕێگاوبانەوە، ڕێگاکان باش نین و گرفت بۆ بازرگانان دروست دەکات، ئایا چارەسەرێکتان بۆ ئەم پرسە گرنگە لە بەرنامەدا هەیە؟**

- هەڵکەوتەی سۆران لە ڕووی بازرگانی و ڕێگاوبانەوە زۆر ستراتیژییە و سنوورەکانمان بەسەر دوو وڵاتی ئێران و تورکیادا دەڕوانێت. تا دێت ئاستی جمووجووڵی بازرگانی زیاتر دەبێت. کاری جددی دەکەین بۆ کردنەوەی دەروازەی بازرگانیی زیاتر و کردنەوەی سەنتەری بازرگانی لە ناوچەکەماندا لەپێناو زیادکردنی بازرگانی لەگەڵ شارەکانی کوردستان و عێراقدا. منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام کە ئەم دەڤەرە کە تا ساڵانی نەوەدەکان ناوچەی شەڕ و وێرانی بووە و تەنانەت ناوچەی شاخاوی و سارد و بوونی لافاو خێراتر ڕێگاوبانەکانی تێك دەدات، هەر بۆیە

**ڕاسپاردە و ڕێنمایی و بەدواداچوونەکانی خودی سەرۆک وەزیرانە وای کردووە شەو و ڕۆژ لە خزمەتی هاووڵاتیاندا بین**

**لەو ٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبووانەی بۆ کرێنشینان لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە جێبەجێ دەکرێت، ٢٧٠٠ یەکەی نیشتەجێبوون بەر پشکی سۆران کەوتووە و بە تەواوبوونی ئەم پڕۆژەیە توێژێکی کەمدەرامەت و کرێچی لێی سوودمەند دەبن**



**لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو پرۆژانەی بڕی یەک ملیار دیناریان بۆ تەرخان کراوە، بە فەرمی ڕایدەگەیەنین**

**ئیدارەی سۆران پێشڕەو دەبێت لە دابەشکردنی بودجە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان لە گوند و شار و شارۆچکەکانی سنووری ئیدارەی سۆران**

لەگەڵ وەزیری ئاوەدانکردنەوە بەردەوام لەسەر هێڵم بۆ جێبەجێکردنی زۆرترین پرۆژەی ڕێگاوبان، بەتایبەتی پرۆژەی بەدوو سایت کردنی حاجی ئۆمەران – چۆمان کە لەگەڵ کۆمپانیاکە ڕێککەوتووین بە شێوەیەکی خێراتر پرۆژەکە جێبەجێ بکات، هەروەها لەناو چۆمانیش چەندین گەرەك و شەقامی سەرەکی قیرتاو دەکرێت، لەلایەکی دیکەوە دانانی بەردی بناغەی بەدووسایدکردنی ڕێگای نێوان سپیلك - خەلیفان بەڵگەیەکی دیارە بۆ گرنگیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێگاوبانەکان کە پرۆژەیەکی ستراتیژییە و بە تەواوبوونی پرۆژەکە قەرەباڵخی کەم دەکاتەوە و بزاڤی بازرگانی و گەشتیارییش زیاتر دەکات. تەرخانکردنی زیاتر لە ٦٤ ملیار دینار بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نیشانەی خەمخۆری بەڕێزیانە بۆ گرنگیدان بە سێکتەرە جیاوازەکان لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران. لەماوەی ئەم کابینەیەدا چەندین ڕێگاوبان نۆژەن کرانەوە و چەندینی دیکە ئاوەدان کرانەوە، لە چۆمان و حاجی ئۆمەران پرۆژەیەکی زۆر بەردی بناغەی بۆ دانراوە و چەندین پرۆژە و کاری دیکەی تایبەت بە ڕێگاوبان لە پلان و بەرنامەدایە و پێش هاتنی وەرزی سەرما و بارانبارین بە شێوەیەکی خێرا جێبەجێی دەکەین و چاودێرییەکی توندیشی دەکەین، بۆ ئەوەی بە کوالێتیی بەرز تەواو بێت، بە خۆشحاڵییەوە ڕیش سپی و پیاوماقووڵان و خەڵکی چۆمان پاڵپشتیی باشی پرۆژەکانی خزمەتگوزاری دەکەن.

*** زانکۆی سۆران یەکێکە لە دامەزراوە باڵاکانی خوێندن لەو دەڤەرە و لەماوەیەکی کورتدا توانی لەسەر ئاستی زانستی ببێتە یەکێك لە زانکۆ دیارەکانی کوردستان و، کەمپی زانکۆکەش لە بناری ئەو چیایەدا هێندەی دیکەی دیمەنی سۆرانی ڕازاندووەتەوە، بەڵام وەك تێبینی دەکرێت، کەمپەکە هێشتا تەواو نەبووە و تەنیا چەند کۆلێژێك لەو کەمپە دەوام دەکەن و سەرۆکایەتیی زانکۆ و چەند کۆلێژێك هێشتا لە دەرەوەن، ئایا لە بەرنامەدا هەیە کەمپی زانکۆی سۆران تەواو بکرێت؟**

- پشتگیریی تەواوی زانکۆی سۆران دەکەین و ئاستی بەرزی زانستی تێیدا جێگای



فەخر و شانازیی هەموو هاووڵاتیانە، ئێمە پێمان وایە ئیدارە و سەنتەرەکانی ئەکادیمی دوو دەزگای تەواوکاری یەکترن، بۆیە لە هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی دەڤەرەکەماندا پرۆژە و کاریش بۆ فراوانکردنی کەمپەکە و زیادکردنی کۆلێژەکان دەکەین.

*** دیمەنی دڵڕفێنی سۆران ئەوەیە کە لەناو چیادایە و ئاوێکی باشیشی هەیە، بەڵام فراوانبوونی سۆران بەو شێوازەی ئێستا دەبینرێت پێویستی بەوەیە بەرەو جوندیان و لەملاشەوە بەرەو ڕێگەی مێرگەسۆر فراوان بێت. ئایا ماستەرپلانتان بۆ فراوانبوونی سۆران هەیە؟**

- بەڵێ، ماستەرپلانمان بۆ فراوانبوونی سۆران هەیە، ماستەرپلانەکە شەقام و ڕێگاوبان و قوتابخانە و خزمەتگوزاری و پرۆژەی جۆراوجۆری وەبەرهێنان لەخۆدەگرێت، بەڵام لێرەدا لە ناوچەیەکی شاخاوی گرفتی زەوی و زار هەیە، بە خۆشحاڵییەوە بە بوونی هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانی و کشتوکاڵ زۆرترینی ئەو کێشە کەڵەکەبووانە چارەسەر دەکەین.

*** سۆران بووەتە دڵی پیشەسازی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا و بە دەیان هاوینەهەواری جوانی تێدا دروست کراوە و، ماستەر پلانیشتان بۆ چەندین پرۆژەی گەشتیاری هەیە، ئایا دەتانەوێت سۆران لە ڕووی گەشتیارییەوە بگاتە کوێ؟**

- تیمێکی شارەزا لەلایەن جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێك هێنراوە بۆ دروستکردنی ماستەرپلانی گەشتیاری، گرفتی زێدەڕۆیی لەسەر ناوچە گەشتیارییەکانمان هەیە و وردەووردە هەموو ئەو کێشانەش بە پاڵپشتیی یاسا و ئەنجومەنی وەزیران چارەسەر دەکەین. بە شێوەیەکی گشتی ئامانجمان لە ماستەرپلان و وەبەرهێنان ڕاکێشانی گەشتیارە لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق و ناوچەکە و جیهان، گرنگییەکی زۆریش بە گەشتیاریی هەر چوار وەرز دەدرێت. سۆران پێگەیەکی گرنگی گەشتیاری لە ناوچەکەدا هەیە و لە ٨٠٪ی گەشتیاری سنووری پارێزگای هەولێر پێك دەهێنێت. پرۆژەیەکی زۆری وەبەرهێنانیش ڕووی لە دەڤەرەکەمان کردووە، ئامادەکارییش دەکەین بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی وەبەرهێنان بەتایبەتی لە پرۆژەکانی گەشتیاری و پیشەسازی و بازرگانی.

**تیمێکی شارەزا لەلایەن جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێك هێنراوە بۆ دروستکردنی ماستەرپلانی گەشتیاری**

**گرفتی زێدەڕۆیی لەسەر ناوچە گەشتیارییەکانمان هەیە و وردەووردە هەموو ئەو کێشانەش بە پاڵپشتیی یاسا و ئەنجومەنی وەزیران چارەسەر دەکەین**

دکتۆر محەمەد شوکری
سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# فرەچەشنکردنی ئابووری و جۆراوجۆرکردنی کەرتەکانی، بەتایبەت کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە وەبەرهێنانی کوردستاندا

لە سەرەتای ئەم کابینەیەوە تاکو ئەمڕۆ مۆڵەت بە ٤٠٤ پڕۆژەی وەبەرهێنان دراوە بە سەرمایەی زیاتر لە ١٧ ملیار دۆلار

پڕۆژەکانی وەبەرهێنان زۆرترین دەرفەتی هەلی کاری بۆ گەنجان ڕەخساندووە

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆری بە وەبەرهێنان داوە، ئەمەش بۆ ئەو ئاسانکاری و هاوکارییانە دەگەڕێتەوە کە دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بە پاڵپشتی و ڕێنمایی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی وەبەرهێنانی ناوخۆ و بیانیی کردووە، بەرادەیەك لەم کابینەیەدا توانراوە وێڕای گرنگیدانی زیاتر بە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون، هاوکات گرنگییەکی زۆر دراوە بە پڕۆژەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیی و گەشتیاری، بەمەش لە بواری فرەچەشنکردنی ئابووریدا هەنگاوی بوێر و گەورە نراوە، دەستکەوتەکانی وەبەرهێنان بۆ خەڵکی کوردستان و بەدەستهێنانی هەلی کار و بووژانەوەی ئابووری و جووڵاندنی بازار، تەوەرەی دیداری گۆڤاری گوڵان بوو لەگەڵ دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.



**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام لەهەوڵدایە بۆ بانگهێشتکردنی کۆمپانیاکان و زیادبوونی وەبەرهێنانی بیانی و خۆماڵی**

**سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا و لووتکەی دوبەی ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی هەبوو، بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان و بووژانەوەی ئابووری**

**لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٣٥ هەزار کۆمپانیا تۆمار کراون و لەم ژمارەیە ٣٥٠٠ کۆمپانیای بیانین**

**توانیومانە هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ هەمیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کۆمپانیا بیانییەکانیش ڕابکێشین و کاری جوان و گەورە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن**

*** لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە ڕێگەی دەستەی وەبەرهێنانەوە ژمارەیەکی زۆر پڕۆژە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان جێبەجێ کراون، ئایا تا چەند توانراوە ڕاسپاردە و بەرنامەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پراکتیکییەوە جێبەجێ بکرێت؟**

- لە دامەزراندنی دەستەی وەبەرهێنانەوە هەر لە ١ی ئابی ساڵی ٢٠٠٦ تاکو ٢٥ی حوزەیرانی ئەمساڵ ٢٠٢٤ مۆڵەت بە ١،٢٣٥ پڕۆژەی وەبەرهێنان دراوە، لە پارێزگاکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەڵەبجە) و ئیدارە سەربەخۆکانی (گەرمیان و ڕاپەڕین و سۆران و زاخۆ)، ئەمەش بە سەرمایەی زیاتر لە ٦٩ ملیار و ٦٦٢ ملیۆن دۆلار، کە لەسەر ڕووبەری ٧٨،٨٢٨ هەزار دۆنم زەوی ئەم پڕۆژانە ئەنجام دراون، لەم ژمارە پڕۆژەیەش ٤٧ پڕۆژەی وەبەرهێنانی بیانی بووە ١،١٦٠ پڕۆژەی وەبەرهێنانی خۆماڵی بووە و ٢٨ پڕۆژەی هاوبەشی بووە. لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕێژەی سەرمایەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان ڕووی لە هەڵکشان کردووە، ئەمەش دوای ئەوەی لە ساڵەکانی ٢٠١٩ واتا لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە سەرووی دوو ملیار دۆلار بووە و لە ساڵی ٢٠٢٠ نزیکەی دوو ملیار دۆلار و لە ساڵی ٢٠٢١ بۆ ٨ ملیار و نیو دۆلار هەڵکشاوە و لە ساڵی ٢٠٢٢ سەرمایەکەی دوو ملیار و ٢٢٤ ملیۆن دۆلار و لە ساڵی ٢٠٢٣ زیاتر لە دوو ملیار و ٤١٠ ملیار دۆلار بووە . کە لە سەرەتای ئەم کابینەیەوە تاکو ئەمڕۆ مۆڵەت بە ٤٠٤ پڕۆژەی وەبەرهێنان دراوە بە سەرمایەی زیاتر لە ١٧ ملیار دۆلار، واتا تێکڕای مۆڵەت تەنیا لە ماوەی ساڵێکدا لە سەرووی ١٠٠ مۆڵەتەوە بووە.

ئەم داتا و ژمارانە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوخۆ و لەسەر هەردوو ئاستی جیهانی دەرەوە سەلماندوویەتی، هەرێمی کوردستان وێڕای ئالنگاری و کێشەکانی وەکو کۆرۆنا و داشکانی بەهای نەوت و بڕینی بودجە و هەڵاوسانی جیهانی و وشکەساڵی، بەڵام هەرێمەکە وەکو ناوچەیەکی لەبار و شایەنی وەبەرهێنان دەرکەوتووە. سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام لەهەوڵدایە بۆ بانگهێشتکردنی کۆمپانیاکان و زیادبوونی وەبەرهێنانی بیانی و خۆماڵی، لە سەردان و زنجیرە دیدارەکانیدا لە هەردوو وڵاتی ئیمارات و ئەمریکا ڕۆڵێکی کارای هەبووە، ئەوەتا تەنیا لە ئەمساڵدا سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا و لووتکەی دوبەی ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی هەبوو، بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان و بووژانەوەی ئابووری و ناساندنی ژینگەی لەباری وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان و، زیادبوونی ژمارەی کۆمپانیا نێوخۆیی و بیانییەکان.

*** کەواتە تا دێت ژمارەی کۆمپانیا ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستاندا ڕووی لە زیادبوونە، ئایا تا چەند دەرفەتەکان لە بەردەم کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان لەبار و دادپەروەرانە بووە؟**

- لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٣٥ هەزار کۆمپانیا تۆمار کراون و لەم ژمارەیە ٣٥٠٠ کۆمپانیای بیانین، کە کۆمپانیاکانی وڵاتانی (نیوزلەندا و میسر و لوبنان و کوەیت و فەرەنسا و چین و سوید و سووریا و ڕووسیا و جۆرجیا و تورکیا و بەریتانیا و ئیمارات و ئێران و ئەمریکای و ئەڵمانیای تێدایە، واتا توانیومانە هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ هەمیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کۆمپانیا بیانییەکانیش ڕابکێشین و کاری جوان و گەورە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن. بە دڵنیاییەوە هەڵکشانی وەبەرهێنان و زیادبوونی سەرمایەی بەگەڕخستووی ئەم کۆمپانییانە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە لە هەموو پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دەرفەتی کارکردنی باشمان ڕەخساندووە، کردنەوەی پێشانگە و کۆنفڕانس و دیبەیتەکان و هاتنی بە لێشاوی شاندی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان کە ژمارەیەکی یەکجار زۆری سەرۆك و بەرپرسان و نوێنەرانی گەورە کۆمپانیاکانیان لەگەڵدایە، هەمووی ئەوە دەسەلمێنێت لەم کابینەیەدا ئاراستەی وەبەرهێنان ڕووی لە بووژانەوە کردەووە، دوای ئەوەی بە

هۆی کۆمەڵێك ئالنگاری و کێشە و قەیرانی داراییەوە زۆر لە کارەکانیان ڕاوەستابوو، لە ئێستادا جووڵەیەکی باش کەوتەوە ناو بازاڕ و ئابووری.

*** ڕەنگە هاووڵاتییەکی ئاسایی پرسیار بکات، ئایا ئەم داتا و ژمارە گەورانە بۆ هاووڵاتییەکی ئاسایی و گەنجێك سوودی چییە، ئایا لە ڕووی کەڵکی ئابوورییەوە تا چەند بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کۆمپانیا و وەبەرهێنەرانە لە هەرێمی کوردستاندا ئابووریی هەرێمەکە دەبووژێنێتەوە؟**

- وەکو دەزانن چەند ساڵێکە بە هۆی قەیرانی دارایی و تەنانەت قەبەیی پەیکەری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان ڕاوەستاوە، یان هەر زۆر کەم بووەتەوە، لێرە و لەوێ کێشەی بێکاری بەتایبەتی لە ناو دەرچووانی زانکۆدا سەری هەڵداوە، بەڵام بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کۆمپانیا و وەبەرهێنان و هەڵکشانی سەرمایەی بەکارخستوو، ڕۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ دۆزینەوەی دەرفەت و هەلی کار بۆ گەنجەکانمان، خۆ ئەگەر هەر بە چاو سەردانێکی ژمارەیەك کۆمپانیا و پڕۆژەی وەبەرهێنان بکەیت، دەبینیت پڕۆژەکانی وەبەرهێنان دەرفەتی کاریان بۆ دەیان هەزار گەنج ڕەخساندووە، تەنانەت ڕێنماییمان دەرکردووە بەوەی ڕێژەی دەستی کاری خۆماڵی لە ناو پڕۆژەکانی وەبەرهێناندا دەبێت لە ٧٥٪ کەمتر نەبێت، لەسەر ئەم مەرجەش توندین و بەردەوام بەدواداچوون دەکەین. ئەمە وێڕای ئەوەی ئەو پڕۆژانەی وەبەرهێنان دەرفەتی کاری ناڕاستەوخۆ و جووڵەی بازاڕیشیان خستووەتەکار و، پیشەوەران و کاسبکاران سوودی باشیان لێ بینیوە.

*** یەکێك لە وێستگە گرنگەکانی ئابووری، سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئایا وەبەرهێنانی کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە چ ئاستێکدایە و ئەم سەردان و دیدارانە تا چەند ڕۆڵی باشیان هەبووە بۆ زیادبوونی وەبەرهێنانی ئەمریکی لە هەرێمی کوردستاندا؟**

- ئەمریکا وڵاتێکی گەورە و هاوپەیمانێکی ستراتیژیی هەرێمی کوردستانە، ئەوان بە ئاشکرا لە لایەن ئەنتۆنی بلینکنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەخوازن حکومەتێکی بەهێزی کوردستانی لە ڕووی ئابوورییەوە هەبێت و دڵنیایی هاوبەشی بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش درا. کۆشکی سپی پشتگیری لە کوردستانی بەهێز و مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان دەکات، لەوێ پەیوەندییەکی باشمان دروست کرد لەگەڵ ژووری بازرگانیی ئەمریکا، کە نوێنەرایەتیی سێ ملیۆن کۆمپانیا دەکات، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتەی کرد تاوەکو بێن و لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان بکەن و ئەوانیش ئامادەیی باشیان تێدا بوو. تەنیا ئەو سەرمایەی کۆمپانیا ئەمریکییەکان کە لە کوردستان وەبەرهێنان دەکەن، بەتایبەتی لە بواری نەوت و گازدا، نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن دۆلارە، ئەمڕۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان و کۆمپانیا بیانییەکانی دیکەش لە کوردستان وەبەرهێنان دەکەن، ئەمەش لە چەندین لاوە سوودی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجان و بەگەڕخستنی تەکنەلۆژیا و کاری پێشکەوتوو هەیە، هەروەکو لە بواری نەوت و گازدا دەردەکەوێت .

*** یەکێك لە دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان جۆراوجۆرکردنی ئابووری و فرەچەشنکردنی بوو، ئایا تاچەند توانیوتانە وەبەرهێنانی کوردستان لە تەنیا کەرتێکی بیناسازییەوە بگۆڕن بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری؟**

- فرەچەشنکردنی ئابووری و جۆراوجۆرکردنی کەرتەکانی، بەتایبەت کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە وەبەرهێنانی کوردستاندا، ئەمەش بۆ ئەو ژینگە لەبارە دەگەڕێتەوە کە بۆ وەبەرهێنان کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان خوڵقاندوویەتی، بەمەش ستراتیژیەتی وەبەرهێنان وێڕای ئەوەی ستراتیژیەت بووە بۆ بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری، وەرچەرخانیش بووە بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری، لە ئابوورییەکی تاکە سەرچاوەی نەوت و گرنگیدان بە عەقاراتەوە گۆڕدرا بەرەو ستراتیژییەتی بووژانەوەی

**بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کۆمپانیا و وەبەرهێنان و هەڵکشانی سەرمایەی بەکارخستوو، ڕۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ دۆزینەوەی دەرفەت و هەلی کار بۆ گەنجەکانمان**

**پڕۆژەکانی وەبەرهێنان دەرفەتی کاریان بۆ دەیان هەزار گەنج ڕەخساندووە، تەنانەت ڕێنماییمان دەرکردووە بەوەی ڕێژەی دەستی کاری خۆماڵی لە ناو پڕۆژەکانی وەبەرهێناندا دەبێت لە ٧٥٪ کەمتر نەبێت**

**کۆشکی سپی پشتگیری لە کوردستانی بەهێز و مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان دەکات**

**فرەچەشنکردنی ئابووری و جۆراوجۆرکردنی کەرتەکانی، بەتایبەت کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە وەبەرهێنانی کوردستاندا**

**ستراتیژیەتی وەبەرهێنان وێڕای ئەوەی ستراتیژیەت بووە بۆ بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری، وەرچەرخانیش بووە بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری**

کەرتی کشتوکاڵ و گرنگیدان بە پیشەسازی و گەشتیاری، وەنەبێت ڕاستکردنەوەی وەبەرهێنان و ئابووری کارێکی وا ئاسان بێت، بەڵکو ئیرادە و بوێری و پشوودرێژی پێویست بوو، ئەوە ئیرادەی سەرۆکی حکومەت و خۆڕاگریی میللەتەکەی بوو کە توانرا بەسەر هەموو ئاستەنگ و کێشەکاندا سەر بکەوین، دەستەی وەبەرهێنان لە ڕێگەی ڕێبەری وەبەرهێنان و پلانی هەرێمی کوردستان و ئامادەکردنی نەخشەی وەبەرهێنانەوە ئامادە کرا بۆ زیادکردنی وەبەرهێنان، بەتایبەتی لەو سێکتەرانەی بەرهەمهێنن، ئەمەش هەرگیز لەسەر حیسابی کەرتەکانی دیکە، بەتایبەتی کەرتی خانووبەرە و نیشتەجێکردن نەبووە، بەڵکو ئەویش بەراورد بە پێشوو زیاتر بوو، لێرەدا بە پێویستی دەزانم بە داتا و ئامار ئەو وەرچەرخانە باس بکەم کە لەو سێ سێکتەرەدا لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوویان داوە، لە ساڵی ٢٠١٩ـەوە بۆ ساڵی ٢٠٢٤ کە بەم شێوەیە بووە:

لە کەرتی پیشەسازی ١١١ پڕۆژە. لە کەرتی گەشتیاری ٥٠ پڕۆژە. لە کەرتی کشتوکاڵی ١٦ پڕۆژە . لە بازرگانیدا ٩٥ پڕۆژە و تەندروستی ٢٥ و فێرکردن ٣٨ و نیشتەجێبوون ٣٧ و وەرزشی ٩ و بانکەکان ٢ و خزمەتگوزاریی ٣ و هونەری ٢، کە تەنیا لەم شەش مانگەی سەرەتای ٢٠٢٤ مۆڵەت بە ٢٠ پڕۆژە دراوە.

*** باسی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونت کرد، هەڵبەتە ئەم پڕۆژانە بە هۆی قەیرانی دارایی و سەرپێچییەوە پێش کابینەکە هاووڵاتییانێکی زۆر گلەیی و گازندەیان هەبوو، تەنانەت زیانیان پێ گەیشتبوو، وەبەرهێن زۆرجار پۆلی زەوییەکەی ناو یەکە نیشتەجێبوونەکەشی گۆڕیوە، لەم ڕووەوە چی کراوە بۆ ڕاستکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان؟**



- لە دەستپێکی کابینەکەدا ژمارەیەکی زۆری پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونمان خستەوە کار، ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگا و یەکە ئیدارییەکان و شارەوانی و ناوخۆ و وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانی دیکەی وەکو کارەبا، تەنانەت چارەسەری کێشەی ژمارەیەکی دیکەشمان کردووە، ڕێگەمان بە سەرپێچییەکان نەداوە، ڕێنمایی و دەسەڵاتمان دابەزاندە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ لێپرسینەوە لە هەر کەموکورتی و سەرپێچییەك، بەگەڕخستنەوەی ئەم پڕۆژانە و پێدانی مۆڵەت بە ژمارەیەکی دیکەی زۆری پڕۆژە، بازاڕ و دەستی کار لێی سوودمەند بوون، لە ماوەی تەمەنی کابینەکەدا لە مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠١٩ تاکو مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٤ بە سەرمایەی سێ ملیار دۆلار و ٦٣١ ملیۆن دۆلار مۆڵەتمان بە ٣٧ پڕۆژەی نیشتەجێبوون داوە. لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەك پڕۆژە کە پابەندی ڕێنمایی و ڕاسپاردەکان نەبوون و یان کەمتەرخەم بوون، سزا دران و ژمارەیەکی دیکەشیان مۆڵەتی کاریان لێ سەندرایەوە، ئێمە کار دەکەین بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی لە نێوان حکومەت و وەبەرهێن و هاووڵاتیدا، بە هیچ شێوەیەکیش ڕێگە بە سەرپێچی و کەمتەرخەمی و گۆڕینی پۆلی زەوی و لاوازی کوالێتی پڕۆژە نادەین و بەدواداچوونی بەردەوام و جددی دەکەین، هەر خۆی لە خۆیدا بوونی کێبڕکێی ئازاد لە بازاڕدا ئاستی کوالێتیی پڕۆژە و کارەکانی لە یەکە نیشتەجێبووەکاندا زۆر بەرز کردووەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی پلان و بەرنامەی وەبەرهێنانی کوردستان دوای ڕاستکردنەوەی ئاراستەکان و جووڵانەوەی وەبەرهێنان بەرەو پڕۆژەی گەورە و ستراتیژیی زیاتر دەڕوات لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا، بەتایبەتی لە ڕووی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیارییەوە.

**ئەوە ئیرادەی سەرۆکی حکومەت و خۆڕاگریی میللەتەکەی بوو کە توانرا بەسەر هەموو ئاستەنگ و کێشەکاندا سەر بکەوین**



سەروەر کەمال هاواری
بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ کاروباری بازرگانی بۆ گوڵان:

# گەورەترین دەستکەوت بۆ جووتیاران و بووژانەوەی کشتوکاڵ ساخکردنەوەی بەروبوومیان بوو

**هەناردەکردنی هەنار و بەروبوومەکانی دیکە بۆ دەرەوەی وڵات ڕۆڵی دڵنیاکەرەوە و قازانجی بۆ جووتیاران هەبوو**

**٢٦٠ پرۆژەی وەبەرهێنانی بازرگانی مۆڵەتیان پێ دراوە و ٣،٨٣٣ هێمای بازرگانییش بە کۆمپانیاکان دراون**

**بۆ هەرێمی کوردستان ئەمساڵ وەرگرتنی ٧٠٠ هەزار تەن گەنم دیاری کراوە کە ٢٠٠ هەزار تەنی لە ساڵی پار زیاترە**



**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کەرتی بازرگانی و زیادبوونی ئاڵوێری بازرگانی وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، وەرچەرخانێك کە بووە هۆی زیادبوونی ژمارەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و هێمای بازرگانی، لەمەش گرنگتر ژمارەی مۆڵەتی هاوردەی کاڵا لە خاڵە سنوورییەکانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە هەڵکشان کرد، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی بازاڕ و چاودێری و ڕێکخستنی هەنارده و هێنراوەکان و پارێزگاریکردن و پاڵپشتیکردنی فرەچەشنکردنی ئابووری، کە لە ڕێگەی ئەم کەرتەوە دەتوانرێت هانی برا جووتیارەکان بدرێت بۆ ساخکردنەوەی کاڵا و بەروبوومەکانیان و هاندانی بەرهەمی پیشەسازیی نێوخۆیی، کڕینەوەی گەنمی جووتیاران و زیادبوونی ژمارەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی بازرگانی و دروستکردنی چەندین سایلۆ و کۆگا و هەموارکردنەوەی دەیان یاسا و دەرکردنی ڕێنمایی نوێ، تەوەری سەرەکیی دیداری گۆڤاری گوڵان بوون لەگەڵ سەروەر کەمال هاواری بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ کاروباری بازرگانی.**

*** با سەرەتای پرسیارمان لەو دیدگایەوە دەست پێبکەین کە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ ساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢٤ ئامادەی کردبوو، کە پەیام و ئامانجێکی ستراتیژیی بەرنامەی کاری وەزارەتی تێدا ئامادە کرابوو. ئایا تا چەند توانراوە ئەم دیدگایە جێبەجێ بکرێت و سەرکەوتوو بوون لە جێبەجێکردنی کارنامە وەزارییەکەی سەرۆك وەزیراندا؟**

- وەزارەتی بارزگانی و پیشەسازی دیدگای بە ئامانجی گەشەپێدانی بەردەوامی ئابووریی نیشتمانی دارشت، ئەمەش لەو چوارچێوەیەی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، کە هەر لە دەستپێکی کابینەکەدا هەنگاو بۆ ئەوە نراوە وەبەرهێنان لە خاڵە بەهێزەکانی ئابووریی کوردستاندا بکرێت و، ئابوورییەکە بەرەو ئابوورییەکی فرەچەشن ببرێت و، ژێرخانی ئابووری بونیاد بنرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە بە سەرکەوتوویی هەنگاو بەرەو هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات نرا و گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ئاراستەکردنی کۆمپانیاکاندا بەرەو کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری کراوە، کەرتی بازرگانییش دوای ئەوەی لە ساڵانی سەرەتای کابینەکەدا بە هۆی کۆرۆنا و قەیرانی



دارایی و وشکەساڵییەوە ئاستەنگی گەورەی بۆ دروست کرا، گەشەیەکی باشی بە خۆیەوە بینی، تەنانەت لەو قەیرانانەشدا بە ئیرادەی پۆڵایین و خۆڕاگریی حکومەت بوو توانرا لە ڕێگەی بۆردێکی خۆراکەوە نەهێڵدرێت قەیرانی خۆراک و هەڵاوسانی نرخەکانی لێ بکەوێتەوە، بەمەش بە پاڵپشتیی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم کابینەیەدا توانرا زۆربەی ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەم دیدگایە و خاڵە سەرەکییەکانی کارنامە وەزارییەکەی کابینەی نۆیەم جێبەجێ بکرێت، کە خۆی لە چەندین خاڵدا دەبینییەوە. ئەوەی پەیوەندی بە کەرتی بازرگانییەوە هەیە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکی دەکەم، لەوانە (هێنانە کایەی ژینگەیەکی یاسایی لە هەردوو کەرتی بازرگانی و پیشەسازیدا، بەرزکردنەوەی توانای مرۆیی و ئەنجامدانی دەیان خولی پێگەیاندن، ڕێکخستنی چالاکییە بازرگانییەکان و پاڵپشتیی بەهێزکردنی پەیوەندیی بازرگانیی دەرەکی، دابینکردنی مافی بەکاربەر و هەموارکردنەوەی دەیان یاسا و دەرکردنی ڕێنمایی نوێ، بەشداریکردن لە جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی خۆراکی و پاڵپشتیکردنی بەرهەمی نێوخۆیی) کە لە پاڵ دەیان پرۆژەی گەورە و ستراتیژیی دامەزراندنی پیشەسازیی خۆراک و پرۆژەی بازرگانیدا گۆڕانکاریی گەورە لە پەیکەری ئابووریی هەرێمدا ڕوویان دا.

*** وەکو ئاماژەت پێدا، وێڕای ئالنگارییەکان و کێشەکانی بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام بازاڕ و بازرگانی لە جووڵە ڕانەوەستا، بگرە لە زۆر ڕووەوە گەشەی بەخۆیەوە بینیوە، ئایا ئاستی گەشەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستاندا لەم چەند ساڵەی تەمەنی کابینەکەدا چۆن بووە؟**

- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا چەندین پرۆژەی بازرگانی ئەنجام دراون، چەندین کۆمپانیای بازرگانی و هێمای بازرگانییش تۆمار کراون، تەنیا ئەو پرۆژە بازرگانییانەی کە دەستەی وەبەرهێنان ڕەزامەندییان پێ داوە ٢٦٦ پرۆژەن، هاوکات یاساو ڕێنمایی باش دەرکراوە و هەموار کراونەتەوە، لەمانەش گرنگتر لە کابینەی نۆیەمدا کێشەی بەروبوومی دانەوێڵەی جووتیاران چارەسەر کراوە توانرا بە شێوەیەکی

**لە کابینەی نۆیەمدا کێشەی بەروبوومی دانەوێڵەی جووتیاران چارەسەر کراوە توانرا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک کۆ بکرێتەوە و بکڕدرێتەوە و بەرهەمەکانی جووتیاران ساخ بکرێنەوە**




ڕێکوپێك كۆ بكرێتەوە و بكڕدرێتەوە و بەرهەمەكانی جووتیاران ساخ بكرێنەوە. هاوكات لە بواری پێدانی هێمای بازرگانی بە كۆمپانیاكان لەم كابینەیەدا بەم شێوەیە ڕووی لە زیادبوون كرد، لە ساڵی ٢٠١٩دا ٤٠٧ - هێما بوو، تا مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٣ - ٧٩٩ هێما بوو، بەمەش لە تەمەنی ئەم كابینەیەدا ٣،٨٣٣ هێمای بازرگانی بە كۆمپانیاكان دراوە، ئەمەش هاوكاتە لەگەڵ هەڵكشانی ژمارەی مۆڵەتی هاوردەی كەلوپەل لە سەرجەم خاڵە سنوورییەكان بۆ سەرووی ٣٠،٠٤٠ مۆڵەت و هاوردەی ئۆتۆمبێلیش بۆ ٤،٩٠٦.

*** خاڵێكی گرنگی سەركەوتوو، ساخكردنەوەی گەنم و بەروبوومی جووتیارانی كوردستان بوو، ئایا لەم ڕووەوە چی كراوە؟**

- دوای چەندین ساڵ بە هەوڵ و كۆششی سەرۆك وەزیران و تیمەكەی لە ئەنجومەنی وەزیران توانرا ئەو ترس و دڵەڕاوكێیە كۆتایی پێ بهێنرێت كە لە بواری ساخكردنەوەی بەرهەمەكانی جووتیاراندا هەبوون، بەتایبەتی بەروبوومی گەنمی جووتیاران، ئێستا لە هەر سێ پارێزگای (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) سێ سایلۆ لە (قوشتەپە و كەلار و ڕۆڤیا) دروست كراون، هەریەكە بە توانای ٤٠ هەزار تەن، ئەمە جگە لەو كۆگایانەی كە هەر یەكەیان هەشت كۆگای هەیە و لە كاتی پێویستدا دەتوانرێت گەنمی تێدا ئەمبار بكرێت، بە شێوەیەكی گشتی لە ساڵی ٢٠١٩ وە بۆ ٢٠٢٣ بڕی گەنمی وەرگیراو لە جووتیارانی هەرێمی كوردستان ١،٦٩٢،١٨٦ تەن بووە، كە لە ساڵی ٢٠٢٣ بەراورد بە ساڵانی پێشوو بۆ ٤٩٩،٦٣٣ تەن بەرز بووەتەوە، دوای ئەوەی لە سەرجەم سایلۆكانی كوردستان گەنم بە شێوەیەكی ڕێكوپێك لە هاووڵاتیان وەرگیراوە، لە سەرجەم سایلۆكانی (مەخموور و هەولێر و قوشتەپە و پیرەمەگروون و ڕانیە و شارەزوور و چەمچەماڵ و كەلار و فایدە و شێخان و زاخۆو بەردەڕەش و ڕۆڤیا).

لە بواری بووژانەوەی كەرتی كشتوكاڵ و دڵنیاییدان بە جووتیاران تاوەكو بەرهەمەكانیان ساخ بكرێتەوە، ئەمەش گەورەترین پاڵپشتییە بۆ جووتیاران و كەرتی كشتوكاڵ، توانرا بۆ یەكەمین جار بەرهەمەكانی هەنار و سێو و هەنگوین و چەندین بەرهەمی دیكە لە بازاڕەكانی كەنداو

**دوای چەندین ساڵ بە هەوڵ و كۆششی سەرۆك وەزیران و تیمەكەی لە ئەنجومەنی وەزیران توانرا ئەو ترس و دڵەڕاوكێیە كۆتایی پێ بهێنرێت كە لە بواری ساخكردنەوەی بەرهەمەكانی جووتیاراندا هەبوون**



و ئەورووپا ساخ بکرێنەوە، لە ڕێگەی کەرتی بازرگانییشەوە پاڵپشتی بەرهەمەکانی نێوخۆیی مریشك و هێلکە و ماسی و ئاژەڵ کران، کە وای کردووە لە زۆر بواردا بگەنە قۆناغی خۆبژێوی، لە لایەکی دیکەوە توانرا چەندین کۆگای ساردکەرەوە و کارگەی پیشەسازی لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا دروست بکرێت. بۆ ئەمساڵیش لە سایلۆکانی هەرێمی کوردستان ئامادەکاری کراوە و هەموو ئاسانکارییەك بۆ ئەو جووتیارانە پێشکەش دەکەین بۆ ئەوەی گەنمەکانیان ڕادەست بکەن، کە بۆ هەرێمی کوردستان ٧٠٠ هەزار تەن دیاری کراوە، کە ٢٠٠ هەزار تەنی لە ساڵی پار زیاترە و ٢٨٢ هەزار تەنی بۆ سلێمانی، ٢٢٨ هەزار تەنی بۆ هەولێرە، ١٨٩ هەزار تەنیشی بۆ دهۆکە، داوامان لە برا جووتیارەکان کردووە کە پابەندی ئەو ڕێنمایی و ڕێکارانە بن کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کشتوکاڵی پارێزگەکانەوە لە بنکەکان هەیە، کە بتوانن گەنمێکی خاوێنمان ڕادەست بکەن.

*** باسی هەموارکردنەوەی یاساکان و دەرکردنی ڕێنمایی نوێی بازرگانیت کرد، کە وەکو ژێرخانێکی یاسایی و ئاراستەکردنی کەرتی بازرگانی زۆر پێویست بوو. ئایا گرنگترینی ئەو یاسا و ڕێنماییانە چین کە لەم کابینەیەدا دەر کراون؟**

- لێرەدا تەنیا ئاماژە بە گرنگترینی ئەو هەموارکردنی یاسا و ڕێنماییانە دەکەم کە بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی کەرتی بازرگانی گرنگ بوون، لەوانە (یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان، یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بازرگانیی عێراقی ژمارە ٣٠ی ساڵی ١٩٨٤ بە یاسای ١٥ی ساڵی ٢٠٢١، یاسای هەموارکردنی یاسای ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان، یاسای هەمواری یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەیڕەوی تۆماری ناوی بازرگانی، ئامادەکردنی پەیڕەوی یاسای کێبڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرخکاری لە هەرێمی کوردستان، ئامادەکردنی پرۆژە یاسای جێبەجێکردنی یاسای ڕێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی، ئامادەکردنی پرۆژە یاسای ناوچە پیشەسازییە ڕێکخراوەکان، ئامادەکردنی پرۆژە یاسای ناوچە پیشەسازی و بازرگانی و لۆجیستییە ئازادەکان، ئامادەکردنی

**هوشیاریی تاك وای کردووە خەڵك حکومەتەکەی خۆیان خۆش بوێت و هاوکار و هەماهەنگ بن بۆ دەستنیشانکردنی ساختەکاری و دوورکەوتنەوە لە براندی خراپ و بەکارنەهێنانی کەلوپەلی ماوەبەسەرچوو**




پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەت)، ئەمە جگە لەوەی زیاتر لە ١٦ ڕێنمایی بۆ کەرتەکانی بازرگانی و پیشەسازی دەرچووە، بۆ بەخشینی بەشەخۆراك و ئاردی هاووڵاتیانی پارێزگاکانی کوردستان و مۆڵەتی هەویرکاری و ڕێنمایی تایبەت بە هاوردن و هەناردە و چاودێریی بازرگانی و پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و مۆڵەتی کارکردنی نووسینگەکانی ژووری بازرگانیی بیانی و سەنتەرە بازرگانییەکان و، دامەزراوە ئابوورییەکان و چەندین ڕێنمایی دیکەی پێویست کە ڕۆڵیان لە گەشەی بازرگانی و زیادکردنی جووڵەی بازاڕدا هەبووە، لە بواری پەرەپێدانی مرۆییش ١،٢٨٨ خول بۆ فەرمانبەران و کەرتی تایبەت ئەنجام دراون.

*** باسی چاودێریکردنی بازاڕ و بەدواداچوونت بۆ بەرهەمی ماوەبەسەرچوو کرد، گەمەکردن بە مارکە و ساختەکاری لە بازاڕێکی وا گەورەی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا کارێکی هەروا ئاسان نییە، ئایا چۆن توانیوتانە سەرپێچییەکان ئاشکرا بکەن و بەردەوام چاودێرییەکی باشی دۆخی بازاڕ بکەن و قۆرخکاری نەهێڵن و سەقامگیریی بازاڕ بپارێزن؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، دەبێت ئەوە ڕاستییە بزانن کە حکومەت و هاووڵاتی هاوکار و پاڵپشتی یەکتر بوون. هوشیاریی تاك وای کردووە خەڵك حکومەتەکەی خۆیان خۆش بوێت و هاوکار و هەماهەنگ بن بۆ دەستنیشانکردنی ساختەکاری و دوورکەوتنەوە لە مارکەی خراپ و بەکارنەهێنانی مەوادی ئیکسپایەر. بەڕێوەبەرایەتییەکانی بازرگانی و چاودێریی بازاڕیشەوە ڕۆڵی گەورە و گرنگیان هەبووە هەر لە پشکنین و چاودێریکردنی نرخ و کوالێتی و مادەی ماوەبەسەرچوو، ئەمەش لە ڕێگەی لێژنەکانی چاودێری و بەدواداچوونی بازاڕەوەیە، بە هاوبەشی لەگەڵ لێژنەکانی پارێزگاکان سزای توندی سەرپێچیکاران دراوە، لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تا مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٣ لێژنەکانمان ٢٢٧،١٩٣ سەردانیان کردووە و ٧،٦٤١ کەس سزادراون و ١٣٥٤،٢٠١ مەوادی ئیکسپایەر دەستی بەسەردا گیراوە و فەوتێندراوە، ئەمە وێرای دابەشکردنی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك.

**تا مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٣ لێژنەکانمان ٢٢٧،١٩٣ سەردانیان کردووە و ٧،٦٤١ سزادراو هەیە و ١٣٥٤،٢٠١ کەلوپەلی ماوەبەسەرچوو دەستی بەسەردا گیراوە**




# ژێرخانی کارەبا لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بونیاد نرایەوە




وەزارەتی کارەبا وەکو وەزارەتێکی خزمەتگوزاری و پەیوەست بە ژیان و بژێوی هاووڵاتیان و ئابووریی هەرێمی کوردستانەوە، لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گرنگیەکی زۆری پێدرا. لەدوا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا باس لە هەوڵەکانی وەزارەت بۆ باشترکردنی خزمەتگوزاریی کارەبا و زیاترکردنی بڕی کارەبای بەرهەمهێنراو کرا، کە لە ئاکامی چاکسازییەکانی سێکتەری کارەبا ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی ١٥ وێستگەی بەرهەمهێنانەوە گەیشتووەتە ٣٠٨٩ مێگاوات کارەبا، ئەمە لە کاتێکدا ژێرخانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ٧٤٠٠ مێگاوات، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایی و کەمیی سووتەمەنییەوە نەتوانراوە ئەم بڕە کارەبایە بەرهەم بهێنرێت. لەلایەکی دیکەوە بەردەوامیی زیادبوونی خواست بۆ سەرووی ٥٠٠٠ مێگاوات کە بە هۆی گەشەی ساڵانەی هاوبەشانی کارەبا و هەڵکشانی خواست لە هەردوو وەرزی زستان و هاوین دروست دەبێت، ڕێگر بووە لەوەی کاتەکانی پێدانی کارەبا زیاد بکرێت، بەڵام ژمارەی ئەو پڕۆژانەی لە کەرتەکانی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردن) ئەنجام دراون زۆرن و لەپاڵ ئەو چاکسازییە ئیدارییانەی جێبەجێ کران، بە شێوەیەکی خێراتر مامەڵەی هاووڵاتیان بەڕێوە دەبرێت. هەر بۆیە لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا توانرا پلانی پڕۆژە بەردەوامەکان و پێشنیارکراوەکان بۆ چوار ساڵی کابینە ئامادە بکرێت و، ماستەرپلانی وەزارەت نوێ کرایەوە و وێستگەکانی بەرهەمهێنان زیاد کران و وێستگەی هایدرۆپاوەری دێرەلۆك و هەڵمی خەبات بەگەڕ خران. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ هەر یەك لە ئەردەڵان دوسکی بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی کارەبا و فارس میرخان بەڕێوەبەری گشتیی گواستنەوەی کارەبا سازدا.

ئەردەڵان دۆسکی

بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی کارەبا بۆ گوڵان:

# بۆ یەکەم جار لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق وێستگەی ١٦٥ مێگاواتی کارەبا لە گەرمیان بەسوودوەرگرتن لە گازی بەفیڕۆچووی کێڵگەکانی نەوت بەگەڕ خرا



ئەردەڵان دۆسکی بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی کارەبا سەبارەت بە پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی بواری کارگێڕی و باشکردنی خزمەتگوزارییەکان و چاکسازییەکان لە وەزارەتی کارەبا گوتی: «پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی بواری کارگێڕی و باشکردنی خزمەتگوزارییەکان خاڵێکی گرنگی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، بەتایبەتی لە بواری بەدیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییەکان و مامەڵە ئەلەکترۆنییەکان و جێبەجێکردنی چاکسازی و باشکردنی ژێرخانی کەرتی کارەبا و دەرکردنی یاسای نوێی وەزارەتی کارەبا، بۆیە هەریەك لە کارەکانی (باشترکردنی شێوازی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان بەتایبەتی لە بواری پۆستی ئەلکترۆنی و هەنگاونان بەرەو حکومەتی دیجیتاڵی و دامەزراندنی سکاڵای ئەلکترۆنی و ڕێکخستنەوەی یەکە ئیدارییەکان و دامەزراندنی چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی و یەکەی ئیداری و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان) گرنگییەکی زۆری بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێرا ئەنجامدانی مامەڵەی هاووڵاتیان و ئەم خزمەتگوزارییە گرنگە هەبووە. بە تەئکید ئیدارە ڕۆڵێکی گەورەی لە وەڵامدانەوەی خواست و ویستی هاووڵاتیان هەیە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو دەستکەوتانە دەکەم کە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە کەرتی کارەبا بەدەست هاتوون:

- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان لە ئیدارە سەربەخۆکان و کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی کارەبا لە (دەربەندیخان، پێنجوێن، سەید سادق، بازیان، بنەسڵاوە، عەنکاوە، خەبات و پشدەر و.. تادوایی).
- دانانی سیستەمی ئەلکترۆنی لە نێوان وەزارەت و کارەبای پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێرا ڕاییکردنی نووسراوەکان.
- یاسای نوێی وەزارەتی کارەبا و ڕێنمایی نوێی کارەبا دەرچوو.
- دانانی تۆڕێکی فراوانی ژمارە تەلەفۆنەکانی چاککردنەوەی کارەبا کە خۆی لە زیاتر لە ٣٠٠ ژمارە تەلەفۆن دەدات، ئەمە جگە لە دانانی دەیان پەیجی سۆشیال میدیا.
- دانانی سیستەمی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر لەسەر بینای وەزارەت، کە بۆ یەکەم جارە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان لەسەر بینای میری ئەم سیستەمە دادەنرێت.
- دانانی سیستەمی پسوولەی ئەلکترۆنی بۆ هاوبەشانی کارەبا.
- دانانی پۆرتاڵی خزمەت و سکاڵای ئەلکترۆنی.
- کردنەوەی سەدەها خولی ڕاهێنان و پەرەپێدان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانانەوە.

**دانانی سیستەمی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر لەسەر بینای وەزارەت، کە بۆ یەکەمین جارە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان لەسەر بینای میری ئەم سیستەمە دادەنرێت**

لە سێکتەرەکانی دیکەشدا هەنگاوی گەورە و بوێر نراون، بۆ نموونە بۆ یەکەمینجار لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق وێستگەی ١٦٥ مێگاواتی کارەبا لە گەرمیان بەسوودوەرگرتن لە گازی بەفیڕۆچووی کێڵگەکانی نەوت بەگەڕ خرا، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ دەرکردنی ڕێنمایی بۆ پێشخستنی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی وزەی خۆرەوە کە لە یاسای نوێی وەزارەتمان ئاماژەمان پێداوە و چەندین گرێبەستیش واژوو کراون بۆ دانانی وێستگەکانی وزەی خۆر، هەروەها لەلایەن وەزارەتی کارەبا و کەرتی تایبەتەوە بڕی زیاتر لە ٢٠ مێگاوات کارەبا لەم شوێنانە دانراون (دیوانی وەزارەتی کارەبا، زانکۆی دهۆك، ڕێزان، فامڵی مۆڵی سلێمانی، کارگەی کۆیە، ئۆردوگای پەنابەران). سەبارەت بە کارکردن بۆ بەدیجیتاڵیکردنی خزمەتگوزارییەکانیش بۆ خێرا ڕاپەڕاندنی مامەڵەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان هەنگاوی گرنگمان لەم ڕووەوە ناوە، لەوانە بەکارهێنانی پۆستی ئەلکترۆنی و کارکردنی پۆرتاڵی خزمەت و ڕاگەیاندن کارا کرا بۆ ئەوەی لە خزمەتی ڕۆژنامەنووساندا بێت و ببنە پردێك لە نێوان هاووڵاتیان و وەزارەت.

**بۆ سەرووی ٦٠ هەزار هاوبەشی کارەبا لە ٢٤ سیتی و سێ بازاڕ دانراون و ٣٣٠ مۆولیدەی ئەهلی کوژاونەتەوە**

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە بە وەرچەرخان دادەنرێت لەبواری ڕێکخستنی پێدانی کارەبا، پێوەری زیرەك بوو بۆ زیاتر لە ١،٩٠٠،٠٠٠ هاوبەشی کارەبا هەیە کە لەم ژمارەیە بۆ زیاتر لە ١،٣٤٥،٠٠٠ هاوبەشی کارەبا پێوەر بەستراوە کە ڕێژەکەی دەکاتە ٧٣٪ و

فارس میرخان

بەڕێوەبەری گشتیی گواستنەوەی کارەبا بۆ گوڵان:

# جێبەجێکردنی دەیان پرۆژەی ڕاکێشانی هێڵ و وێستگەی کارەبا دەستکەوتێکی گرنگە



هەنگاویش بۆ سیستەمی پریپەید نراوە و بۆ سەرووی ٦٠ هەزار هاوبەشی کارەبا لە ٢٤ سیتی و سێ بازاڕ دانراون و ٣٣٠ مۆلیدەی ئەهلی کۆژاونەتەوە.

دامەزراندنی دەیان وێستگەی گواستنەوەی کارەبا و ڕاکێشانی هەزارەها کیلۆمەتر هێڵی پاڵەپەستۆی بەرزی کارەبا، شادەماری بونیادنانی ژێرخانی کارەبای هەرێمە».

سەبارەت بە پرۆژەکانی هێڵ و وێستگەکانی گواستنەوەی کارەبا کە بە شادەماری ژێرخانی کارەبا دادەنرێت؛ فارس میرخان بەڕێوەبەری گشتیی گواستنەوەی کارەبا گوتی: «لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆری جێبەجێکردنی پرۆژەکانی گواستنەوەی هێڵی پاڵەپەستۆی بەرز و دامەزراندنی وێستگەکانی مۆبایل و وێستگەکانی ١٣٢ کەی ڤی ڕاوەستابوو، بە پاڵپشتیی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانرا لەم کابینەیەدا ژمارەیەکی یەکجار زۆری پرۆژەکانی گواستنەوەی کارەبا و دامەزراندنی وێستگەکان دابنرێت کە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە هەندێکیان بدەین:

- دامەزراندنی وێستگەکانی گۆڕینی ١٣٢ کەی ڤی لە بازاڕی نیشتمان، نووسەران، شاوێس، باداوە، کەسنەزان، ئازادیی نوێ، برایەتی، فراوانکردنی وێستگەی سۆران و دامەزراندنی وێستگەی ڕووناکی و بەحرکە و شێروان مەزن و پردی حافز و چۆمان و حاجی ئۆمەران و سۆران ٢، هەروەها دابینکردنی سێ مۆبایل بۆ سلێمانی و سەید سادق و چەمچەماڵ و وێستگەی مۆبایلی ساڵح ئاغا لە ناحیەی قورەتوو، لەگەڵ پرۆژەی دابینکردنی شەش وێستگەی مۆبایل لە پارێزگای دهۆك.

- نۆژنکردنەوەی وێستگەکانی مۆبایلی پارك لە عەینکاوە و سەلاحەدین و تەواوکردنی وێستگەی مۆبایلی شەمامك.

- بەستنەوەی وێستگەکانی کارەبای شاوێس و کەسنەزان و ئازادیی نوێ و ڕووناکی و بەحرکە بە تۆڕی کارەبای نیشتمانییەوە.

- گواستنەوەی وێستگەکانی مۆبایلی ئازادیی کۆن و شەش وێستگەی مۆبایل لە هەولێر لە (دارەشەکران، مەخموور، کەندیناوە، تیمار و سۆران).

- پرۆژەی دانانی پاوەر ترانسفۆرمەر لە چۆمان و پرۆژەی چاککردنەوەی وێستگەکانی باشوور- ئازادی – تورەق و چاککردنەوەی گۆڕەری وێستگەکانی (هەولێری نوێ و وێستگەی پارك و سۆران).

- کڕینی گۆڕەری ١٦ میگاواتی بۆ وێستگەی سیدەکان و چاککردنەوەی گۆڕەری وێستگەی زاخۆ – تلکەبەر.

لە بواری هێڵەکانی پاڵەپەستۆی بەرزیشدا دەستکەوتی گەورە بەدەست هاتووە، لە هەمووی گرنگتر بەستنەوەی تۆڕی پاڵەپەستۆی بەرزی پارێزگای دهۆك بوو بە تۆڕی کارەبای نیشتمانیی کوردستانەوە، هەروەها ڕاکێشانی هێڵەکانی پاڵەپەستۆی بەرز لە نێوان بازیان - ڕانیە و تانجەرۆ- سەید سادق و سەدان پرۆژەی دیکەی هێڵ لە ناوچەکانی هەولێر- قوشتەپە، شاوێس، ڕۆژهەڵاتی هەولێر، تەق تەق، ئازادیی نوێ لە کەسنەزان، سۆران – مێرگەسوور – بارزان، سەنتەری هەولێر - ڕۆژئاوای هەولێر، وێستگەی ئازادیی نوێ بە وێستگەی ڕووناکی و چارەسەرکردنی کێشەی هێڵی دووکان و هێڵی کارەبا لە وێستگەی هەڵەبجەی شەهید بۆ خاڵی ناوەندی هێڵی ٣٣ لە وێستگەی خۆرماڵ و بونیادنانی هێڵی ٣٣ کەی ڤی لە نێوان وێستگەکانی ٣٣ کەی ڤی و ١٣٢ کەی ڤی لە کفری و گۆڕینی تەلی گەیەنەری نێوان وێستگەی کەلار – کفری، لەگەڵ پرۆژەکانی بونیادنانی هێڵی ١٣٢ کەی ڤی لەنێوان وێستگەی هەڵمی خەبات – زەنگەنان و کاشێ- وێستگەی تەلکەبەر و تەواوکردنی پرۆژەی دانان و بەستنەوەی هێڵەکانی کارەبا بۆ بەستنی وێستگەکانی (کەلەکچی – قەسروك) و (زەنگەنان – دارەتوو) و ( زەنگەنان – بەردەڕەش ) و (دومیز – شاریا)، ئەمانە بەشێکی ئەو پرۆژە و کارانە بوون، کە بۆ بونیادنانی ژێرخانی کارەبا و گواستنەوە و گەیاندنی خزمەتگوزاریی وزەی کارەبا بۆ هاووڵاتیان بایەخی لە ڕاددەبەدەری هەیە.

**بە پاڵپشتیی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانرا لەم کابینەیەدا ژمارەیەکی یەکجار زۆری پرۆژەکانی گواستنەوەی کارەبا و دامەزراندنی وێستگەکان دابنرێت**

**لە بواری هێڵەکانی پاڵەپەستۆی بەرزیشدا دەستکەوتی گەورە بەدەست هاتووە، لە هەمووی گرنگتر بەستنەوەی تۆڕی پاڵەپەستۆی بەرزی پارێزگای دهۆک بوو بە تۆڕی کارەبای نیشتمانیی کوردستانەوە**

بۆعاز عەتزیلی، زانایەکی سیاسییە و توێژەر و پرۆفیسۆری سیاسەتی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن دی سی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە ئاسایشی نێودەوڵەتی دەدات بە چڕکردنەوەی سەرنج لەسەر سیاسەتی پەیوەست بە سنوورەکان و ناکۆکییەکانی خاك و لایەنە نێودەوڵەتییەکانی لاوازبوونی دەوڵەت. چەندین توێژینەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین ئەنجام داوە. گولان دیمانەیەکی لەگەڵ دا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای جیهان و ئەو نیگەرانی و نادڵنیاییانەی باڵی بەسەردا کێشاوە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە هەردوو شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و شەڕی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## پرۆفیسۆر بۆعاز عەتزیلی بۆ گولان:

# هێشتا بەدیلێکی باشتر بۆ سیستمی نێودەوڵەتی دروست نەبووە

## دیمانەی تایبەت



* وەك ئاشكرایە لە ئێستادا نادڵنیایی و نیگەرانییەكی بەرچاو باڵی كێشاوە بەسەر جیهاندا، ئەوەتا شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا زیاتر بەرەو هەڵكشان دەچێت، بارگرژییەكانی نێوان ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و چینیش لە زیادبووندایە، لە ئێستادا نەك هەر شەڕی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس بەردەوامە، بەڵكو باس لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنانیش دەكرێت. ئێوە وەك كەسێكی تایبەتمەندی بواری كاروبارە نێودەوڵەتییەكان، پێتان وایە ڕەوشەكە لە چ بارێكدایە و ئایا دەكرێت بڵێین بە شێوەیەكە كە ڕەشبینمان بكات؟

- من پێم وایە ئەگەر لە ئایندەی نزیك بڕوانین، ئەوا دەكرێت بڵێین ڕەشبینییەك لە ئارادایە، هەرچەندە دەبێت ئەوەش بڵێین كە شەڕ و ناكۆكییەكان شتێكی نوێ نین، بەڵكو هەمیشە شەڕ لە بەشێكی جیهاندا هەر هەبووە، هەندێ جار توند دەبنەوە و هەندێ جاریش خاو دەبنەوە، بەڵام دەكرێت بڵێین بە شێوەیەكی گشتی بە ئاستێكی بەرچاو نیگەرانی هەیە. ئەوەی پەیوەست بێت بە شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیاوە، ئەوا ئەمە شەڕێكی گرنگە، چونكە هێزە مەزنەكانی جیهان لەخۆ دەگرێت، وەك ڕووسیا، كە بە شێوەیەكی ڕوون و ئاشكرا تەحەددای سیستەمە نێودەوڵەتییەكە دەكات. هەروەها ئێوە باسی هەڵكشانی بارگرژییەكانتان كرد لە نێوان ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و چیندا، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەگەری زیادبوونی ئەم گرژییانە لە ئارادایە، چونكە ئێمە دەزانین لە نێو هەلومەرجێكدا كە تێیدا هێزێك بەرەو بەهێزبوون و هەڵكشان بچێت و هێزێكیش بەرەو داكشان

**لە نێو هەلومەرجێكدا كە تێیدا هێزێك بەرەو بەهێزبوون و هەڵكشان بچێت و هێزێكیش بەرەو داكشان بچێت، ئەوا ئەمە بارودۆخێكی مەترسیدار دروست دەكات**



**پێم وانییە بارگرژییەکانی نێوان ئەمریکا و چین بە شێوەیەکی حەتمی بەرەو هەڵکشان بچن و ناکرێت بڵێین بەدڵنیاییەوە سەردەکێشێت بۆ ڕوبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆی نێوان ئەم دوو وڵاتە**

بچێت، ئەوا ئەمە بارودۆخێکی مەترسیدار دروست دەکات، مەبەست لە مەترسی شەڕ و ناکۆکییە، چونکە ئەمانە ئەو ساتەوەختانەن کە تێیدا کە هەوڵ دەدرێت تەحەددای ڕێساکانی گەمەکە بکرێت و دووبارە دابڕێژرێتەوە و دووبارە گفتوگۆی لەبارەوە بکرێتەوە، بەڵام سەرباری ئەوەش پێم وانییە بارگرژییەکانی نێوان ئەمریکا و چین بە شێوەیەکی حەتمی بەرەو هەڵکشان بچن و ناکرێت بڵێین بەدڵنیاییەوە سەردەکێشێت بۆ ڕوبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆی نێوان ئەم دوو وڵاتە.

*** ئایا دەکرێت ئاماژە بەو هۆکارانە بکەن کە دەبنەهۆی ئەوەی ئەم بارگرژییانە بە چەشنێك بەرەو هەڵکشانێك نەچن کە بەرەو ڕووبەڕووبونەوە و پێکدادانی ڕاستەوخۆ بڕوات؟**

- ئێمە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە چەند هۆکاری گرنگ لەم ڕووەوە لەئارادان، کە دەکرێت ئاماژە بە دوو فاکتەری گرنگ بکەین، یەکەمیان ئەوەیە کە هێشتا ئاست و ڕاددەیەکی گەورەی پێکەوەگرێدان و پێکەوەبەسترانی ئابووری لە نێوان چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە، واتە ئاستێکی بەرزی بازرگانی و وەبەرهێنان لە نێوانیاندا لە ئارادایە، کەواتە ئەگەر ناکۆکی و ڕووبەڕووبونەوەیەکی گەورە ڕوبدات لە نێوانیاندا، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی پچڕاندن و پەکخستنی ئەم ڕایەڵ و پەیوەندییە ئابوورییانە، کەواتە ئەمە هۆکارێکی گرنگە کە دەبێتە هۆی خاوکردنەوەی ئەم ئەگەرە. دووەمیان پەیوەستە بە چەکی ناوکییەوە، واتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە هەردوو وڵاتەکە خاوەنی چەکی ناوکین، و هەردووکیان توانای ئەوەیان هەیە کە ئەگەر هێرشێکی ناوکیان بکرێتەسەر، ئەوا دەتوانن لە بەرانبەردا هێرشێکی ناوکی ئەنجام بدەنەوە وەك تۆڵەکردنەوەیەك، ئەمەش بەو واتایە دێت کە هەردوو وڵاتەکە باجێکی گەورە دەدەن لە شەڕێکی لەم چەشنەدا، پێم وایە ئەمانە ئەو هۆکارانەن کە هەردوو وڵات ڕەچاوی دەکەن.

*** کەواتە دۆخی نێوان ئەمریکا و چین جیاوازە بەراورد بە دۆخی نێوان ڕووسیا و وڵاتانی ڕۆژئاوا؟**

- بەڵێ، پێم وایە دۆخی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین جیاوازن، لەبەر ئەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوانیان قووڵ و فرەڕەهەندتر و ئاڵۆزترن، چونکە پەیوەندییە بازرگانییەکانیان تەنیا پەیوەست نییە بە کاڵایەکەوە وەك نەوت کە وڵاتێك بیفرۆشێت بە وڵاتێکی دیکە، بەڵام زنجیرەی بەرهەمهێنان هەن کە دەکرێت پەك بخرێن. سەرباری ئەوانەش هەردوولا کاریان کردووە بۆ لێك دوورکەوتنەوە و دۆزینەوەی بازاڕی بەدیل، واتە خۆبەدوورگرتن لەوەی پتر پشت بە یەکدی ببەستن.

* ئێوە ئاماژەتان بە پرسی پشت بە یەکدی بەستنی ئابووری و بوونی رایەڵی پەیوەندییە بازرگانییەکان کرد، وەک هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕ و ناکۆکی، کە پێش ئەوەی رووسیا دەست بە داگیرکردنی وڵاتی ئۆکرانیا بکات، ئاماژە بەوە دەکرا کە پەیوەندییە ئابوورییەکانی رووسیا و وڵاتانی رۆژئاوا بە چەشنێکن، کە دەبنە هۆی ئەوەی رووسیا بیر لە بڕیارێکی لەم شێوەیە نەکاتەوە، بەڵام هەموو دەزانین کە رەوتی رووداوەکان بە ئاراستەیەکی دیکەدا رۆیشتوون، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟

- من پێم وایە خودی پشت بە یەکدی بەستنی ئابووری، بە تەنیا نابێتە ئاستەنگ و رێگر لەبەردەم هەڵگیرسانی شەڕدا، واتە ئەمە بە تەنیا نابێتە هۆی ئەوەی روودانی شەڕ شتێکی مەحاڵ بێت، بەڵکو تەنیا هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری بەرپابوونی شەڕ، ئەویش لەبەر ئەوەی وادەکات کە سەرکردەکان بڕیاری عەقڵانی بدەن لەبارەی تێوەگلان لە شەڕەوە. ئەوەی پەیوەندی بە شەڕی رووسیا و ئۆکرانیاوە هەبێت، ئەوا لە ئێستادا رووسیا کەمتر پشت بە پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ رۆژئاوا دەبەستێت و تا رادەیەک ئابوورییەکی سەربەخۆی هەیە، دواتر ئاشکرایە کە زۆربەی بازرگانیی رووسیا پەیوەستە بە فرۆشتنی نەوتەوە، هەروەها رووسیا توانیویەتی ئاراستەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی بگۆڕێت بەرەو چین و هەندێ وڵاتی دیکە، هەروەها چەندین وڵاتی دیکە هەن کە پەیوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ رووسیا نەپچڕاندووە.

* کەواتە دەتوانین بڵێین کە هەر ئەم رێکارانەی رووسیا بوون بۆ گۆڕینی ئاراستەی پەیوەندییە ئابوورییەکان بەرەو چین و وڵاتانی دیکە و دابڕینی لە رۆژئاوا و، هۆکارێک بوون بۆ کەمبوونەوە کاریگەریی سزا سەپێندراوەکانی سەری لەلایەن وڵاتانی رۆژئاوە، بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؟

- بە دڵنیاییەوە رووسیا بەهۆی ئەم سزا ئابوورییانەوە تووشی کێشە بووە کە لەلایەن وڵاتانی رۆژئاواوە سەپێندراون بەسەریدا، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەم سزایانە نەبوونە هۆی پەکخستنی ئابووریی رووسیا.

* لێکدانەوەیەک هەیە لەبارەی ئەوەی کە روودانی ئەم شەڕانە و ئەم پشێوییانەی لە ئێستادا لە ئارادان، ئاماژەن بە ناکارایی، یان شکستهێنانی سیستمی نێودەوڵەتی، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟

- دەتوانین بڵێین بەڵێ و نەخێر، چونکە هەر بەردەوامبوونی ئەم شەڕانە خۆی لە خۆیدا بەو مانایە دێت کە سیستمە نێودەوڵەتییەکە رووبەڕوی ئالنگاری بووەتەوە، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە هیچ کاتێک ئەم سیستمە نێودەوڵەتییە بێ کەموکووڕی نەبووە و هەمیشە بێلایەن نەبووە، لەبەر ئەوەی لە نێو ئەم سیستمەدا وڵاتێک نەبووە کە باڵادەستیی هەبێت، بەڵکو ئەمە سیستمێکە کە هەندێ وڵات دەسەڵات و هێزیان لە وڵاتانی دیکە زیاترە، بەڵام وڵاتێک نییە هەژموونی بەسەر هەمووانداهەبێت. کەواتە بە دڵنیاییەوە ئەم سیستمە رووبەڕووی ئالنگاری بووەتەوە و ئێمە لاوازییەکەی بەدی دەکەین، بەڵام من دڵنیا نیم لەوەی بتوانین بڵێین شکست، ئەمە بۆ (بەڵێ) کە بوو. ئەوەی پەیوەست بێت بە (نەخێر)ەوە، ئەوا دەکرێت پرسیاری ئەوە بکەین: ئایا بەدیلی ئەم سیستمە چییە؟ ئایا بەدیلێکی باشترمان هەیە بۆ ئەم سیستمە؟ دواتر با ئێمە هەر لە پەیوەندی بە شەڕەوە باس لەم سیستمە نەکەین، بەڵکو لە رووی ئابوورییشەوە لێی بڕوانین، باشە ئەگەر بانکێکی جیهانی نەبێت قەرز بە وڵاتان بدات و ئەگەر سندوقی نێودەوڵەتیی دراو نەبێت کە ئەو وڵاتانە رزگار بکات کە لە لێواری شکستدان، ئەگەر رێککەوتنی ئابووری نەبێت و رێکخراوی بازرگانیی نێودەوڵەتی نەبێت، کەواتە من بەدیلێکی باشتر بەدی ناکەم، واتە راستە لە هەندێ رووەوە شکست دەبینین، راستە ئەم سیستمە لە شوێنێکی دیاریکراوەوە سەرچاوەی گرتووە و سەری هەڵداوە و لایەنگریی بۆ رۆژئاوای پێوە دیارە، بەڵام بە چاوپۆشین لە هەموو ئەوانە ئەوا بیرۆکەی باش لەخۆ دەگرێت، ئەگەرچی بەو پەڕی توانای مرۆییشمانەوە نەمانتوانیوە ئەم بیرۆکە باشانە جێبەجێ بکەین.

**دۆخی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین جیاوازن، لەبەر ئەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوانیان قووڵ و فرەڕەهەندتر و ئاڵۆزترن**

**لە ئێستادا رووسیا کەمتر پشت بە پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ رۆژئاوا دەبەستێت و تا رادەیەک ئابوورییەکی سەربەخۆی هەیە**



پرۆفیسۆر جۆن موکوم مباکو بۆ گوڵان:

# حوکمڕانیی باش و کارا گەندەڵی سنووردار دەکات

# دیمانەی تایبەت

جۆن موکوم مباکو، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە ئابووریدا کە لە زانکۆی جۆرجیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەستی هێناوە، هەروەها خاوەنی بڕوانامەیە لە بواری سەرچاوە سرووشتییەکان و یاسای ژینگەیی لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی ئوتا. لە ئێستادا پرۆفیسۆری ئابوورییە لە زانکۆی ویبەر ستەیت، هەروەها توێژەرە لە ئامۆژگای برووکینگز لە واشنتۆن دی سی. بۆ تاوتوێکردنی پرسەکانی پەیوەست بە گەندەڵی و هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم پەتایە و چۆنیەتی سنووردارکردن و کەمکردنەوەی، هەروەها پەیوەندیی نێوان گەندەڵی و حوکمڕانیی باش و دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی تەشەنەکردنی گەندەڵی و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ دا ئەنجام دا.

*** وەك ئاشکرایە گەندەڵی پەتایەکی کوشندەیە و سەروەت و سامانی وڵات لەناو دەبات و ڕێگرە لە دروستبوونی حوکمڕانیی باش و توانای دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان بۆ هاووڵاتییان، ئێوەش کتێبێکتان نووسیوە لە بارەی گەندەڵییەوە، سەرەتا دەمانەوێت بزانین ئێوە چۆن لە پرسی گەندەڵی دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا گەندەڵی چەمکێکی باو و بڵاوە لە جیهاندا، دەکرێت لە تێکڕای ئابوورییە جیاوازەکاندا (بە ئیشتراکی و سەرمایەداری و تێکەڵەوە) هەبێت و لە ئارادا بێت، هەرچەندە دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە گەندەڵی کاریگەرییەکی زیاتری هەیە لە هەندێ لە ئابوورییەکاندا، بەڵام ڕاددەی کاریگەریی گەندەڵییش لەسەر ئەو ئابوورییە، پەیوەستە بە یاسا و دامەزراوەکانی نێو ئەو ئابوورییەوە.

بۆ نموونە، لە زۆربەی دەوڵەتەکانی باکووری ئەورووپادا، سیستمێکی حوکمڕانیی تەواو کارا هەیە، کە پاڵپشت و پتەو کراوە بە جێبەجێکردنی بنەمای لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، هەروەها میکانیزمێکی کارای هاوسەنگی و لێپرسینەوە و چاودێری لە نێوان ئەم دەسەڵاتانەدا بەرجەستەیە، کە ئەمەش دۆخێك دەخوڵقێنێت کە ئەگەری ئەوەی هەیە تێیدا گەندەڵی سنووردار بێت و کەم بکرێتەوە.

*** زۆر باشە، ئێوە ئاماژەتان بە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی ئەورووپا کرد و باستان لەوە کرد کە ئەم وڵاتانە توانیویانە سیستمێکی کارای حوکمڕانی بەدی بهێنن و سەرکەوتوو بن لە کەمکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی گەندەڵیدا، بەڵام ئێمە دەزانین کە وڵاتە تازە گەشەکردووەکان و ئەوانەی بە دەست حوکمڕانیی خراپەوە دەناڵێنن،**

**گەندەڵی کاریگەرییەکی زیاتری هەیە لە هەندێ لە ئابوورییەکاندا، بەڵام ڕاددەی کاریگەریی گەندەڵییش لەسەر ئەو ئابوورییە، پەیوەستە بە یاسا و دامەزراوەکانی نێو ئەو ئابوورییەوە**

**گەندەڵی بەوە پێناسە کراوە کە بریتییە لە سوودوەرگرتن لە پۆست و پایەی گشتی بۆ بەرژەوەندیی تایبەت و کەسی**

**سەرەڕای ئەوەی چاوچنۆکی هۆکارێکە بۆ گەندەڵی، بەڵام لە هەمان کاتدا پاڵنەری هەرە باڵا و زاڵ نییە بۆ پەنابردنەبەر گەندەڵی**

**هاووڵاتییانی وڵاتانی وەک دانیمارک و فنلەندا و نیوزلەندا و نەرویج و سەنگافورە و سوید بەراورد بە وڵاتانی ئەفریقا کەمتر چاوچنۆک نین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وڵاتانەی ئەوروپا کەمترین گەندەڵکارییان تێدایە لە سەر ئاستی جیهاندا**

**کێشەیەکی گەورەیان هەیە لە پەیوەندی بە گەندەڵییەوە، دید و بۆچونی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەگەر ئێمە لەم ڕووەوە ئاماژە بە وڵاتانی ئەفریقا بکەین، کە میراتێکی کۆڵۆنیاڵییان هەیە و تێیدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەژمونێکی گەورە و بەرچاوی هەیە بەسەر دەسەڵاتەکانی دیکەوە (یاسادانان و دادوەری)، ئەوا ئەمە هەلومەرجێکی دروست کردووە کە تێیدا گەندەڵی تەشەنە بکات و بەربڵاو بێت. دواتر با ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە گەندەڵی بەوە پێناسە کراوە کە بریتییە لە سوودوەرگرتن لە پۆست و پایەی گشتی بۆ بەرژەوەندیی تایبەت و کەسی، هەرچەندە بە زۆری دەستکەوتەکە بۆ کەسە گەندەڵکارەکە دەستکەوتێکی نەختینەییە، بەڵام مەرج نییە لە هەموو حاڵەتەکاندا بەم شێوەیە بێت.

*** ئێوە پێناسەی گەندەڵیتان کرد و ئاماژەتان بەوەکرد کە مەرج نییە دەستکەوتی کەسە گەندەڵکارەکە شێوەیەکی نەختینەیی وەربگرێت، ئایا دەکرێت ڕوونکردنەوەی زیاتر لەم بارەیەوە بدەن؟**

- ئەو پێناسەیەی من ئاماژەم پێ کرد پرسی وەرگرتنی بەرتیلیش لەلایەن فەرمانبەرە گشتییەکانەوە لە خۆ دەگرێت، ئەویش لە بەرانبەر وەرگرتنی بەرتیلدا، بۆ نموونە ڕەنگە فەرمانبەرێکی بەرپرس لە کۆکردنەوەی باج بە شێوەیەکی نایاسایی بڕی ئەو باجە کەم بکاتەوە کە ڕەنگە بزنیسکارێك، یان خاوەن کارێك پێویستە بیدات بە حکومەت، یان ئەوەتا ڕاستەوخۆ پێبژاردنێك بە پۆلیسێك، ئەفسەر، یان بریکارەکەی دەدات، ئەو کاتە پۆلیسە ئەفسەرەکە بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بەو کەسەی بەرتیلەکەی بەخشیوە لە ناو دەبات. هەروەها گەندەڵی ئەو دۆخەش لەخۆ دەگرێت کە تێیدا فەرمانبەرە مەدەنییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەرچاوە گشتییەکان (نەختینەیی بێت، یان نانەختینەیی) بۆ سوود و بەکارهێنانی خۆی بەکار دەهێنێت. بۆ نموونە وەزیرێك بەشێك لە بودجەی وەزارەتەکەی بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل بۆ کچە هاوڕێکەی بەکار دەهێنێت، یان دیکاتە مووچەخۆری وەزارەتەکەی و ڕێگەی پێ دەدات بە بەردەوامی مووچە وەربگرێت، بێ ئەوەی کار بۆ وەزارەتەکەی، یان هیچ فەرمانگەیەکی دیکەی حکومەت بکات، کە هەر لەوانەشە کچە هاوڕێکەی لە وڵاتەکەشدا نەبێت و لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێ بێت.

*** زۆر باشە، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە گەندەڵی لە چ بەش و وەزارەتێکی حکومەتدا پتر تەشەنە بکات، یان دەرفەت لە کوێدا زۆرە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی نیازی گەندەڵییان هەیە پەنای بۆ ببەن و بتوانن ئەنجامی بدەن؟**

- لە ڕاستیدا دەکرێت خراپ بەکارهێنانی پۆستی گشتی بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی کەسی لەسەر سەرجەم ئاستەکانی حکومەتدا ڕوو بدات، ئیدی هەر لە سەرۆکایەتی وڵاتەوە تا دەگاتە خوارترین ئاستی فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان. واتە دەکرێت فەرمانبەرێك کەرەستە و کەلوپەلە سەرەتاییەکانیش بۆ خۆی بفرۆشێتەوە لە پێناو دەستکەوتی ماددیدا. هەروەها وەزیرێکیش دەتوانێت ئەم کارە بکات، واتە کاتێك کە لە ڕووی یاساییەوە دەسەڵاتی کڕینی کەلوپەل بۆ وەزارەتەکەی هەیە، دەتوانێت بە شێوەیەکی نایاسایی و ناشەرعی کەرەستە و کەلوپەلی پێویست بکڕێت، بۆ نموونە (سەیارەی گرانبەها، مەشرووباتی کواڵیتیی بەرز، کەرەستەی نووسینگە و باڵەخانەکان و بابەتەکانی دیکە) و دواتر بیانفرۆشێتەوە بە خاوەنکارە تایبەتەکان و پارەیەکی زۆر لەم ڕێیەوە بەدەست بهێنن، هەموو ئەمانە شێوە و شێوازەکانی گەندەڵین.

*** قسە و باسێکی زۆر هەیە لەبارەی هۆکارەکانی سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی گەندەڵییەوە، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا هۆکارەکە کەلتوورییە، یان لاوازیی دامەزراوەکانە، یانیش نەبوونی لێپرسینەوە و دادوەری نەکردنە؟**

- ئەوەی لەم ڕووەوە و لە ڕوانگەی مێژووییەوە توێژەران ئاماژەیان پێ کردووە، ئەوەیە کە ڕایەڵ و پەیوەندییەك هەیە لە نێوان گەندەڵی و چاوچنۆکیدا، بەڵام توێژەرانی دەیەکانی ئەم دواییە، بەتایبەتی لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا ئەوەیان خستووەتە ڕوو کە سەرەڕای ئەوەی چاوچنۆکی هۆکارێکە بۆ گەندەڵی، بەڵام لە هەمان کاتدا پاڵنەری هەرە باڵا و زاڵ نییە بۆ



پەنابردنەبەر گەندەڵی، بەڵکو زیاتر دەدرێتە پاڵ بوونی سیستمێکی حوکمڕانیی لاواز و ناکارا، کە هۆکاری زۆربەی زۆری کارە گەندەڵکارییەکانە، چونکە دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە هاووڵاتییانی وڵاتانی وەك دانیمارك و فنلەندا و نیوزلەندا و نەرویج و سەنگافورە و سوید بەراورد بە وڵاتانی ئەفریقا کەمتر چاوچنۆك نین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وڵاتانەی ئەوروپا کەمترین گەندەڵکارییان تێدایە لە سەر ئاستی جیهاندا.

*** باشە مادەم ئاماژەت بە چەند وڵاتێکی دیاریکراوی ئەوروپا کرد کە کەمترین گەندەڵییان تێدایە بەراورد بە وڵاتانی دیکە، با پرسیاری ئەوە بکەین کە بۆچی ئەم وڵاتانە توانیویانە بەم شێوەیە بەرەوپێش بچن لە بواری کەمکردنەوەی گەندەڵیدا؟**

- سەرەتا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە لەم وڵاتانەدا ئاست و ڕادەیەکی بەرزی شەفافییەتی داراییان تێدایە، هاوشان بە بوونی ڕۆژنامەگەرییەکی ئازاد و کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی تۆکمە، هەروەها بونیادێکی حوکمڕانی کە بە چەشنێکە توانیویەتی بە چەشنێکی کارا سەروەریی یاسا بەدی بهێنێت و پیادە و پەیڕەوی بکات. ئێوە ئەم وڵاتانە بەراورد بکەن بە وڵاتانی وەك سووریا، سوودانی باشوور، ڤەنزویلا و سۆماڵ، کە ئاست و ڕادەیەکی زۆر کەمی شەفافییەتی داراییان تێدایە، هەروەها بونیادی حوکمڕانییان بە چەشنێکە کە نزیکەی هیچ لێپرسینەوە و چاودێرییەك نییە لە نێوان دەسەڵاتەکانیدا. تەنانەت ئەوەش بڵێین کە لەم وڵاتانەدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەتایبەتی سەرۆك کۆنترۆڵی دەسەڵاتەکانی دیکەی کردووە، واتە دەسەڵاتێکی دادوەریی سەربەخۆ نییە، و بە هیچ شێوەیەك ڕۆژنامەگەریی ئازاد لە ئارادا نییە، یان بە تەواوەتی لەلایەن حکومەتەوە جڵەو کراون.

*** ئەگەر پرسیار لەو دەرئەنجام و دەرهاویشتانە بکەین کە بەهۆی گەندەڵییەوە دێنە ئاراوە، ئایا پێت وایە گەندەڵی چی لێ دەکەوێتەوە و چ ئاکامێکی زیانبەخشی دەبێت؟**

- گەندەڵی دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتییان متمانەیان بە حکومەت نەمێنێت، هەروەها هۆکارێکە بۆ ئەوەی نەتوانرێت بە ئاسانی سیاسەتە گشتییەکان دابڕێژرێن و جێبەجێ بکرێن، هەروەها بۆی هەیە گەندەڵی ببێتە هۆی زیادکردنی باج و خەرجییەکانی ئەنجامدانی کاری وەبەرهێنان و بازرگانی، کە ئەمەش سەر دەکێشێت بۆ کەمبوونەوەی چالاکییە بازرگانییەکان و بەرهەمهێنانی سەروەت و سامان، لە جیهانی ئێستادا وڵاتە گەندەڵەکان لە ڕیزی وڵاتە هەژارەکاندان.

**گەندەڵی دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتییان متمانەیان بە حکومەت نەمێنێت، هەروەها هۆکارێکە بۆ ئەوەی نەتوانرێت بە ئاسانی سیاسەتە گشتییەکان دابڕێژرێن و جێبەجێ بکرێن**

# جیهان له نێوان هەڵچوونی سرووشت و وڕێنەی جیهانی شارستانیدا

«دەبێ منداڵەکانتان فێری ئەوەیان بکەن، خاکی ژێر پێیان خۆڵەمێشی باوك باپیرانیانە»

کۆلۆمبس کە لە ساڵی ١٤٩٢ ئەمریکای دۆزییەوە و بە گوتەی مێژوونووس (Todorov T١٩٨٤)، سەدەی شانزەیەم گەورەترین جینۆسایدی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لەسەر دەستی ئەم خوێنڕێژە بەخۆیەوە دی، ژمارەی قوربانییەکانی ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمارکرد لە هاووڵاتی دانیشتووانی ڕەسەنی ئەمریکا.. ئەمەش هەمووی لە ژێر دروشمی (the only good Indians are dead Indians) واتا «تەنیا هیندیە باشەکان هیندیی مردوون».

ئەمەش دەمانباتەوە سەر ئەو نوکتەیەی کە ستالین گوتوویەتی: «کوشتنی تاکێك تاوانێکە کە بە یاسا سزا دەدرێت، بەڵام کوشتنی ملیۆنێك تەنیا لە ژمارەیەکی ئاماری زیاتر نییە!» کاتێکیش هیندییە سوورەکان بۆ یەکەم جار چاویان بە کۆلۆمبس کەوت، هیندییە ژیرەکان ئامۆژگارییان کرد و پێیان گوت: کەلتووری ئێمە (Oby tender Nature) گوێڕایەڵی سرووشتی دووروبەرمانە، بۆیە هەوڵ مەدەن ببنە سەروەری ئەم سرووشتە. تەنانەت لە ساڵی ١٩٥٤ نامەی هیندییە سوورەکان بۆ فرانکلین پێرس سەرۆکی ئەو کاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ (سیاتڵی) سەرۆکی هۆزی (دوامیش)ی هیندییە سوورەکان، کاتێك سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا داوای لێکردن زەوییەکانیان بە حکومەتی ئەمریکا بفرۆشن، سەرۆکی هیندییە سوورەکانیش لە وەڵامی نامەکەیدا پێی وتبوو: «چۆن دەتوانیت کڕین و فرۆشتن بە ئاسمان و خاکەکەمەوە بکەیت، ئەم مامەڵەیە مایەی نیگەرانیی ئێمەیە، چونکە ئێمە هێشتا خاوەنی کەشوهەواوی پاکین و خاوەنی پیسبوونی ئاو نین، ئیتر چۆن دەتوانیت خاکەکەمان لێ بکڕیتەوە؟»

لای هیندییە سوورەکان خاك پیرۆزیی خۆی هەیە، نەك ئەوە بەڵکو لای ئەوان هەموو دار و درەخت و گیا و ئاو و زیندەوەرەکانیش تەنانەت بە مار و مێرووەوە پیرۆزیی خۆیان هەبووە، لای ئەوان تەنانەت مردووەکانیشیان خاك و زەوی و ئاو و هەوا و ژینگەکەیان لەبیر ناکەن، بگرە ئەوان زەوی و ئاو و هەوا و ژینگەیان بە بەشێك لە خۆیان زانیوە، بە پێچەوانەی سپی پێستەکانەوە کە بە ناو هەر خاکێکدا لەو سەردەمەدا تێپەڕ بووبن، وێرانیان کردووە و هەموو بوونەوەرەکانیان کوشتووە. بۆیە هیندییە سوورەکان لەو نامەیەیاندا داوایان لە سەرۆکی ئەمریکای ئەو کات کرد بوو کە «دەبێت منداڵەکانتان فێری ئەوە بکەن، کە خاکی ژێر پێیان خۆڵەمێشی باوك و باپیرانیانە». هیندییە سوورەکان زەوییان بە دایکیان لە قەڵەم داوە و ئەوەندە زەوی و خاکیان بەرز لە قەڵەم داوە، گوتوویانە: «زەوی موڵکی مرۆڤ نییە، بەڵکو مرۆڤ موڵکی زەوییە»، بەداخەوە وەڵامەکەی ئەو بۆ خەڵکی ڕەسەنی ئەمریکا ڕوون بوو، کاتێك چەند نموونەیەکی لە مەیموون و مرۆڤەکانی ئەمریکای لە قەفەسدا پێکەوە هێنایەوە، تا ئەورووپییە شارستانییەکان بتوانن بە یەکەوە سەیری بوونەوەرەکانی هەر دوو ئەمریکای باکوور و لاتینی بکەن! بۆ زانیارییش کۆلۆمبۆس لە یاداشتنامەکەیدا نووسیویەتی کە ئەرکی پیرۆزی ئەو بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئەمریکایە بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕی خاچپەرستی لە ڕۆژهەڵات.

**هیندییە سوورەکان زەوییان بە دایکیان لە قەڵەم داوە و ئەوەندە زەوی و خاکیان بەرز لە قەڵەم داوە، گوتوویانە: «زەوی موڵکی مرۆڤ نییە، بەڵکو مرۆڤ موڵکی زەوییە»**

## ● ململانێی نێوان مرۆڤ و ژینگە بووەتە ململانێیەکی توند

ئەمڕۆش مرۆڤی شارستان تەنیا لە چوارچێوەی چەمکی گەورە و کۆیلەدا مامەڵە لەگەڵ سرووشتدا



**دکتۆر ئەنوەر ئەحمەد عەبدوڵڵا بەرزنجی**

خاوەنی ئەندامێتیی فەخری لە شا چارلز لە گرووپی دەوڵەتانی کۆمۆنوێلس Commonwealth

بۆ گوڵانی نووسیوە

دەکات، بەڵام ئێستا لە ململانێی خۆیدا لەگەڵ سرووشتدا (Nations vs. Nature) واتە (نەتەوەکان بەرانبەر سرووشت) تووشی کێشەیەکی گەورە بووە، بەم شێوەیە لەگەڵ بەدواداهاتنی نەوەکان ململانێی نێوان مرۆڤ و ژینگە بووەتە ململانێیەکی توند، بە تایبەت دوای گەشەکردنی تواناکانی مرۆڤ، کە بووەتە هۆی دەرخستنی ئاسەوارە وێرانکەرەکان لەسەر ژینگە لە لایەك و، لەسەر خودی مرۆڤ لە لایەکی دیکەوە، بەم شێوەیە سازانی نێوان مرۆڤ و ژینگە لەدەست چووە، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی دەردراوەکان و پاشەڕۆ و زبڵ و خاشاك و پیسبوونی ئاو و هەوا و خاك.

گرنگیی پاراستنی ئەم پێکهاتانە دەرنەکەوتووە، بەتایبەتی کە پرسی سیناریۆی کابووساویی پلەی گەرمی دەستی پێکرد، چونکە پلەی بەرزی گەرمی ژمارەی پێوانەیی تێپەڕاند، زنجیرەیەك تۆماری کەشوهەوا سەبارەت بە گۆڕانی پلەی گەرمی و گەرمبوونی ئاوی زەریاکان و رووبەری سەهۆڵبەندانەکەی زەریای جەمسەری باشوور، زەنگی ئاگادارکردنەوەی بۆ زانایان لێدا، کە دەڵێن «خێرایی و کاتی ئەم گۆڕانکارییە بێ وێنەیە و پێشتر رووی نەداوە»، لەبەردەم بێتوانایی سیاسەتمەدارانی جیهان بۆ ئەوەی بە تەواوی جددی بن لە مامەڵەکردن لەگەڵ خراپتربوونی قەیرانی کەشوهەوا، هەستێك لە گەشەکردندایە کە ئەم سیاسەتمەدارانە، یان لە گەورەیی کێشەکە تێناگەن، یان ڕاوێژکارەکانیان تەواوی ڕاستییەکانیان پێ ناڵێن! لە کۆتاییدا ئەگەر ئەفسانەی دوایین مرۆڤ (Last Man) لە یەکلاکردنەوەی مێژووی نوێدا زاڵ بێت، ئەدی رۆڵی میکرۆبەکانی دوایی (Last Microbe) لە بەکتریا و ڤایرۆسە سەرسەختەکان لە قەیرانەکانی مێژووی مۆدێرنماندا چییە؟ بەڕاستی پاساوەکانی ئەم شکستە چین لە بەرانبەر کێشەی کەشوهەوادا، کە بە شێوەیەکی بێ وێنە رووبەڕووی شارستانییانەی مرۆڤایەتی دەبێتەوە؟!! لە کاتێکدا کە گەمژەیی سیاسەتمەدارانی جیهانی شارستانی هێشتا لە پاساوەکانیاندا سەبارەت بە حەتمییەتی ململانێی گەلان (Nation vs. Nation) کۆتایی نایەت.

## ● مرۆڤ بە هۆی کەمتەرخەمی و حەزی بۆ پاوانخوازییەوە زەوی وێران دەکات و خۆی تووشی نەخۆشی و کورتبوونەوەی تەمەن دەکات

شارەزایان ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەمساڵ ساڵێکی زۆر زۆر گەرم دەبێت، بە شێوەیەك لە (٦٠) ساڵی ڕابردوو جیهان گەرمای وای بەخۆیەوە نەبینیوە، بە شێوەیەك لە زۆربەی کیشوەر و ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا پلەکانی گەرما لە (٤٥) پلە تێپەڕ دەبن و لە هەندێك شوێن (٥٠) پلە تێپەڕ دەکەن، هەر لە ئێستاوە مالیزیا و ئەندەنوسیا و سەنگافورە و عێراق و وڵاتانی کەنداو و دەیان وڵاتی دیکە پلەکانی گەرمایان لە (٤٥) پلە نزیك بووەتەوە، گرفتە گەورەکە لەوەدایە پێشبینیی هیندییە سوورەکانی ئەمریکا سەرەتاکانی دەرکەوتووە، بەوەی مرۆڤ بەهۆی کەمتەرخەمی و حەزی بۆ قۆرخکاری و پاوانخوازی و دەسەڵات و دەستکەوت، لە ناو چوارچێوەی ململانێیەکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا زەوی وێران دەکات و خۆی تووشی نەخۆشی و پەتا و قەیران و کورتبوونەوەی تەمەن و دەرد و نەخۆشی دەکات، بەمەش ژیان روو لە خراپی دەکات، بۆ ڕاگرتنی بارودۆخەکەش، تەنیا بە چەند پەنێل و لێدوانێکی داڤۆس و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان هەرەسی ژینگەی جیهان ڕاناگیرێت.

مرۆڤ بە هۆی کەمتەرخەمی و حەزی بۆ پاوانخوازییەوە زەوی وێران دەکات و خۆی تووشی نەخۆشی و کورتبوونەوەی تەمەن دەکات

# دروشم بۆ جێبەجێکردن نەک بۆ چەواشەکردن

**دروشم کورتکراوەی بەرنامەیەکە، بەڵێندانێکە بۆ جێبەجێکردن و ناسێنەری ئەو لایەن و گرووپ و تەنانەت کەسایەتییانەیە کە دەبنە خاوەن دروشمەکە**

**پارتی دیموکراتی کوردستان لە دروشمدا پێشەنگ بووە بۆ جێبەجێکردنی، ئەگەر بگات بە ئاستێکیش زیان بە خۆی بگەیەنێت لە پێناو جێبەجێکردنیدا باکی نەبووە**

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا (دروشم) وەك کاریگەرترین لایەنی بە هەند وەرگیراوە و کاریگەری لەسەر تاك و کۆمەڵگە دروست کردووە لە پێناو ڕاکێشانی هەست و سۆز و لایەنداریێتی پرسێك، بەتایبەتی لە چوارچێوەی دەسەڵاتدارێتیدا، جا سیاسی بێت، یان هەر دەسەڵاتدارێتییەکی دیکە، کە لە کایەی جیاجیادا هەن. کە بە ڕێگەی دروشم و وتن و نووسینەوەی ئەجێندا و نەخشەی کارکردن و هەنگاوەکانی پوخت کردووەتەوە و بەرنامەکەی خۆی دەهێنێتە ئاستی ئەوەی ڕێژەیەك لە خەڵك، یان گرووپ لە خۆی نزیك بکاتەوە. واتا دروشم کورتکراوەی بەرنامەیەکە، بەڵێندانێکە بۆ جێبەجێکردن و ناسێنەری ئەو لایەن و گرووپ و تەنانەت کەسایەتییانەیە کە دەبنە خاوەن دروشمەکە. یان ڕوونتر بڵێین: دروشم گوزارشتە لە ئایدیۆلۆژیا و ڕوئیای کارکردنی لایەنێك، یان گرووپێك، بۆیە ئەگەر ڕاستگۆیی هەبوو لە ڕوئیای ئەو لایەنەی کە دروشم دەکات بە ئامرازی ڕاکێشانی ڕای گشتی بۆ خۆی، ئەوا نوێنەرایەتیی بەرنامەیەك، یان ستراتیژییەتی کارکردن دەکات و پێشوەختەش گونجاندنی بۆ کراوە لەگەڵ سیاسەت و خواستی ئەو گرووپەی دەیدا بە گوێی خەڵکدا.

لە مێژووی گەلی کوردستاندا هەمیشە دروشم بابەتێکی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی هەبووە، بەو پێوەرەی کە میللەتێکی زوڵملێکراوین، چونکە دروشم ڕەنگدانەوەی فەرهەنگ و کەلتووری ئەو کۆمەڵگەیەیە، بۆیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دروشم وەك گوتارێکی سیاسی خۆی نواندووە و جۆرێك بووە لە جۆشدان و ڕاکێشانی سۆز و هەست بۆ پرسێك، هەر هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگە و ڕێکخراو و ناوەندە میدیاییەکانە دواتر بە دروشم بڕیار لە لایەنەکانی باش و خراپ و مامناوەندی دەدەن. کەواتە دروشم لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕۆڵی کاریگەری هەیە، بەڵام ناشکرێت ئەوە لەبەرچاو نەگرین، ئێستا بووەتە ئامرازێکی زۆر بێ بەها بۆ چەواشەکاری و بەلاڕێبردن و یاریکردن بە هەستی زۆرینەی خەڵك، یان گرووپێك، بەتایبەت لە ڕکابەریکردنی حزبایەتی و لە گرنگترینیشیاندا لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا.

لە هەرێمی کوردستاندا دوای ئەوەی لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بووین بە خاوەن دامەزراوەی حوکمڕانی و پەرلەمان و دواتر چوونە ناو کێبڕکێ وەرگرتنی دەسەڵات و بوون بە زۆرینە و کەمینە، دروشم بازاڕێکی دیکەی بە خۆیەوە بینی، هێندە بیر و هەستی هێزە سیاسییەکان لە بەکارهێنان و دروستکردنیدا پوخت بووە، هێندە لە جێبەجێکردنیدا کاری بۆ نەکراوە، ئەمە بە ڕێژەیی دەیڵێم، دەنا لە ئەدەبیاتی حزبیدا ئەوە سەلمێندراوە، بەشێك لە حزبەکان بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دروشمدا پێشەنگ بووە بۆ جێبەجێکردنی، ئەگەر بگات بە ئاستێکیش زیان بە خۆی بگەیەنێت لە پێناو جێبەجێکردنیدا باکی نەبووە، بەڵام لێرەدا ئەوەی مەبەستمە ڕاستگۆییە لە گوتنەوەی دروشم و جێبەجێکردنیدا.



پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم

توێژەری مێژووی سیاسی

بۆ گوڵانی نووسیوە

گومان لەوە نییە، ئۆپۆزیسیۆن لەنێو کایەی حوکمڕانیدا دروستترین ئامرازە بۆ پێشخستنی ئەو دەسەڵات و حوکمڕانییەی کە بە دروشم و ڕێژەی سەرکەوتنی حکومداریێتی دەکات، لایەنی ئۆپۆزیسیۆن دروشمەکانی دژ بە دەسەڵاتە، چاودێریی دروشمەکانی لایەنی دەسەڵات دەکات، بەڵام بەداخەوە بەهۆی لەدایکبوونێکی ناکاملی هێزی ئۆپۆزیسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا، خودی ئۆپۆزیسیۆن بووەتە لایەنی یەکەمی دروشمبازی بە بێ هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی، بەڵکو لە پێناو چەواشەکاری و یاریکردن بە هەست و سۆزی خەڵك.

لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە هەرێمی کوردستان لە بیرکردنەوەیاندا وا بووە، مادام خۆیان لە دەسەڵات نین و خەڵك چاوەڕێی جێبەجێکردنی دروشمەکانیان ناکەن، هەموو هێز و ئامرازی میدیایی و جەماوەریان خستووەتە خزمەتی دروشم دژی دروشمەکانی دیکە، واتا «چەواشەکاری» بووەتە بناغەی سەرەکیی ئەو هێزانە بۆ دروستکردنی ڕای گشتی دژ بە هێزە دەسەڵاتدارەکان، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە ئەوانیش بەرپرسیارن لە بەرانبەر جۆری دروشمەکانیاندا کە زۆر جار بووەتە هۆکاری تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی، کە لە ڕاستیدا ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو، زیانی بە ئۆپۆزیسیۆن گەیاند لە ناو سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا و خەڵك بە زۆرینە ئەم هێزانە وەك هێزی «پۆپۆلیستی» دەناسن، کە ڕەتی هەموو باشییەکانی حوکمڕانی و دەسەڵاتدارێتی دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی گوێ لە ڕاستییەکان بگرن، یان ببینن، گرنگ پەیامەکەیان لە چوارچێوەی چەواشەکاریدا بێت و بتوانن ئەو خەڵکەی لە دەوریاندان زیاد بکەن و ئیدارەی گرووپەکەیان بدەن و لە ناوەڕۆکیشدا هەمان بیرکردنەوەی دەسەڵاتدارێتییان هەیە و زۆرینەی ڕا و بۆچوونەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەستەبژێری سیاسی، یان ڕۆشنبیری پۆپۆلیستی نالۆژیکن و دوورن لە واقیعبینی.

لە نێو خەڵکی سادەدا کاتێك باس لە دروشم و کارەکتەرە سیاسییەکان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەکرێت، بە سادەترین پێناسە دەڵێن: «هەر قسەیە و هیچتر نییە»، وەك ئاماژەیەك بۆ بێکرداری و جێبەجێنەکردنی دروشمەکانی ئەو لایەنانەی بەناو ئۆپۆزیسیۆن خۆیان ڕاگەیاندووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو جۆرە مامەڵە نادروستەیە کە لەگەڵ دروشمەکانیاندا کردوویانە و خوێندنەوەی دروستیان بۆ ناوەڕۆك و بەهای دروشمەکانیان نەکردووە، بەڵکو بۆ هەڵخەتاندن و بەلاڕێدابردن بووە. لە کاتێکدا لە زەهنی خەڵکدا لە هەموو ئاستە جیاوازەکانیدا بریتییە لە جێبەجێکردن و گەیاندنی سوود بە خەڵك و خزمەتکردنیان لە چوارچێوەی بەرنامەکانیان. هەروەك پەندی پێشینان دەڵێت «بەردی گەورە نیشانەی نەهاوێشتنە»، بۆیە لایەنی ئۆپۆزیسیۆن هەمیشە دروشمی گەورەتر لە خۆیان و توانا و بەرنامەکانیان هەڵدەگرن و لە ئەرزی واقیعیشدا توانای جێبەجێکردنیان نییە، یان ژینگەی جێبەجێکردنی ئەو دروشمانە گونجاو نییە.

**بەهۆی لەدایکبوونێکی ناکاملی هێزی ئۆپۆزیسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا، خودی ئۆپۆزیسیۆن بووەتە لایەنی یەکەمی دروشمبازی بە بێ هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی، بەڵکو لە پێناو چەواشەکاری و یاریکردن بە هەست و سۆزی خەڵك**

**لایەنی ئۆپۆزیسیۆن هەمیشە دروشمی گەورەتر لە خۆیان و توانا و بەرنامەکانیان هەڵدەگرن و لە ئەرزی واقیعیشدا توانای جێبەجێکردنیان نی**

سەروین ئیسماعیل:

# بەهۆی کارەکەم توانیومە لەسەر پێی خۆم بوەستم بژێوی ژیانی خۆم و چەند ئافرەتی دیکەیشی پێ پەیدا دەکەین



**هەنگاوە سەخت و دژوارەکانی خانمان بۆ بە دەستهێنانی داهات و ئابووریی سەربەخۆ بەردەوامی هەیە. جێگەی پێزانینە لێرە و لەوێ ژمارەیەکی زۆری خانمان پێداگرانە بوونەتە خاوەنی بزنێس و پرۆژەی جۆراوجۆر. بەشێك لەو خانمانە بە ئیرادە و هیممەتی خۆیان تێکەڵ بە بازاڕی کار دەبن و، لەو ڕێگاوە هەم دەبنە خاوەن داهاتی خۆیان و هەم بارگرانیی سەرشانی خێزانەکانیان کەم دەکەن، هاوکات کەسانی دیکەش سوود لە ئەزموون و کارەکەیان وەردەگرن. سەروین ئیسماعیل یەکێکە لەو خانمانە باسی چۆنیەتی کارەکەی و ژیانی خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

سەروین ئیسماعیل خانمە گەنجێکی دەست و پەنجە ڕەنگینی باڵەکایەتییە و لە ئێستادا دانیشتووی ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانە. دەرچووی ئامادەییە و لە ئێستادا خاوەنی پێشانگا و (حیجابی سەروین)ـە و بەمجۆرە باس لە دەستپێکی کارەکەی دەکات: «من ماوەی ١٥ ساڵە کاری دروومان دەکەم. ماوەی شەش ساڵ وەکو شاگردێك لە دووکانێکی پەردە کارم دەکرد، دوای واز هێنانم لەوێ، لە ماڵەوە بیرۆکەی ئەوەم بۆ هات کە لەپاڵ ئەوەی کاری دروومان دەزانم، ئەو شتەش هەڵبژێرم بۆ دروومان کە لە سۆران داواکاری زۆرە و بەرگدرووییەکی تایبەت بەو کارە نییە، ئەویش دروومانی جلوبەرگی حیجابە. ئەوە بوو هەر لە ماڵەوە دەستم پێ کرد و بەرە بەرە کارەکەم فراوان بوو، تا وای لێ هات، دووکانێکم کردەوە و چەند بەرگدرووی دیکەشم لای خۆم دانا. دواتر بەهۆی خواستی زۆر لەسەر بابەتەکان دووکانەکەم فراوانتر کرد و وەك پێشانگایەکم لێ کرد، بۆ ئەوەی بابەتی جیاوازتریش بفرۆشین، تەنیا جلوبەرگ نەبێت. سوپاس بۆ خوا من بەهۆی کارەکەم توانیومە لەسەر پێی خۆم بوەستم بژێوی ژیانی خۆم و چەند ئافرەتی دیکەیشی پێ بەڕێوە ببەین».



سەروین ئیسماعیل، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا کێ هاندەرتە لە کارەکانت و کێ پشتگیریت دەکات؟ گوتی: «ڕاستە بەتەنیا دەستم بەو کارە کرد و هەر بە تەنیاش بەردەوامم، چونکە زیاتر کارەکەم پەیوەندی بە ئافرەتانەوە هەیە، بەڵام براکانم و خانەوادەکەم گەورەترین هۆکاری سەرکەوتنی منن و هەمیشە متمانەیان پێم بووە و لە بەردەم هیچ بیرۆکەیەکم ڕێگر نەبوون و هانم دەدەن بەردەوام بم».

دەربارەی جۆر و شێوازی بە بازاڕکردنی کارەکەشی دەڵێت: «ئیمە بە هەر دوو شێواز بابەتەکانمان دەفرۆشین، هەم ئۆنلاین، هەمیش ڕاستەوخۆ لە دووکان، بەڵام زیاتر جەخت لەسەر ڕاستەوخۆ دەکەینەوە لەوەی ئۆنلاین. جلی ئامادەشمان بۆ فرۆشتن هەیە و پیشانگایەکی خنجیلانەی جلوبەرگمان هەیە، لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان سەردانمان دەکەن، تەنانەت جلوبەرگی ئامادەکراو بۆ دووکانەکانیش دەنێرین، هاوکات مانگانە تیروپشك لەناو کڕیارەکانمان دەکەین، هەر کەسێك بە بەهای پێنج هەزار دینار شتمان لێ بکڕێت، ناوی دەچێتە تیروپشکەوە و کەسی ڕاوە عەزی و لەچکێك بە دڵی خۆی وەردەگرێت».

سەروین ئیسماعیل لە درێژەی قسەکانیدا سەبارەت بە ڕەوتی کارکردنی خانمان دەڵێت: « بە خۆشحاڵییەوە ئێستا ئەگەر سەیر بکەین، دەبینین ڕێژەی ئافرەت زۆر بووە لە کارکردن بەهۆی ئەوەی ئاسانکاری هەیە کە ئافرەت بتوانێت کار بکات، چ لە ماڵەوە چ لە دەرەوە، بە حوکمی ئەوەی بارودۆخی ئێستاش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، کە بۆ زۆرێك لە ئافرەتان کارکردن وەك ناچارییە تا بتوانن بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن و شان بە شانی پیاوان کار بکەن. هەموو ئافرەتێکیش دەتوانێت سەرکەوتوو بێت، بەو مەرجە پیشەیەك هەڵبژێرێت لەگەڵ ئافرەتبوونی خۆی بگونجێت. چونکە لە هەلومەرجی ئێستادا گرنگە ئافرەت خاوەن کاری خۆی بێت و پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێت».

**بیرۆکەی ئەوەم بۆ هات ئەو شتە هەڵبژێرم بۆ دروومان کە لە سۆران داواکاری زۆرە و خەیاتیکی تایبەت بەو کارە نییە، ئەویش دروومانی جلوبەرگی حیجابە**

**سوپاس بۆ خوا من بەهۆی کارەکەم توانیومە لەسەر پێی خۆم بوەستم بژێوی ژیانی خۆم و چەند ئافرەتی دیکەیشی پێ بەڕێوە ببەین**

**بە حوکمی ئەوەی بارودۆخی ئێستا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆ زۆرێک لە ئافرەتان کارکردن وەک ناچارییە تا بتوانن بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن و شان بە شانی پیاوان کار بکەن**



# پسپۆڕان تاوتوێی داهاتووی دەرچووانی زانکۆ وپەیمانگەکان دەکەن

سالأنە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگەکان خوێندن تەواو دەکەن و، بەهۆی بەرزی ڕێژەی دەرچووان، زۆرینەیان هەلی دامەزراندنیان لە کەرتی گشتی بۆ ناڕەخسێت. ئایا لە هەلومەرجی ئێستادا بە چ میکانیزمێك دەتوانرێت دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان بەکار بخرێن و سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

د. ماجید خەلیل مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، سەرتا باسی ئەوە دەکات کە «دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان کاتێك دەتوانرێت سوودیان لێ ببینرێت، کە ئەوان بڕیار لەسەر پێویستیی بازاڕ بدەن، نەك بازاڕ ئەوان بکات بە بەشێك لە بەرژەوەندی و بابەتەکانی کاریان. ئەو دنیابینییە لە بنچینەوە هەڵە بوو کە لە ناوەندەکانی زانکۆوە ڕەواج درا بەو بەشانەی کە بازاڕیان هەیە و سیاسەتی بازاڕیان شۆڕ کردەوە بۆ ناو زانکۆ. بۆیە لە ئێستادا نەوەد لەسەدی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان بێ بازاڕن و ئەوانی دیکەش بازاڕ بە کەیفی خۆی گەمە بە چارەنووسیان دەکات.

ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «وەزارەتی خوێندنی باڵا دەبێت بە دروستتر مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسانەدا بکات، نەك هەر ڕۆژەی بەشێك دابخەن، مادام دەرچووانی نەتوانن لە بازاڕدا کارێك بدۆزنەوە». هاوکات دەڵێت: «پێویستە هەرێم بە گیانێکی سەردەمییانەوە ڕەواج و ڕۆحی زانست بداتەوە بە سەرجەم بەشەکان. شکۆی زانست وابەستەیە بە بوونی

زەمینە زانستییەکەوە. ئەو زەمینەیە دەبێت بڕیار لەسەر چۆنیەتی چوارچێوەی بازاڕ و کار بدات. بەشەکان تێکڕا پێشینەیان هەیە، هەناسەی درێژەدانن بە سەرجەم تایبەتمەندییە نەتەوەییەکە و تێکڕا ئاتاجمان پێیانە. بەتایبەتی بۆ کوردستان زانستە مرۆڤایەتییەکان هەوێنی گیرساندنی گیانە نەتەوەییەکە و ئایندەی ئێمەن. بۆیە پێویستە تێکڕای دەرچووان بە میکانیزم و میتۆدێکی سەردەمی سیاسەتی بازاڕ ئاراستە بکەن».

پ. د. تاڤگە عەباس بوستانی مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «وەکو چارەسەری سەرەتایی دەتوانین لە کەرتی تایبەت سوود لە تواناکانی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان وەربگرین، بۆ ئەوەش دەکرێت لەسەر کۆمپانیاکان فەرز بکەین، تا گەنجی خۆمان هەبێت، نابێت پشت بە دەستی کاری دەرەوە ببەستن، هاوکات پێویستە دەوڵەت پرۆژەی بچووك تەرخان بکات و هاوکاریی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان بکات، هەروەها دەتوانین داوا لە ڕێکخراوەکان بکەین کە پرۆژە بچووکەکان سپۆنسەر بکەن» بۆ ئەوەی سوود لە توانای گەنجەکانمان وەربگیرێت». گوتیشی: «بۆ ئەوەی قوتابی خۆی بدۆزێتەوە لەو بەشەی دڵخوازی خۆیەتی، پێویستە حکومەت بازاڕی کاری بۆ بڕەخسێنێت و کەرتی تایبەت هاوکاری حکومەت بێت بۆ دابینکردنی هەلی کار و لە هەمووی گرنگتر مەرجەکانیان ئاسان بێت بۆ دامەزراندن، نەك وەك ئەوەی ئێستا کە لە زۆریك لە کەرتە تایبەتەکان گرنگی بە بڕوانامە نادەن و زیاتر پێداگری لەسەر زانینی زمانی بێگانەی وەك ئینگلیزی و عەرەبی دەکەن، لە لایەکی دیکەوە واستە و خزم خزمێنە هۆکارێکی دیکەی دەستنەکەوتنی هەلی کارە و بووەتە هۆی بێ ئومێدیی گەنج و بۆیە پێیوایە ئەگەر بەشێك بخوێنێت کە لە بازاڕی کاردا ڕەواجی نییە، ڕەنگە لە داهاتوودا کاری دەست نەکەوێت».

د. هەرێم حەسەن ئەحمەد سەرۆکی بەشی مێژوو لە زانکۆی ڕاپەڕین، ڕای وایە: «بابەتی بەکارخستنی دەرچووانی پەیمانگە و زانکۆکان پێویستی بە پلانێکی ستراتیژی هەیە»، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بەداخەوە وەزارەتێکمان هەیە بە ناوی وەزارەتی پلاندانان» بەڵام لەم ڕووەوە هیچ ڕۆڵێکی نییە، لە کاتێکدا وەزارەتی پلاندانان دەبێت پلانی لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان هەبێت بەتایبەت لەگەڵ پەروەردە و خوێندنی باڵا، ئایا چ زانکۆیەك و چ بەشێك پێویستە، پاشان ساڵانە چەند کەس لە زانکۆ وەردەگیرێن چەند کەس تەخەروج دەکەن، ئەو شتانە هەر هەمووی گۆترەیە و هیچ حیسابێك بۆ پلان ناکرێت، ئەوەش بۆ خۆی گرفتێکی گەورەیە. لەلایەکی دیکەوە چۆنیەتی بە گەڕخستنی توانای درچووان هۆکارەکانی زۆرن» یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەیە کە یاسایەك دەرچێت لە کوردستان وەك وڵاتانی ئەورووپا کە هیچ کەسێك بۆی نەبێت لە یەك کار زیاتر بکات. لە هەرێمی کوردستان دەرفەتی کار زۆرە، بەڵام قۆرخکاری هەیە هەندێك چین و توێژ هەن دوو سێ کار و دەوام دەکەن».

د. هەرێم حەسەن ئەوەشی دووپات کردەوە کە «هەندێك بوار هەیە لە بازاڕ قۆرخ کراون، بۆ نموونە بازاری کۆمپیوتەر و دووکانی کۆمپیوتەر چاککردنەوە و فرۆشتنی هەروەها مۆبایل بە هەمان شێوە چاککردن و فرۆشتنی، هەروەها نووسینگەکانی خانووبەرە و پیشانگای کڕین و فرۆشتنی ئوتۆمبێل، لە کاتێکدا ئەوانەی ئەو کارە دەکەن، زۆربەیان مووچەشیان هەیە، ئەگەر ئەو یاسایە هەبێت، ئەوا ئەوکاتە زۆرباش دەبێت و دەرفەت بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان دەڕەخسێت.

خاڵی دووەمیش ئەوەیە کە هەندێك کەرت هەیە لە کوردستان ببووژێنرێتەوە. نموونە دەکرێت کەرتی کشتوکاڵ بەرنامەی هەبێت بۆ ئەو گەنجانەی کاریان دەست نەکەوتووە. هیوای خەڵکی گوند زۆرە و دەیەوێت کشتوکاڵ بکات. لە بەرانبەردا پێویستە قەرزی بچووك و قەرزی کشتوکاڵ هەبێت و دامەزراندنی بانکی کشتوکاڵی گرنگە و پێویستە کۆمەڵێك بانك دابنرێت کە تەنیا قەرزی بچووك لەبواری کشتوکاڵ دەدەن و وەك لە ئێران هانی گەنجان بۆ کارکردن لە بواری کشتوکاڵ دەدەن. زۆربەی مارکێتەکانی کوردستان ئەشیاکانی ٩٥٪ هی دەرێیە، هەروەها پیشەسازیش زۆر گرنگە ئەویش دانانی چەندین کارگەی بەرهەمهێنان بەتایبەتی لە قەزا و ناحییەکان وەك دەبینین گەنجێکی زۆرمان هەیە دەڕوات بۆ هاندەران بە ڕێگای قاچاخ، ئەگەر لێرە ئیش هەبێت ناڕوا، هەروەها زۆر گرنگە کەرتی گەشتیاری بەگەڕ بخرێت و ئەو شوێنانەی هاوینەهەوارن ئاوەدان بکرێنەوە لە قەزا و ناحییەکان بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بژیەنێن. ئەو سێ کەرتە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بتوانن گەنجانی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگە بەگەڕ بخەن و سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت. دواخاڵیشم ئەوەیە پێویستە هەر لە قۆناغی بنەڕەتییەوە لە دوای پۆلی نۆ قوتابخانەی پیشەسازی و کشتوکاڵ بکرێنەوە بۆ ئەوەی گەنج هەر لە تەمەنی نەوجەوانییەوە ئامادە بکرێت، ئاخۆ ئەو کەسە بەکەڵکی خوێندن دێت، یان بە کەڵك کارکردن دێت. لە کوردستان چونکە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی لاوازە، گەنج بە زانکۆ و پەیمانگا دەخافڵێنرێ و ڕەنجی بەفیڕۆ دەڕوات. زۆر کەس هەیە هی خوێندن نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی کارێك نییە بیکات، هەموو داهاتووی لەناو دەچێت. ١٦ ساڵ دەخوێنێت یان ١٤ ساڵ و هیچ فێر نەبووە، بۆیە زۆر گرنگە لە دوای پۆلی نۆ وەك سەردەمی بەعس قوتابخانەی پیشەسازی و کشتوکاڵی دابنرێن ئەوەی کە لە پۆلی نۆوە ئاستی بەرزە با بخوێنێ، بەڵام ئەوەی مستەوای خوێندنی نییە، ڕەنگە کۆمەڵێك بەهرەی جوانی هەبێت، دەبێت پەرە بەوە بدات».



ماجید خەلیل:

**دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان کاتێک دەتوانرێت سوودیان لێ ببینرێت، کە ئەوان بڕیار لەسەر پێویستیی بازاڕ بدەن، نەک بازاڕ ئەوان بکات بە بەشێک لە بەرژەوەندی و بابەتەکانی کاریان**



د. تاڤگە عەباس بوستانی:

**دەتوانین داوا لە ڕێکخراوەکان بکەین کە پرۆژە بچووکەکان سپۆنسەر بکەن بۆ ئەوەی سوود لە توانای گەنجەکانمان وەربگیرێت**



د. هەرێم حەسەن ئەحمەد:

**پێویستە هەر لە قۆناغی بنەڕەتییەوە لە دوای پۆلی ٩ قوتابخانەی پیشەسازی و کشتوکاڵ بکرێنەوە بۆ ئەوەی گەنج هەر لە تەمەنی نەوجەوانییەوە ئامادە بکرێت**



سیریل فەتاح بۆ گوڵان:

# بە هۆی کێشەی داراییەوە تا ئێستا نەمتوانیوە تەواوی بەهرەکانی خۆم نیشان بدەم



**سیریل فەتاح لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، چەندین ساڵە نیشتەجێی ئەوروپایە، چەندین ڤیدیۆ کلیپ و گۆرانیی تۆمارکراوی هەیە، جگە لە زمانی کوردی بە عەرەبیش گۆرانیی گوتووە، بەم دواییە نوێترین گۆرانیشی بەناوی (نەفرەت) بڵاو کردووەتەوە.**
**سەبارەت بە دوایین بەرهەمەکانی و چەند پرسێکی تایبەت بە هونەر و گۆرانی و موزیکی کوردی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ سیریل فەتاح ئەنجامدا.**

*** ماوەی زیاتر لە (١٥) ساڵە گۆرانی دەڵێیت، هەست دەکەی شوێنپەنجەت لە نێو گۆڕەپانی هونەری کوردیدا دیارە ؟**

- بە ڕەهایی پێموایە هەر گۆرانیبێژێك گوێگری جیاوازی خۆی هەیە توانا و بەرهەمی هونەریی منیش و بە شێوەیەکی سەرەکی کەسانی ئەکادیمی و ڕۆشنبیر و لێزانن لە بواری میوزیك و هەوادارانی و گوێگرانی بەرهەمەکانمدا، کەسانێکن کە گوێیەکی باشی مۆزیکیان هەیە و تێگەیشتنیان بو میوزیك لە ئاستێکی بەرزدایە. بەهرەی مۆسیقا و توانای دەنگی من ئەم بینەرە داواکارەی بۆ خۆی ڕاکێشاوە و پێزانینیان بۆ کارەکانم، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە کاریگەرییەکی بەردەوامم دروست کردووە.

*** جگە لە گۆرانیگوتن چ کارامەییەکی دیکەت هەیە لە بواری مۆسیقادا؟**

- جگە لە گۆرانی گوێیەکی موسیقی پرۆفیشناڵی زۆر باش و بەهرەیەکی سرووشتیم هەیە بۆ درووستکردنی مێلۆدی، هەروەها شارەزاییم هەیە لە گۆرانی نووسین و بەرهەمهێنانی مۆسیقا و ڕێکخستنیدا هەیە. ئەزموونی کارکردنم لە ستۆدیۆکانی تۆمارکردن هەیە، لەلایەکی دیکەوە تێگەیشتنێکی باشم لە تیۆری مۆسیقادا هەیە و زۆر لە کلیپەکانم خوم کاری مۆنتاژ و بەرهەمهێنانم بۆ کردوون.

*** جگە لە گۆرانییەکانی خۆت گۆرانیی هونەرمەندانی کورد و عەرەبیش دەڵێیتەوە، زیاتر حەز دەکەی گۆرانی کێ بڵێیتەوە لە هونەرمەندە کورد و عەرەبییەکاندا و بۆچی؟**

- کاتێك پێمخۆشە بەرهەمێك دووبارە بکەمەوە بەبێ گوێدان بە زمان، گرنگ لای من دەق و پێکهاتەی گۆرانییەکەیە، کە مێلۆدییەکان بە دەنگ و تەرازووی مۆسیقای جیاواز دەگۆڕدرێن. هەوڵ دەدەم ڕێکخستنی پێشکەوتوو و قووڵی سۆزداری دروست بکەم کە هەم خۆم و هەم گوێگرەکانم چێژی لێ وەربگرن .

*** لەو گۆرانییانەی تا ئێستا بڵاوت کردوونەتەوە کامیان گوزارشتیان لە ژیانی تایبەتی خۆت دەکات؟**

- دەقی گۆرانی لەلایەن شاعیر دەنووسرێت و منیش وەك گۆرانیبێژێك پەیامی شاعیر دەگەیەنم، لە کاتی هەڵبژاردنی تێکستی گۆرانیدا سەرنجم لەسەر ئەو پەیامانە دەبێت کە زۆر کەس لێیان تێبگەن و مانایان تێدا بدۆزنەوە.

*** گۆرانیی (نەفرەت) چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشووت؟**

- نوێترین گۆرانیم (نەفرەت) جیاوازە لە بەرهەمەکانی پێشووم، بەوەی یەکەم جارە گۆرانییەك بە شێوازی مۆسیقای هاوس دروست بکەم، هەروەها یەکەم جارە لەگەڵ شاعیرێکی ئافرەت هاوکاری بکەم.

*** ناخۆشترین شت کە لە بواری هونەری ڕووبەڕووت بووەتە چی بووە؟**

- ئەوەی زۆرتر دڵتەنگ و نائومێدم دەکات ئەوەیە کە پێشتر خەڵك تێگەیشتنێکی قووڵتریان لە مۆسیقا هەبووە، میدیاکانیش پشتگیری و تیشکیان دەخستە سەر هونەرمەندانی بەرهەمەندی ڕاستەقینە و ئاست بەرز. ئەمڕۆ زورینەیەك

**هەوڵ دەدەم ڕێکخستنی پێشکەوتوو و قووڵی سۆزداری دروست بکەم کە هەم خۆم و هەم گوێگرەکانم چێژی لێ وەربگرن**

> **گرنگە میدیاکان بەشداری لە هۆشیارکردنەوەی خەڵك سەبارەت بە بنەماکانی مۆسیقادا بکەن، بۆ ئەوەی خەڵك فێری قەدرزانین و ناسینی کوالێتی ڕاستەقینەی مۆسیقا بن**

> **هەبوونی ئازایەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ناخۆشی و گرفتەکان هێزی ناوەوەی خانمانی کورد نیشان دەدات، ئەویش خۆی لە خۆیدا پشتگیرییە**

> **بۆ من گرنگە گۆرانییەکانم دەلالەت لە ئەزموون و هەست و سۆزی جیاوازەکانی ژیان بکەن و ڕەنگدانەوەیان هەبێت**

خەڵك خوویان بە گوێگرتن و ڕێزگرتن لە بە ناو هونەرمەندان گرتووە کە زۆرجار ستاندارد و کوالێتی و توانای هونەرییان نزمە. ڕۆڵی میدیا لەم چوارچێوەیەدا زۆر گرنگە؛ هەموو جۆرەکانی میدیا بەرپرسیارن لە بەرەوپێشبردنی مۆسیقای کوالێتی بەرز.

گرنگە میدیاکان بەشداری لە هۆشیارکردنەوەی خەڵك سەبارەت بە بنەماکانی مۆسیقادا بکەن، بۆ ئەوەی خەڵك فێری قەدرزانین و ناسینی کوالێتی ڕاستەقینەی مۆسیقا بن. دواتر کەسانی موزیسیان و کەسانێك کە تێگەیشتن و فەرهەنگی میوزێکیان بەرزە کار لەسەر پرۆگرامی تایبەتی بکەن بۆ بەرزکردنەوەی تێگەیشتنی فەرهەنگی هونەری میوزیك، هیچ نەبێت ڕوونکردنەوە و زانیاری لەسەر هەندێك لە توخمە بنەڕەتییەکان سەبارەت میوزیك و تەکنیکی دەنگی گۆرانیگوتن بدەن بە گوێگر.

*** لە ڕووی داراییەوە کەس هەیە هانت بدات بۆ بەردەوامبوون لە کاری هونەری؟**

- تا ئێستا بەداخەوە ناچار بووم بە تەنیا خوم تێچوی هەموو بەرهەمە هونەرییەکانم دابین بکەم.

*** خەونەکانی دبکەت چین لە بواری هونەردا؟**

- لەگەڵ ئەوەی کە زۆر شانازی بە و بەرهەمانەوە دەکەم کە تا ئێستا بە دەستم هێناون، بەڵام تواناو بەهرەم زور لەوە زیاترە، من بەهرەیەکی گەورەم هەیە، بەڵام تا ئێستا نەمتوانیوە هەموو ئەو شتانە پێشان بدەم کە تواناm هەیە لە بواری میوزیکدا بەهۆی کێشەی دارایی و نەناساندنیانەوە. هیوادارم ڕۆژێك بێت کە بتوانم بە و توانا هونەرییەی کە هەمە کاری موزیکی گەورە ئەنجام بدەم، کە سوودی بۆ هونەری کوردی بە گشتی و موزیك بەتایبەتی هەبێت و بیانخەمە سەر بەرهەمەکانی پێشووم و ئەرشیفێکی بەنرخ بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێ بهێڵم.

*** سترانی فۆلکلۆری لای تۆ چ گرنگییەکی هەیە؟**

- من بە قووڵی مۆسیقای فۆلکلۆرم خۆش دەوێت و بەهرەم بۆ گۆرانیگوتن بە شێوازە جیاوازەکانی مۆسیقا، وای کردووە کە پلان دابنیم بۆ گوتنەوەی زۆرێك لە گۆرانییە دڵخوازەکانم، ئەگەر کات ڕێگەم پێ بدات.

*** نوێکاری تا چەند گرنگە لە هونەری کوردیدا؟**

- نوێبوونەوە لە دونیای مۆسیقادا گرنگە بە هەمان شێوەی پاراستنی نەریت و ستایلە کۆنەکان، ئەوەش لە هەموو جیهاندا ڕوو دەدات لەگەڵ گۆڕانی سەلیقەی مۆسیقا و نەوەی نوێ، داوای شێوازی نوێی مۆسیقا دەکەن، پاراستنی فولکلور و لە هەمان کاتدا دروستکردنی ستایلە نوێیەکان زۆر گرنگە.

*** وەك ئافرەتێك لە ڕێگەی هونەرەوە چۆن پشتگیریت لە ئافرەتانی کورد کردووە؟**

- وەك ئافرەتێکی کورد کارکردن لە بواری گۆرانی و موزیکدا بۆ خۆی دەستکەوتێکی بەرچاوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تەحەدییانەی کە تا ئێستاش بۆ گۆرانیبێژانی ئافرەت لە بواری هونەر و مۆسیقای کوردیدا هەن، هەبوونی ئازایەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ناخۆشی و گرفتەکان هێزی ناوەوەی خانمانی کورد نیشان دەدات، ئەویش خۆی لە خۆیدا پشتگیرییە .

*** لە ئەورووپا کاری سەرەکیت گۆرانیگوتنە؟**

- لە کاتێکدا هونەرمەندی نەتەوەی دیکە بە هونەرەکەی خەرجی خۆی و هونەرەکەی هەر بە هونەرەکەی دەست دەخات، بەڵام هونەرمەندی کورد بە داخەوە پرسی نەبوونی سپۆنسەر و کەمیی هاوکاریی هونەرمەندان وای کردووە هونەرمەندی کورد دەبێت هێندەی چەند کەس کار بکات، تا بتوانێت بە کاری هونەری بە پیشەیەکی دیکە ئینجا خەرجی ژیانی خۆی و هونەرەکەیشی پەیدا بکات. منیش لێرە لە وڵاتی سوید پیشەم وەرگێڕی زمانی سویدی و کوردییە، مرۆڤ کە کاری دیکەی کرد، هەر لە ڕووی خەرجییەوە ژیانی بەر ناکەوێت، بەڵکو لەڕووی داهێنانیشەوە بێ توانا دەبێت، چونکە کاتی کەمترە بۆ بیرکردنەوە و کارکردن لەسەر هونەرەکەی.

*** بە چ پێوەرێك تێکستی گۆرانییەکانت هەڵدەبژێری؟**

- من تێکستەکانم لەسەر بنەمای توانای گەیاندنی هەست و سۆزی بەهێز و کوالێتی تەکنیکیی بەرز هەڵدەبژێرم، بۆ من گرنگە گۆرانییەکانم دەلالەت لە ئەزموون و هەست و سۆزی جیاوازەکانی ژیان بکەن و ڕەنگدانەوەیان هەبێت.

*** لە دوای (نەفرەت) بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە؟**

- لە ئێستادا کار لەسەر دوو بەرهەمی نوێ دەکەم یەکێکیان مقامی عەجەم (ماهور) لە ئاوازی ئاوازدانەر (بورهان موفتیزادە) و بەرهەمێکی دیکە مەقامی حیجاز لە ئاوازی خوم.

# یەکبوون: وڵاتانی دەوروبەری کوردستان کاریگەرییان لەسەر هونەری کوردی هەیە



یەکبوون خەڵکی شاری مێردینە یەکێکە لە سەدان کچە گۆرانیبێژانی باکووری کوردستان کە بە شێوەیەک گۆرانی دەڵێ، هەر کەسێك گوێی لێبێت هەست بە ڕەسەنایەتیی هونەری کوردی دەکات.

لە بارەی ئاستی هونەری کوردی بە گشتی و لە باکووری کوردستان بەتایبەتی دەڵێت: «هەر پارچەیەکی کوردستان کاریگەریی هونەری ئەو وڵاتەی بەسەرەوەیە کە داگیری کردووە، لە سووریا و عێراق هونەری کوردی لەژێر کاریگەریی هونەری عەرەبیدایە، لە ئێران هونەری فارسی و لە تورکیاش هونەری تورکی کاریگەرییان بەسەر هونەر کوردییەوە هەیە، پێویستە موزیکی ئەلتەرناتیڤ بەشێوە و ناوەرۆك هەبێت، بەڵام لە تەك هەر شتێکی باش شتی خراپیش هەر دەبێت، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت بە باشی لە جیاوازیی نێوان شتە باش و خراپەکان بگات و بیانناسێتەوە».

سەبارەت بە مافەکانی ئافرەتی کوردیش دەڵێ: «هەست دەکەم لە وڵاتی ئێمە ئافرەت ئاواتەکانیان ون دەکەن و دەیانکوژن، هەر کەسێك بە خۆی بڵێ من مرۆڤم، پێویستە ئاگاداری دەوروبەری خۆی بێت و بیگۆڕێت و کارێکی وا بکات کە چۆن پیاو مافی هەیە، بەو شێوەیە ئافرەتیش مافی هەبێت و بتوانن زانست بەدەست بهێنن و تەنیا نەبن بە خزمەتکاریماڵەکانیان، چونکە ئەو کاتە بەسەرچووە، ئێستا خەڵك وشیارە و ئابووریی ئێمە باشتر بووە و کەس ناتوانێت پشتی کورد بشکێنێت».

ئاڵە گەنجە
یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی ئافرەتانی هەولێر

# لە ڕووی وەرزشەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبم بۆ ئەوە بگەمە ئامانجەکەم

یاریی تۆپی باڵە لە ئێستادا بەهۆی کەمیی ژمارەی یانەکان و نەبوونی پشتگیری بۆ یاریزانان، وەکو پێویست گرنگیی پێ نادرێت لە چاو باڵەی کوڕان، بەڵام ژمارەیەك لە یانەکان لەگەڵ نەبوونی بودجەی پێویستدا گرنگی بە تیپەکانیان دەدەن، یانەی ئافرەتانی هەولێر یەکێکە لەو یانانەی پارێزگای هەولێر کە گرنگیی زۆر بە وەرزشیی ئافرەتان دەدات بە سەرجەم یارییە وەرزشییەکانەوە، ماوەی چەند ساڵێکە یانەکە گرنگیی زۆر بە یاریی باڵە دەدات لە ئاستی کچان، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانن بەم تیپە کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەن لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکەی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق (ئاڵە گەنجە) کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٥ی پارێزگای هەولێر و قوتابی قۆناغی ١٢ی ئامادەییە، پاشەڕۆژێکی باش چاوەڕوانیەتی لە داهاتوودا، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.



*** چۆن بوو وەرزشی تۆپی باڵەت هەڵبژارد؟**

- لە بەر ئەوەی حەزێکی منداڵیمە، بۆیە سەرەتا دەستم بە یاریی تۆپی باڵە کرد، کە لەم یارییە سەرکەوتنم زیاتر و باشتر بوو، دەستم بە وەرزشی کاراتێ کرد، ئەمەش وای کرد زیاتر لەسەر پێی خۆم بوەستم بە پاڵپشتی خانەوادەکەم.

***دوو وەرزش ئەنجام دەدەی لە یەك کاتدا، هەست ناکەی هەردوو وەرزشەکە قورسە بۆ ئافرەتان؟**

- بەڵێ ڕاستە کارێکی قورسە، بەڵام خواستی مرۆڤ لە سەرووی کاری گران و ئەستەمە، هەوڵی مرۆڤ و تواناو متمانەبوونی بەخۆی هیچ شتێك قورس ناکات، بۆیە من بڕیارم داە لەو بوارەدا خۆڕاگربم و ئەستەم بشکێنم و بتوانم لە یەك کاتدا دوو وەرزش ئەنجام بدەم.

*** بۆچی لە ئێستادا یاریی باڵە لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- پرسیارێکی جوانە، بە بۆچوونی من خواستی کۆمەڵگە لە سەر بەشداریی ئافرەت لە وەرزش تا ئاستێك کەمە، هەروەها لە ئاستی باڵەشدا هەندێ کەمتەرخەمن، خولی پەروەردەیی و وەرزشی و ئەنجامدانی خول و سیمینار کەمە، هەر بۆیە هەست بە لاوازی دەکرێ.

*** هۆکاری چییە ئەم یارییە لە ئاستی کچاندا پێشوازی باشی لێ نەکراوە لە شارەکانی کوردستان؟**

- ڕاستە لە کاتی بەڕێوەچوونی خول و پاڵەوانێتییەکاندا هەست بە لاوازی دەکەین و ڕێژەیەکی کەم خەڵك ئامادە دەبێت، جیاواز لە وڵاتانی دیکە کە خەڵکێکی زۆر ئامادە دەبێت و پشتگیریی هاندەران پشتگیرییەکی باش دەبێ بۆ یاریزان، چونکە یاریزان بەبێ هاندەران ناتوانێ سەرکەوتوو بێت، یاریزان موڵکی هاندەرانییەتی.

*** ئاستی یاریی باڵە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- تا ڕادەیەکی باش و بەرچاو پێشکەوتووە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، ئێستا کچان بە شێوەیەکی فراوانتر بەشداریی خولەکان دەکەن.

*** ئایا چی بکرێت باشە بۆ هێنانەپێشەوەی کچانی وەرزشکار بۆ ئەم یارییە؟**

- پاڵپشتی دارایی و جێگای گونجاو و یانەی پێشکەوتوو وا دەکات خەڵك بە شێوەی جوانتر لەم یارییانە تێبگەن و بزانن چ سوودێکی تەندروستی هەیە.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێکی لاو؟**

- دەمەوێت لە داهاتوودا ببمە یاریزانێکی سەرکەوتوو و بگەمە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی، ئامانجێکی گەورەم هەیە لە ڕووی وەرزشەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبم بۆ ئەوە بگەمە ئامانجەکەم.

*** یانەی ئافرەتانی هەولێر بە چ شێوازێك هاوکاریتان دەکات؟**

- بەداخەوە تاکو ئێستاش شتێکی وایان بۆ نەکردوین، ئەم دیاردەیەش نەك لە یانەی ئافرەتانی هەولێر، بەڵکو زۆرێك لە یانەکانی تریشی گرتووەتەوە کە پشتگیریی یاریزان ناکەن، بەداخەوە.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

- من دەیگەڕێنمەوە بۆ نەبوونی پشتگیری، جا چ لە ڕووی ماددیەوە بێت بە پلە یەك، یان لە ڕووی مەعنەویەوە بێت.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟**

-پەنا بەخوا دەگەمە ئامانجەکەم کە خەونی پێوە دەبینم ببم بە یەکێك لە باشترینەکان.

***خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتانن بۆ وەرزشکردن؟**

-بێگومان پشتگیریی باشم دەکەن.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەمووە خزمەتەی بە وەرزشی ناوخۆی دەکەن، هیوادارم پاڵەوانێتیی زۆر ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی بتوانین ئاستی ڕاستەقینەی خۆمان پێشان بدەین.



# یانەکانی بەغدا شەڕی بەدەستهێنانی کوردێک دەکەن

سەهەند ئەشرەف یاریزانێکی کوردی شاری سلێمانییە و یاریزانی تۆپی دەستی یانەی وەرزشیی کەرخە، ئەم وەرزە توانی لەگەڵ تیپی تۆپی دەستی یانەی کەرخی شاری بەغدا نازناوی خولی عێراقی بەدەست بهێنێت، ئەم کوڕە کوردە یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی هەڵبژاردەی عێراقە و ئاست و ئەنجامەکانی دڵخۆشکەرە و ئەم وەرزەش بە شایستەیی لەگەڵ یانەی کەرخ نازناوێکی گرنگی بەدەست هێنا، ئێستاش چەندین یانەی شارەکانی عێراقی داوای گرێبەستیان لێ کردووە، لەم بارەشەوە سەهەند ئەشرەف بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەرزە لەگەڵ یانەی کەرخ توانیمان ببینە پاڵەوانی خولی تۆپی دەستی عێراقی و تاکو ئێستاش خۆم یەکلای نەکردووەتەوە بۆ ئەوەی وەرزی داهاتوو بمێنمەوە یان بچمە یانەیەکی دیکە»، هەروەها گوتیشی: «هەریەك لە یانەکانی شورتە و جەیش و حەشد و کەرخیش گرێبەستم بۆ هاتووە، لە ئێستاشدا چاوەڕێ دەکەم بزانم چۆن دەبێت ئەوکات بڕیارێکی یەکلاکەرەوە دەدەم، بۆ بابەتی یاریکردنم بۆ یانەی سلێمانییش ماوەی دوو ساڵە یانەی سلێمانی کشاوەتەوە لە خولی پیشەگەری عێراقی، بۆیە لەگەڵ ئەو یانەیە نەماوم، جگە لەوەش چەند هۆکارێکی ماددی و هۆکاری تریش هەیە، گوتیشی: «زۆر حەدەکەم لە شاری خۆم و ناو خانەوادەی خۆم وەرزش بکەم، وەرزشیش پێویستی بە پارەیە، کاتێ ماوەی چەند ساڵێك یاری دەکەی پێویستت بە زۆر شتە، بۆیە دەبێ بەدوای گرێبەستێکی باشدا بگەڕێم، بۆیە بەدڵنیاییەوە لە شاری بەغدا دەمێنمەوە».



# دهۆک بەرەو لووتکە هەنگاو دەنێ



تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆك ئەم وەرزە لە سەر دەستی کارگێڕیی تازەی یانەکە دەیانەوێ ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، یانەکە لە ڕیزبەندی یانەکانی عێراقی ئەم وەرزە لە کۆی ئەنجامدانی ٣٤ یاری لە خولەکە خاوەنی ٥٥خاڵە و لە پلەی شەشەم دێت، ١٤ یاری براوە بووە و ١٣ یاری یەکسان بووە و حەوت یارییشی دۆڕاندوە، دهۆك جیاواز لە وەرزەکانی دیکە ئەم وەرزە دەیەوێت کێبڕکێی یانەکانی دیکەی خولی ئەستێرەکانی عێراقی بکات، بۆ ئەوەی چەند خانەیەکی دیکە پێش بکەوێت لە ڕیزبەندی یانەکان، هاندەرانی وەرزشیی شاری دهۆکیش ئەم وەرزە لە ئاستی تیپەکەیان ڕازین و چاویان لەوەیە زیاتر تیپەکە بچێتە خانەکانی پێشەوە، هەر چەندە ئەم وەرزە خولی پیشەگەرانی عێراقیی یانەکان ئاستیان بەرزە و کێبڕکێ دەکەن لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە، بەڵام دهۆکییەکان بەردەوامن لە ڕکابەریکردن لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، ئەم وەرزە کارگێڕیی یانەکە چەندین گرێبەستی لەگەڵ یاریزانانی ئەستێرە مۆر کردووە بۆ ئەوەی ئاست و ئەنجامیان دڵخۆشکەر بێت، عەلی وەهیب یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەکەش ڕاگەیاند: «سوپاسی هاندەرانی یانەکەمان دەکەین کە بەردەوام پاڵپشتی یانەکەمانن و هەروەها هەموو یانەکان چاویان لە سەر یانەی دهۆکە، کە ئەم وەرزە بتوانێ ئەنجامی باش بەدەست بهێنین و دەمانەوێ درێژە بە ئەنجامە باشەکانمان بدەین، ئێمەش تیپێکی بەهێز و ڕکابەرین لە خولی ئەستێرەکانی عێراقی».





# یاریزانێكی ئیدارەی سەربەخۆیی سۆران هەوڵی گۆڵكاری خولی عێراقی دەدات

ئیبراهیم غازی یاریزانی كوردی ڕیزی یانەی حدوودی شاری بەغدا، كە ئەمساڵ لەگەڵ یانەكەی بەشدارە لە یارییەكانی ئەم وەرزەی خولی ئەستێرەكانی عێراقی، یاری بۆ یاری ئاستی لە بەرز بوونەوەدایە و لە كۆی ئەنجامدانی ٢٨ یاری لە خولەكە ١٦ گۆڵی بۆ یانەكەی تۆماركردووە و كێبڕكێی گۆڵكارانی دیكەی خولی یانەكانی عێراقی دەكات بۆ تۆماركردنی گۆڵی زیاتر، ئەم یاریزانە ئەم وەرزە بووەتە یەكێك لە یاریزانە دیارەكانی یانەی شاری بەغدا و شەڕی تۆماركردنی گۆڵی زیاتریش دەكات لەگەڵ یانەكانی دیكەی عێراقی، ئیبراهیم غازی بۆ یانەكانی نەورۆز و دهۆك یاریی كردووە و ئەم وەرزە بەبڕی ٦٠ملیۆن دینار ڕووی لە یانەی حدوودی شاری بەغدا كردووە، بۆ ئەوەی بتوانێ ئاستی ڕاستەقینەی خۆی پیشن بدات، تا هەفتەی ٣٤ی خولەكەش ئاست و ئەنجامی شایستەی لەگەڵ تیپەكەی بووەتە جێی سەرنجی ژمارەیەكی زۆری یانەكانی دیكەی عێراق، ئیبراهیم ئەم وەر زە هەشت گۆڵی بە لێدانی سزا تۆماركردوە و لە چوار یارییش بە پیاوی یاری ناسراوە، بۆیە یانەكەی شاری بەغدا ئومێدی زۆری بەم یاریزانە كوردە هەیە، لە ڕیزبەندی یانەكانیش لە دوای هەریەك لە یاریزانان ئەیمەن حوسێن كە ٢٦ گۆڵی تۆماركردووە و مەحمود مەواس كە ١٨ گۆڵ و عەلائەدین دالی ١٨ گۆڵ ئەویش لە پلەی چوارەم دێت بە ١٦ گۆڵ، لەم یارییانەی ماوە پێشبینی دەكرێت گۆڵی زیاتر بۆ یانەكەی تۆماربكات و یانەكەشی مانەوەی لە خولی ئەستێرەكانی عێراقی مسۆگەر كردووە.



# خۆراکی ڕووەکی ئەگەری شێرپەنجە کەم دەکاتەوە

لێکۆڵینەوەکان جەخت دەکەنەوە کە خۆراکی دەوڵەمەند بە بەرهەمی ڕووەکی Vegetarian یان خۆراکی ڕووەکیی تەواو کە هیچ بەرهەمێکی ئاژەڵی لەخۆ نەگرێت Vegan، ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان کەم دەکاتەوە. دوو هۆکاری گەورەی مردن لە سەرتاسەری جیهاندا بریتین لە شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، بەڵام چەندین لێکۆڵینەوە جەختیان کردووەتەوە کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی جۆری خۆراکەوە دەتوانرێت تا ڕادەیەکی زۆر خۆمان لەم نەخۆشییانە بپارێزین. خۆراکی ڕووەکی وەکو سەوزە و میوەی جۆراوجۆر، پاقلەمەنییەکان، هەروەها دانەوێڵەی تەواو لە لایەن پسپۆڕانی تەندروستی ڕێنمایی دەکرێت وەکو هەنگاوێکی سەرەکیی چارەسەر یان کۆنترۆڵکردنی گەلێك نەخۆشیی وەکو: نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، قەڵەوی، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، هەروەها ڕەقبوونی خوێنبەرەکان و نەخۆشیی دڵ. کەچی بڕی زیادی شەکر، خوێ، دانەوێڵەی سافکراو، لەگەڵ گۆشتی سووری پرۆسێسکراو زیانی زۆر بە تەندروستی دەگەیەنن. خۆراکی ڕووەکی هاندەرە بۆ باشترکردنی پرۆفایلی چەوریی خوێن، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن، باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس، لەگەڵ کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا.

# بڕی زیادی خوێ ئەگەری ئەکزیما زیاد دەکات!

ئەمە زانراوە کە بڕی زیادی خوێ (سۆدیۆم) پەیوەندی هەیە بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، زیادبوونی ئەگەری نەخۆشیی دڵ، شێرپەنجەی گەدە، قەڵەوی، نەخۆشیی گورچیلە، لەگەڵ پووکانەوە یان لاوازبوونی ئێسك، بەڵام جگە لەمانە، لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی زانکۆی کالیفۆرنیا- سان فرانسیسکۆ هاتووە کە بڕی زیادی خوێ لە خۆراکی ڕۆژانەدا، هاندەرە بۆ سەرهەڵدانی ئەکزیمای پێست Eczema. هەروەها ئاماژە بەمە کراوە کە ڕۆژانە خواردنی بڕی زیادی تەنیا یەك گرام سۆدیۆم (کە دەکاتە نیو کەوچکی کوپ خوێ) ئەگەری ورووژاندنی ئەکزیما تا ڕێژەی ٢٢٪ بەرز دەکاتەوە. ئەکزیما نەخۆشییەکی درێژخایەنی پێستە کە نیشانە سەرەکییەکانی بریتین لە خورشت و وشکبوونی پێست، ئەکزیما یەکێکە لە گرفتە باوەکانی پێست، ڕێژەی تووشبوون لە زیادبووندایە لەم ساڵانەی دواییدا بەتایبەتی لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا لە ئەنجامی هۆکارەکانی دەورووبەر و ستایلی ژیان، بەتایبەتیش خۆراك. لە لێکۆڵینەوەکەدا باس لەمەش کراوە کە بڕی زیادی سۆدیۆم لە پێستدا خەزن دەکرێت و دەبێتە ئەگەری هەوکردنی پەیوەست بە ئەکزیما، ئەمەش ڕوون کراوەتەوە کە کەمکردنەوەی خوێ لە خۆراکی ڕۆژانەدا ڕێنمایی دەکرێت بۆ کەسانی تووشبوو بە ئەکزیما، چونکە ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت بۆ سووککردنی نیشانەکان.





# کاریگەریی گەرما لەسەر تەندروستی

گەرما کاریگەریی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر توانای لەش بۆ ڕێکخستنی پلەی گەرمیی ناوەوە، ئەمەش هۆکارە بۆ گەلێك گرفتی تەندروستی کە پەیوەستن بە توندیی شەپۆلی گەرما. گرفتە تەندروستییەکانی پەیوەست بە گەرما بریتین لە: ئارەقەرکردن بە تایبەتی لە هەوای گەرم و وشکدا، هیلاکبوون بە گەرما Heat exhaustion واتە کەمبوونەوەی توانای لەش بۆ فێنکبوونەوە پاش ئارەقەکردن و کەمبوونەوەی ڕێژەی ئاو و خوێ لە لەشدا، کە هۆکارە بۆ هەستکردن بە ماندووبوون و بێهێزیی گشتیی لەش و سەرئێشە، کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش لە ئەنجامی زیاد ئارەقەکردن کە هۆکارە بۆ زیاد تینووبوون و سەرسووڕان و وشکبوونی دەم، پەڵەی گەرما لەسەر پێستدا Heat rash، خۆربردن Sunburn بە شێوەی سووربوونەوە و خورشتی پێست، یان بڵۆق کە هاوکاتە لەگەڵ تا و سەرئێشە و لەهۆشچوون، بەتایبەتی لەکاتی زیاد وەستان لەسەر قاچەکان لە ئەنجامی کەمتر گەیشتنی خوێن بە شانەکانی مێشك لەبەر کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش، ئاوسانی گۆزرینگ و پەنجەکانی پێ، دڵەکوتێ یان زیادبوونی ژمارەی لێدانەکانی دڵ، دابەزینی پەستانی خوێن، شێوان و کەمبوونەوەی توانای تەرکیز یان سەرنج، هەروەها گەرمابردن Heat-stroke کە پاش بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش بۆ ٤٠ پلەی سێلسیەس یان زیاتر ڕوو دەدات و حاڵەتێکی سەخت و مەترسیدارە، کە پێویستی بە چارەسەری کتوپڕ هەیە، نیشانەکانی بریتین لە شێوان، زیادبوونی لێدانەکانی دڵ، هێڵنج، سەرئێشە، گەرمبوون و وشکبوونی پێست، لەوانەشە ببێتە هۆی پەرکەم و لەهۆشچبوون واتە ژیان بخاتە مەترسیی مردنەوە.






## وەرگێڕێک بۆ زۆرب

لە سەردەمی تەکنەلۆژیای دیجیتالی نوێدا، ئەو پەندە باوی نەماوە کە چەندە زمان بزانی ئەوەندە مرۆڤەی، دەتوانی بە هەلگرتنی ئامێرێکی وەرگێر کە لە مۆبایلێك بچووکترە هەموو ئەرك و کارەکانت لە هەر وڵاتێك کە مەبەستە ڕاپەڕێنی بێ ئەوەی زمانی ئەو وڵاتە بزانی.

وەرگێڕی جۆری Vasco Translator M3 یەکێکە لەو وەرگێڕە دیجیتالیانە، لە یەك کاتدا بە ٧٦ زمان وەرگێڕان دەکات، هەم وەرگێڕانی دەق و هەم وەرگێڕانی دەنگ. لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند

## ئینتەرنێتی مانگی دەستکرد لەسەر مۆبایلی ئاسایی

ئیلۆن ماسك وەك دەستپێشخەرییەك لە هەوڵدایە، جیهانی ئینتەرنێت و گواستنەوەی ئینتەرنێت بگۆڕێ، ئینتەرنێت کە هەتا ئێستا بەهۆی کێبڵ و لە ڕێگەی تاوەرە مەزنەکانەوە دەگواسترێتەوە، ئەمجارە بەهۆی مانگی دەستکردەوە لە ئاسمانەوە شەپۆلی گواستنەوەی ئینتەرنێت بەرێ بکا. بەڵام کێشەیەك هەیە ئەویش دەبێت وەك کەناڵی تەلەفزیۆنی لەسەر زەوی ئامێری تایبەت و سینی تایبەتی بۆ دابندرێ. کۆمپانیای AST Space Mobile ئەو بەربەستەی شکاندووە و توانیویەتی بەهۆی مانگی دەستکردی BlueWalker 3 بەبێ هیچ ئامێرێك تۆڕی ئینتەرنێت بۆ مۆبایلێکی زیرەك لە جۆری Samsung Galaxy S22 بگوازێتەوە، ئەمە هەنگاوێکی زۆر گرنگە لە گواستنەوەی ئینتەرنێتدا و لە ڕاستیدا گەورەترین گۆڕانکارییە. بەهۆیەوە نەسنوور دەمێنێت و نە بەربەستی فیلتەر و سانسۆر کە زۆر وڵات دایدەنێن.

## ژیریی دەستکرد شوێن

ترس لەوەی کە زیرەکیی دەستکرد شوێنی مرۆڤ بگرێتەوە، لە بنەڕەتدا ترسێکی زۆر بەجێ نییە! سەردەمێك پسپۆڕان و زانایانی بواری بیرکاری نیگەران بوون لەوەی بەداهێنانی ئامێری ژمێریاری (حاسبە) پیشەکەیان لەدەست دەدەن، یان شارەزایانی بواری کشتوکاڵی پێیانوابوو بە داهێنانی تراکتەر و ئامێرەکانی کشتوکاڵی پیشەکەیان نامێنێ! بەڵام هەر ئەو ئامێرانە بوونە یاریدەدەر وهاوکاری خاوەن پیشەکان.



## خزمەتگوزارییەکی گوگڵ بۆ ناسی

لەو کاتەوە زیرەکیی دەستکرد، بە کردەوە کەوتۆتە بەردەستی هەموو کەس، پێویستی بە شارەزاییەکی ئەوتۆ و نیە و گشت کەس دەتوانی سوودی لێوەربگری. لە کاتێکی ئاوادا مەودای نێوان وێنەی ڕاستی و ئەو وێنانەی کە بە ژیری دەستکرد دەکێشرێنەوە، زۆر کەمتر بووە. تەنانەت وای لێهاتووە شارەزایانی ئەو بوارەش بە دژواری بۆیان لێکدەکرێتەوە. لەو کاتەدا گوگڵ خزمەتگوزارییەکی نوێی داهێناوە بەناوی about this image کە زانیارییەکی زۆر بەنرخ لە بواری مێژوو، جۆری سوود وەرگرتن و کۆمێنتی کەسانی دیکە لەسەر وێنەکە، لایەنە جێی ڕەخنەکانی وێنەکە دەردەخات و لە هەمووی گرنگتر ئەو زانیارییە دەبەخشێت کە وێنەکە بە ژیری دەستکرد



## ـــــــــــەی زمانەکان

دەدرێ و پێویستی بەوە نییە لە هەر وڵاتێك سیمکارتی تایبەت بەو وڵاتە بەکاربێنی، بەڵکو لە ٢٠٠ وڵاتدا کێشەی نییە، لە وڵاتانی دیکەشدا سیمکارتی دیکەی دەخرێتە سەر. بۆ وەرگێڕان هیچ تێچوویەکی ناوێت و بۆ هەمیشەییە. هەموو وشەیەك بە باشی تێدەگا تەنانەت ئەگەر لە شوێنی قەرەباڵغیش بێت. لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و ئەگەر دوو کەس لە پەیوەندیی تەلەفۆنیدا لە زمانی یەکیش نەگەن ئەو ئامێرە کاری وەرگێڕانیان بۆ دەکا. شاشەیەکی ٢ ئینجی هەیە لە شاشەکەدا دەقی وەرگێڕانەکان دەبینی.

## ـــــــــــی مرۆڤ ناگرێتەوە

بەدوای بەرهەم هاتنی ژیری دەستکرددا ئەو نیگەرانییەش هاتۆتە پێش! بەڵام لە ڕاستیدا لەبەر ئەم چەند هۆکارە هەرگیز ژیری دەستکرد ناتوانێ شوێنی مرۆڤ بگرێتەوە. ڕاستە زەینی دەستکرد دەتوانێ، وەڵام بداتەوە، کاری شێوەکاری بکات و مۆسیقا لێبدات. بەڵام ناتوانێت لە هیچ لەم بوارانەدا داهێنەر بێ. لەو پیشانەی کە پێویستیان بە هەست و سۆزە، ناتوانی هاوکار بێ، چونکە هەستی نییە. لە دادگاکان و ئەرکی دادوەریدا کە پێویستی بە ژیری و بیرکردنەوەیە ناتوانێ هیچ ڕۆڵێك ببینێ. لە بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ناتوانێ شوێنی مرۆڤ بگرێتەوە و لە زۆر بواری دیکەش هەروایە.



## ـــــــــــنی وێنەی ڕاستی

کێشراوەتەوە یا ڕاستییە.

خزمەتگوزارییەکی دیکەی گوگڵ هەر لەم بووارەدا fact check explorer، کە تایبەتە بە ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنکاران، بەهۆی ئەوەوە هاوکاری ڕاگەیاندنکاران دەکات لە دۆزینەوەی وێنەی تایبەت بە ڕێکخراوە سەربەخۆکان لە هەموو دونیادا وێنەی شوێنەکە لە درێژایی مێژوودا ڕوون دەکاتەوە.

# کامێرای دیجیتالی لەبەرگی ئەنالۆگدا



ئەگەر ئاوڕێك بۆ ساڵانی حەفتاكان و هەتا هەشتاكان لە هەرێمی كوردستان و ناوچەكە بدەینەوە، ئەوكات دەماندیت كامێرای پۆلارۆید گەلێك باو بوون. ئەو كامێرایانەی هەر دەستبەجێ بەبێ ئەوەی فیلمەكە بۆ تاقیگە بنێرن، وێنەكەیان دەردەخست.

دواتر ئەو جۆرە كامێرایە بۆ هەمیشە بوونە ئەرشیفی مێژوو. بەڵام لەم ساڵدا جارێكی دیكە كامێرای پۆلارۆید لە بەرگی دیجیتالیدا گەڕایەوە.

كامێرای جۆری Polaroid I-2 خاوەنی ئاوێنەی ٩٨ ملمیە و شەش جۆری وێنەگرتنی هەیە. خۆی دیمەنەكان دەبینێ و وەك كامێرای دیجیتالی شاشەیەكی لە پشتەوە هەیە و وێنەكە دەخاتە ناوچوارچێوەیەك و ئەوكات وێنە دەگری. جیاوازی لەگەڵ كامێراكانی پێشوودا ئەوەیە دەكرێت دوای ئەوەی وێنەكەت گرت، ئەگەر بەدڵت بوو دەست بە دوگمەیەك دابنێی و تا وێنەكە بخاتە سەر كاغەزی تایبەت بە وێنە. كامێراكە جگە لە وێنە فیلمیش دەگرێت. كامێراكە لە پۆڵای دژە ژەنگ دروستكراوە و تێك ناچێت. ئاپێكی تایبەتی هەیە بۆ كۆنترۆڵ كردنی كامێراكە و هەروەها خۆكاریش وێنەدەگرێت. كامێراكە لە ڕێگای بلوتوسەوە بە مۆبایل پەیوەند دەدرێت.



# یاریكردن لە جیهانی واقیعی مەجازیدا

سەردەم بەرەو كوێ هەنگاو دەنێ، ئایا جیهانی مەجازی و ڕاستی ئاوێتەی یەك دەبن؟ هەر لە ئێستاوە ئاماژەكان دیاران بەو ئاراستەیە هەنگاو دەنێن. ئامێری Tilt Five نموونەیەك لەو ئامێرانەیە. شاشەیەكی ٨٠ بە ٨٠ سانت، لەگەڵ چاویلكەی بەپێی كەسەكان و ئامێری كۆنترۆڵی یاری، ئەوانە پێكەوە یارییەكی ئەلكترۆنی لە جیهانی مەجازیدا بەڵام بەشێوەی واقیعی پێكدێنن. شالاشەیەك و هیچی دیكە كاتێك چاویلكەكان لە چاو دەكەی شاشەكە بەشێوەی هۆلۆگرام و سێ ڕەهەندی دەبینی و یارییەكان وەك ئەوە وابن بەكارهێنەر لە نێو ڕیزی یارییەكەدابێ. یارییەكانی وەك شەترەنج، یاری كارتەكان و یارییە ستراتیژییەكان وەك شەڕ و دروستكردنی بینا بەم ئامێرە دەكرێت. ئەو شاشەیە لەكاتی یاریكردندا دەبێتە شارێكی گەورە تەنانەت كۆڵان و شەقامەكانیشی دیارن. یا دەبێتە دارستانێك بە هەموو داروبار و گیاندارەكانییەوە. كێشی چاویلكەكان زۆر كەمە تەنیا ٩٥ گرامە. دەسكی گەمەكان لەو كێشەش كەمترە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێك

**بەڕێزێك دەپرسێت بۆ لە فەیسبووك ناتوانم داواكاری هاوڕێیەتی وەربگرم یا بە هاوڕێیەتی وەرمبگرن؟**

بەڕێزم هۆكاری ئەوەی كەسێك ناتوانێت بە هاوڕێت وەربگرێت لە كاتێكدا داواشت لێكردووە. چەند هۆكارێك هەن، یا كەسەكە زیاتر لە پێنج هەزار هاوڕێی هەیە، چونكە لە پێنج هەزار زیاتر سنووردارکراوە. یا ئەوەی كە پێشووتر ئەو هاوڕێیەت بلۆك كردووە، لە كاتی وادا دەبێ سەرەتا بە پەیامێك داوای لێبكەی ئەو داوای هاوڕێیەتیت لێبكا. بۆ ئەوەی كە ناتوانیت كەسانێك داوای هاوڕێیەتیت لێدەكەن بەڵام ناتوانی وەریانبگری، ڕەنگە هەمان هۆكار هەبن كە ئاماژەمان پێدان. بۆ چارەسەری ئەم كێشەیە دەبێ هەمیشە لە ڕێگای پەیامەوە یەكتر ئاگادار بكەنەوە بزانن كێشەكە لە كوێ دایە.

# کیبۆردێکی ناوازە و ئەرگۆنۆمیک



وشەی ئەرگۆنۆمیك (Ergonomic) بەو واتایە دێت کە کاتێك مرۆڤێك ئامێرێك بەکاردێنێ ئەو ئامێرە لە درێژ ماوەدا نابێتە هۆی کێشەیەکی جەستەیی بۆ بەکارهێنەرەکەی.

کیبۆردی CLEAVE لە دیزاین و لە کارکردنا تەواو ناوازەیە، ئەرگۆنۆمیکە. هیچ وەك ئەو کیبۆردە کلاسیکیانە ناچێت بە زۆری بەکاردەهێنرێن. کیبۆردەکە لەناوەندەوە بۆتە دوو بەشی لێکجیا، بەکارهێنەر دەزانێت چۆن پەنجەکانی دابنێت و هەرکام لە پەنجەکان بۆ بەشێك دیاری کراون. لە کیبۆردی کلاسیکدا دوگمەی فەرمانەکان وەك دوگمەی (شیفت، کۆنترۆڵ، ئالت) ئەوانە تایبەت بوون بە پەنجەی بچووك ئەوەی لە فۆلکلۆری کوردیدا پێی دەگوترێت (تووتە). بەڵام لەم کیبۆردەدا دەکرێت بە پەنجەکانی دیکەش ئەم دوگمانە دابگری. دوگمەکانی (کۆپی، کەرت کردن، لکاندن، گەڕانەوە) بە جیان و لە دوو دوگمەی وەك: ctrl C + یا ctrl + X پێك نەهاتوون.

یەکەم کیبۆردە دوگمەی سەرووی تیشکی سووریان بۆ داندراوە. خوارەوەی کیبۆردەکە دوشکچەیەکی نەرمە کە بتوانێت مەچەکی دەست لەسەری ئارام بگرێت. لەگەڵ ئەوەیدا کیبۆردەکە بچووکترە لە کیبۆردێکی کلاسیکی و هەروەها دوگمەکانی هەتا سەد ملیۆن داگرتن کێشەیان بۆ نایەتە پێش. لە ژێر دوگمەکان گلۆپی ڕووناکی ڕەنگاو ڕەنگە هەیە دەتوانرێ ١٥ ئێفێکتی بۆ دابندرێ.



## ماڵپەڕێکی ژیری دەستکرد بۆ دۆزینەوەی شوێنی وێنە

ژیریی دەستکرد، بەرە بەرە ژیری مرۆیی دەخاتە ژێر پرسیارەوە و سەرکەوتنەکانی و دەستکەوتەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبن. گەلێك جاران حەز دەکەی ئەو وێنەیە لە کوێ گیراوە واتە شوێنی جوگرافی وێنەکە بزانی. ماڵپەڕێکی ژیری دەستکرد بۆ ئەم مەبەستە داندراوە.. ماڵپەڕی geospy.ai کاتێك دەیکەیەوە شوێنی بۆکسێك دیاریکراوەو لەوێدا ئەوی وێنەی مەبەستە دایدەبەزێینە سەر بۆکسەکە و لە ماوەی چەند چرکەیەکدا شوێنی جوگرافی وێنەکەت و مەودای دووری تۆ لە شوێنی وینەکە نیشان دەدا. دیارە من کە تاقیم کردەوە ئەو وێنانەی تایبەتن بە کوردستان هەڵەی لە دیاریکردنی شوێنی جوگرافی هەڵەی تێدا هەیە، بەڵام وێنەیەك کە لە وڵاتێکی گیراوە بە وردی دەستنیشانی دەکات لە کوێ گیراوە.

# پرۆگرامێکی تایبەت بە وێنە سوود لە ژیریی دەستکرد وەردەگرێ

ژیریی دەستکرد زۆربەی پرۆگرام و ئاپەکانی مۆبایل و کۆمپیوتەری هێناوەتە ژێر رکێفی خۆی، لە پرۆگرامی ژمێریاری و ئەندازیاریەوە بگرە تا دەگاتە پرۆگرامی تایبەت بە دەق و پرۆگرام نووسی و گرافیکیەوە.

یەکێك لەو پرۆگرامانەی سوود لە ژیریی دەستکرد وەردەگرێ، پرۆگرامی Photoleap کە لەلایەن شارەزایانی پرۆگرامنووسی Lightricks بەرهەم هاتووە، بە جۆرێك گۆڕانکارییەکی زۆر جیدی لە وێنەدا پێکدێنێ و هاوشێوەی فتۆشۆپە، بەڵام ئاسانکاری زیاتری تێدایە. پرۆگرامەکە هەموو بوارێکی وێنە دەگرێتەوە وەك: سڕینەوەو گۆڕینی پاشخانی وێنە، سڕینەوەی شتی زیادە لە وێنەیەکدا، فیتلەر و ئێفێکتی جۆراوجۆر. تایبەتمەندییەکی بەرچاوی پرۆگرامەکە سوود لە ژیریی دەستکرد وەردەگرێت و بەبێ هیچ ماندووبوون و هەوڵدانێك لە کەمترین ماوەدا بەکارهێنەر تەنانەت بەبێ شارەزاییەکی ئەوتۆش دەتوانێت ئەوەی مەبەستیەتی پێیبگات.









# تێکەڵەیەکی سرووشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشە جۆراوجۆرەکانی قژ

ئایا دەزانی بۆ چارەسەری زۆرێك لە کێشەکانی قژ دەتوانیت تێکەڵە سرووشتییەکان بەکاربهێنیت، بۆ سنووردارکردنی ئەو کێشانەی کە دەبنە هۆی زیانگەیاندن.

لێرەدا هەندێك چارەسەر دەخەینە ڕوو، وەك:

تێکەڵەی ئەڤۆگادۆ و زەیتی زەیتون: ئەڤۆگادۆیەکی پێگەیشتوو ورد بکە و لەگەڵ کەوچکێکی چێشت زەیتی زەیتون تێکەڵی بکە، بۆ ئەوەی تێکەڵەیەکی یەکسان بەدەست بهێنیت، تێکەڵەکە بدە لە قژی پاك و شێدار، بۆ ماوەی ٣٠-٤٥ خولەك بەجێی بهێڵە، پاشان بە شامپۆ و ئاو بە باشی بیشۆ.

تێکەڵەی ئەلۆڤێرا و زەیتی ئەرگان بۆ قژ: ئالۆڤێرا یارمەتی شێدارکردنی قژ دەدات و پێستی سەر ئارام دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا زەیتی ئەرگان شێداری زیاد دەکات و تەندروستیی قژ بەرەوپێش دەبات.

شێوازی ئامادەکردن و بەکارهێنانی: بڕێکی یەکسان لە جێڵی ئالۆڤێرا و زەیتی ئەرگان تێکەڵ بکە، بۆ بەدەستهێنانی یەکگرتووییەکی نەرم و هاوشێوەی سیرۆم، بڕێکی کەم لە سیرۆم بدە لە قژی شێدار و خاوێن، سەرنجت لەسەر کۆتاییەکانی بێت.

شەوێك بەجێی بهێڵە، پاشان ڕۆژی دواتر تەنیا بە ئاو بیشۆ، بەم جۆرە دەبینیت دە لە زۆربەی کێشەکانی قژ ڕزگارت دەبێت.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**



# ئامۆژگاری بۆ لابردنی بۆنی ناخۆشی جلوبەرگ دوای شۆردن



هەرچەندە پێش شۆردنی جلوبەرگ پێویستە دڵنیا بیت لەوەی کە ئامێری جلشۆردنەکەت پاك و خاوێنە، بەڵام ئەگەر هەستت کرد دوای شۆردن، جلەکانت بۆنێکی ناخۆشی لێ دێت، دەتوانیت ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بەکار بهێنیت:

ئەگەر جلە پیسەکانت لە ناو سەبەتەیەکی داخراودا بەجێ بهێڵیت، بەبێ ئەوەی هەوا بەناویدا تێپەڕێت، بەکتریا خێراتر لەسەریان گەشە دەکات و بۆنێکی ناخۆشی لێ دەکەوێتەوە، کە لابردنی ئەستەمە.

هەر پارچە جلێك لە ناوەوە بۆ دەرەوە بگۆڕە پێش ئەوەی لەناو ئامێری جلشۆردا بیشۆیت.

ئامێری جلشۆرەکەت بپشکنە و بزانە پاککەرەوەی تێدا کۆبووەتەوە؟، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی بۆنێکی ناخۆش، لەم چوارچێوەیەدا دەتوانیت پاککەرەوە کەم بکەیتەوە بە بەکارهێنانی ئامێری جلشۆر بە بەتاڵی، جگە لەوەش باشترە دەرگای ئامێری جلشۆر لەکاتی بەکارنەهێنانیدا بە کراوەیی بهێڵدرێتەوە.

ئامێری جلشۆردن پڕ مەکە لە جلوبەرگ، ئەگەرنا ئەو مادانەی کە دەبنە هۆی بۆنی نەخوازراو بە باشی ناشۆرێن و پاك نابنەوە.



# کاتژمێری خانمان بە دەستبەندێکی چەرمی سپی دیزاینێکی ناوازە





کاتژمێری خانمان بە دەستبەندە چەرمە سپییەکان جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە بۆ جیهانی مۆدە.

کاتژمێری ئەڤینۆ کلاسیك: کاتژمێری گرافیتیی ئەڤینۆ کلاسیك لە مارکەی هاری وینستنەوە (Harry Winston)، کە لە زێڕی سپیی عیار ١٨ دروست کراوە، لە بۆکسێکی چوارگۆشەدا کە وردە ئەڵماسی سپیی درەوشاوەی لەسەرە.

ئەم کاتژمێرە کە لە مروارییی سپی و شین و زێڕی سپی دیزاین کراوە، لەگەڵ ملوانکەیەکدا کە لە چەرمی سپیی ماسی دروست کرابوە، جوانییەکی سەرنجڕاکێش دەبەخشیت.

کاتژمێری چارمز کلۆڤەر لە کۆمپانیای ڤان کلیف و ئارپێڵز: کاتێك زێڕی سپی لەگەڵ ملوانکەیەکی چەرمیی سپی تێکەڵ دەبێت، دیمەنێکی نەرم و لوکس بەدەست دەهێنێت، بەتایبەتی ئەگەر کاتژمێرەکە بە ئەڵماسی بریقەدار نەخشێندرابێت، کە بە بۆکسێکی زێڕی سپی عیارە ١٨ و چوارچێوەیەکی زێڕی سپی کە بە ڕۆدیۆم داپۆشراوە و ئەڵماسی لەسەرە، هەروەها ئەڵقەیەکی جیاوازی زێڕی سپی (ڤان کلیف)ی عەیار ١٨ـە و ڕۆدیۆم و ئەڵماسی پۆشراوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ملوانکەیەکی سپیدا تێکەڵ ببێت، کە لە پێستی تیمساح دروست کراوە.





## ڕەنگی سپیی جلی بووك

ئەگەر ئەمڕۆ لە ئاهەنگەکانی هاوسەرگیریدا جلی بووکێنیی سپی لەبەر بکرێت، ئەوا لە مۆدەی شاژنی بەریتانیا ڤیکتۆریایە کە ناساندویەتی. تا سەردەمی پێش شاژنە ڤیکتۆریا بووکەکان دەیانتوانی جلی بووکێنی بە هەر ڕەنگێك کە بیانەوێت لەبەر بکەن. لە ڕاستیدا ڕەنگە دڵخوازەکان سوورن کە هێمای بەخێوکردن و زۆرییە، شین ڕەنگی مەریەمی پاکیزە بوو، ڕەش باوترین ڕەنگ بوو کە بێ هاوژینەکان دەیانپۆشی، دوای ئەوەی شاژنە ڤیکتۆریا جلی بوکێنیی سپیی هەڵبژارد بۆ ڕۆژی هاوسەرگیرییەکەی، ڕەنگی سپی بووە جێی بایەخ و تا ئەمڕۆش وەك مۆدێل ماوەتەوە، شاژنە ڤیکتۆریا بە یەکێك لەو ژنانە دادەنرێت کە ڕێڕەوی ژیانیان گۆڕی!

## یاسا



### ژمارە و پیتی سەر تابلۆی ئۆتۆمبێل

ئایا بەکارهێنانی پیت و ژمارەی ئینگلیزی لە تابلۆی ئۆتۆمبێلدا پاڵپشتی یاسایی هەیە، بەگوێرەی دەستووری عێراق هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فەرمین لە تەواوی عێراقدا، هەروەك لە مادە (٤) برگەی یەکەمدا هاتووە (زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین بۆ عێراق)، هەروەها لە برگەی دووەمی هەمان ماددەدا هاتووە، مەودای دەستەواژەی زمانی فەرمی و چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم مادەیە، بە یاسایەك دیاری دەکرێت کە ئەمانە لە خۆی دەگرێت: لە خاڵی (ج)ـدا هاتووە (دداننان بە بەڵگەنامە فەرمییەکان و نامەنووسی بە هەردوو زمان و دەرکردنی بەڵگەنامەی فەرمی بە هەردووکیان). بێگومان تابلۆی ئۆتۆمبێلیش دەچێتە چوارچێوەی بەڵگەنامە فەرمییەکان (الوثائق الرسمية)، عێراق بەشداری کردووە لە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە هاتووچۆ و یاسایشی بۆ دەرکردووە بە ژمارە (٣٠)ی ساڵی (٢٠١٥) لەژێر ناوی (یاسای بەشداریکردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ڕێککەوتننامەی نێو دەوڵەتی بۆ هاتووچۆ لەسەر ڕێگە گشتییەکان بۆ ساڵی (١٩٦٨) و ڕێککەوتنی ئەورووپیی تەواوکەر بۆ ساڵی ٢٠٠٦.

## کاریکاتێر



ئەم کاریکاتێرە باس لەوانە دەکات کە دەیانەوێت بە لاساییکردنەوەی کەسانی دیکە بگەنە ئامانجەکانیان، کەچی ڕێگەیەکی هەڵەیان گرتووە.



## دیمەنە سەیرەکان

**کوندەپەپووی شاراوە**

وێنەیەکی سەرسوڕهێنەرە لەلایەن فۆتۆگرافەر ئالان مۆرفی Alan Murphy چرکێندراوە، دەتوانین بەڕوونی یەکێك لەبەڵگەکانی ئیفڵوشنی ناو سرووشت ببینین، کە بریتییە لە خۆشاردنەوەی سرووشت.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

زۆر خۆت ناچار مەکە لە نزیکی ئەو کەسانەدا بمێنیتەوە کە هەست بە ئاسوودەیی ناکەیت لەگەڵیاندا، ئەوە کارە بکە کە ئاسوودەت دەکات، لە لایەنی سۆزدارییەوە ئەگەر کێشە خێزانییەکانت چارەسەر نەکەیت کاریگەرسی لەسەر پەیوەندیی تۆ و خۆشەویستەکەت دروست دەکات.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

وریای ئەو شتانە بە کە دەتەوێت و ئارەزووی بەدەستهێنانیان دەکەیت، هەروەها ژیرانە ڕەفتار بکە و وشەکانت بەکار بهێنە، لە ئێستادا هەمووان لە پشتت نین، ئەو ڕێگەیەی لەبەردەمتدایە دەبێت خۆت بە تەنیا بیبڕیت، لە نیگەرانی دوور بکەوەرەوە و سەرنجت لەسەر کارە گرنگەکانت بێت.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

وریای ئەو شتانە بە کە دەتەوێت و ئارەزووی بەدەستهێنانیان دەکەیت، هەروەها ژیرانە ڕەفتار بکە و وشەکانت بەکار بهێنە، لە ئێستادا هەمووان لە پشتت نین، ئەو ڕێگەیەی لەبەردەمتدایە دەبێت خۆت بە تەنیا بیبڕیت، لە نیگەرانی دوور بکەوەرەوە و سەرنجت لەسەر کارە گرنگەکانت بێت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

کارەکەت ئەگەر جێگیرە مەیگۆڕە بە کارێك کە شایەنی تۆ نییە و بۆت گونجاو نییە، بەم زووانە کارێکی جێگیر دەدۆزیتەوە، لەلایەن کەسە گەورەکانی خێزانەکەتەوە تووشی نیگەرانی دەبیت و ڕەفتارەکانیان بە خواستی تۆ نییە.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەسەر بچوکترین بابەتەکان کێشە دروست مەکە، دوور بکەوەرەوە لە خۆپەرستی، ڕەنگە لە ئێستادا سەکەوتوو بیت، بەڵام ئەگەر لەسەر ڕەفتارە نەرێنییەکانت بەردەوام بیت، شکست دەهێنیت، گەشتێکی بچوك یارمەتیدەرە بۆ ئارامبوونەوەی دەروونت.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە لایەنی داراییەوە بە یەکسانی مامەڵە بکە و زیادەڕەوی مەکە لە خەرجییەکانت، کاتێکی گونجاو نییە بۆ دواخستنی کارەکانت و، تەواوی ئەرکەکانت لە کاتی گونجاوی خۆیدا بە ئەنجام بگەیەنە.

بۆ زانیاریت

# کۆنترین شوێنی ناشتن





زانایان لە ئەفریقای باشوور دەڵێن کۆنترین شوێنی ناشتنی تەرمی مرۆڤیان دۆزیوەتەوە لە جیهاندا، کە پاشماوەی جۆرێکی مێشک بچووکە، دوور لە جۆری مرۆڤی ئێستایە کە پێشتر پێیان وابوو ئەم جۆرە ناتوانێت هەڵسوکەوتێکی وا ئاڵۆز بکات. پێشتر لێکۆڵەران بە ڕێبەرایەتی لی بێرگەر (Lee Berger)لە ساڵی ٢٠٢٣ دا ئەوەیان ڕاگەیاند کە چەند نموونەیەکی هۆمۆ نالیدییان دۆزیبووەوە کە سەردەکەوێت بە درەختەکاندا، لە چاخی بەردین Stone age homonid مرۆڤی سەرەتایی، نزیکەی ٣٠ مەتر (١٠٠ پێ) لەژێر زەوی لە ناو ئەشکەوتێکدا لەناو لانکەی مرۆڤایەتیدا نێژراون، کە شوێنێکی کەلەپووری جیهانی یونسکۆیە لە نزیك جۆهانسبۆرگ، پێشتر زاناکان لە زنجیرەیەك توێژینەوەدا لە eLife بڵاویان کردەوە کە ئەم بەڵگانە کۆنترین بەخاکسپاردنن کە تا ئێستا لە تۆماری مرۆڤایەتیدا تۆمار کراون، زۆر زووتر لە بەڵگەی ناشتنی هۆمۆ ساپیینەکان (مرۆڤی ژیر)، دەگەڕێتەوە بۆ سەد هەزار ساڵ لەمەوبەر، ئەم دۆزینەوانە بەرەنگاری تێگەیشتنی ئێستای پەرەسەندنی مرۆڤ دەبنەوە، چونکە بە شێوەیەکی ئاسایی پێمان وا بووە کە گەشەی مێشکە گەورەکان ڕێگە بە ئەنجامدانی چالاکییە ئاڵۆز و مانا دروستکەرەکان دەدات وەك ناشتنی مردووەکان، بەڵام مرۆڤی جۆری هۆمۆ نالیدی homonaledi، بە مێشکێکی قەبارە بچوکەوە مردووەکانیان ناشتووە.

## فیلم

## ڕەنگی ئەهریمەنی سوور: Colors of Evil: Red




فیلمێکی تاوانکاری و ترسناکە، باس لە کچێك دەکات کە لە کەنار دەریاییەك لاشەی دەدۆزرێتەوە، دواتر تیمەکانی دۆزینەوەی تاوان بە هاوکاری دایکی کچە کوژراوەکە هەڵدەستن بە دۆزینەوە تاوانباران، تووشی چەندین دیمەن و ڕووداری ترسناك دەبنەوە، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و شەش خولەکە، لە دەرهێنانی ئەدریان پانیك، نووسینی تۆماز ئوگوستنیك، فیلمەکە بە زمانی پۆڵەندییە و لە وڵاتی پۆڵەندا وێنەی گیراوە، لە نواندنی: زوفیا جەستازیسشکا، جەیکوب گیراسزال، ماجا ئۆستازویسکا.



## پەند و وتە

بلەیز پاسکال، ماتماتیکزانی فەڕەنسی و فیزیاناس و فەیلەسووف، لە ساڵی ١٦٢٣ لە شاری کلێماونت لە فەڕەنسا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٦٦٢ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ئازارەکان دەڵێ: «بۆ ئەوەی هەست و سۆزمان ئازارمان نەدەن، دەتوانین وا بیر بکەینەوە کە تەنیا هەشت کاتژمێر لە ژیانماندا ماوە بۆ ئەوەی بژین، بەم چەشنە خۆت بە دوور بگرە لە ئازاری هەستەکانت و، بیر لە ژیان بکەوە.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو دیمەن دەبینرێن، یەکێکیان کەلە سەرێکە و ئەوەی دیکەش دوو خانمن، هەوڵ بدە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا هەردوو دیمەنەکە بدۆزیتەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەمڕۆ توانا و هێزی تۆ دەردەکەوێت بەرامبەر بە کارەکەت و سەرکەتوو دەبیت، باشترە بە شێوەیەکی ئیجابی بیر بکەیتەوە بۆ چارەسەری کێشەکانت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، کەمێك پشوو بدە بۆ ئەوەی تەندروستیت تێك نەچێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

گرنگی بە تەندروستیت بدە، لە زۆر خۆری دوور بکەوەرەوە، ڕۆژانە بڕێکی زۆر ئاو بخۆرەوە، هەروەها هەندێك کات تەرخان بکە بۆ ئەوەی مێشك و دەروونت ئارام بکەیتەوە، لە لایەنی پیشەییەوە پێویست ناکات خۆت نیگەران بکەیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە لایەنی داراییەوە دوو جار بیر بکەرەوە پێش ئەوەی هەر بڕیارێك بدەیت، هەڵبژاردن لە ئێستادا ئاسان نابێت بۆ تۆ، ناتوانیت خۆت لەسەر بابەتەکان یەکلایی بکەیتەوە، لە لایەنی پیشەییەوە پێویستت بە ڕێکخستنەوەی خۆت هەیە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەمڕۆ دڵخۆش دەبیت چێژ لە ڕۆژەکەت ببینە، هێندە بەردەوام مەبە لەسەر بیرکردنەوەی نەرێنی، ڕەنگە ژیان بەو ئاراستەیە نەڕوات کە دەتەوێت، بەڵام هەمیشە جێگەیەکی گونجاو بۆ تۆ هەیە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

مانەوە و درووستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی نەرێنی هەمان کاریگەرییش لەسەر تۆ دروست دەکات، بزانە لە نزیکی کێ دەمێنیتەوە، لە لایەنی سۆزدارییەوە بەڵێن مەدە، لەبەر ئەوەی ناتوانیت پێوەی پابەند بیت، ئەمەش وا دەکات متمانەی خۆشەویستەکەت لەدەست بدەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لە لایەنی پیشەییەوە کاتی ئەوەیە هەنگاو بنێیت بۆ ئەوەی پلەی بەرز بەدەست بهێنیت، ئەگەر چەند ڕەفتارێکی خراپت هەیە و دەتەوێت وازیان لێ بهێنیت، ئەمڕۆ کاتێکی زۆر گونجاوە، لەبەر ڕازیکردنی کەسانی چواردەورت بڕیارەکانت مەگۆڕە.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت



- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و رێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی ـــ٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.

**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

www.gulanmedia.com

**Contact with us :**


07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq




Gulan Weekly
July 1, 2024 Issue,No.1419

